
واهاتن شەهیدەکان بە بەرگی سووری خوێنینەوە
دایکی وەتەن





# کەژاوەی خۆر
## لە باشماغەوە تا بارزان

**چەپکێک وشە مرواری هونەرمەندێک بۆ ساڵیادی کۆچی دوایی بارزانیی نەمر**

■ **ئەحمەد سالار** (تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە)





**بەبۆنەی سی وپێنجەمینساڵیادی کۆچی دوایی بارزانیی نەمرەوە، مامۆستا ئەحمەد سالار هونەرمەندی گەورەی گەلەکەمان جارێکی دیکە دیمەنی ئەو رۆژەمان فیلم ئاسا دووبارە پیشاندەداتەوە کە لە ١٩٩٣/١٠/٦ دوای تێپەڕبوونی ١٤ ساڵ بەسەر کۆچی دوایی بارزانیی نەمر و ٦ ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ئیدریسی هەمیشە زیندوو کە لەکۆماری ئیسلامیەوە هاتنەوە بۆ باشماغی سەر سنووری نێوان کوردستان و ئێران ، مامۆستا سالار وەک دەرهێنەرێکی سینەمایی ئەو دیمەنانەی لەو رۆژەدا خۆڕسکانە خەڵکی کوردستان لە پێشوازی تەرمی نەمراندا نمایشیان کردووە ، دووبارە کردوویەتەوە کۆمەڵێک مرواری وشە و پێشکەشی ئەم یادە مەزنەی کردووە ، لای مامۆستا سالار ئەم کەرنەڤاڵە جەماوەرییە ئەمەکداری نەتەوەیەکە بۆ نیو سەدە خەبات و بەمجۆرە وەسفی کردووە:(ئەو حەشاماتەی سەرێکی لەسەر سنوورەو ئەو سەریشی لێوی لە دامێنی چیای شیرین دەسوێ و عەزرەتخوازانە ماچ پرژێنی شوێن هەنگاوی یاران دەکات، ئەو خەڵکەی هەر دەتگوت کە لە نێوان پەراسووەکانی خاکەوە هەڵتۆقیون، پەنا بەخوا بە درێژایی ئەو هەموو رێیە نێرگزەجاڕێکیان خوڵقاندووە، بۆو بەرامەی مەلانی ئاسمانی لە حەیرانیدا بە چەتری سەری کەژاوە کردووە، چلۆن باخ و گولعوزارێکە، ئەو ئەڤینە پاکژەی نە پەیکوڵ و نە چقڵ و دڕک، هەر هەمووی جگە لە سۆزی ئەمەکداری و خۆ لە دەورگەڕانی باوە گەورەی کوردو کاکە ئیدریسی شاسواری شۆڕش و ئاشتییە).**

ئەوا بەیانەو هەتا دیدەکانی گزنگی خۆر بەسەر خاکەکەماندا دەڕواو بڕ دەکات، بۆی هەناسەیەکی مێخەك بۆی کەسێکە، ئەوە بۆتە سورمە کلی چاو کەژاڵ نوێنی گشت بینایییەکان لە نوور بەخشی چاوێکەوەیە، لە هەموو ئەو چاوانەدا حەرفێ دەدواو دەخوێندرایەوە.

چاوەڕوانییەو چاوەڕوانی کێ دەکەن؟ بڵێم تەرم ؟ نا، نا، نا... پتر لە نیو سەدە شۆڕش و گیانبازیی و هەڵکشان و بەرەنگاربوونەوە و کۆڵنەدان و هەستانەوە و سەر لە نوێ پشت بە خواو چیا و چەك و کوردایەتی و لە تەك هەر چرکاندنی تفەنگێکا هەزارەها لە دایکبوون و گەنجبوونەوەو بڕواداری،.. ئایە ، ئایە شۆڕشەکان و هەزارەها شەهیدان و گەردنانی لە هەڵگورد و ئەرارات بڵندتر، بە ژنێ لە پیرەمەگروون بۆشناختر، لە چوارچێوەی تەختە بەندێگا جێگای دەبێتەوە؟!! ئەوە خرمە خرمی سمی تاودانی ئەسپی (بارزانیی و کاکە ئیدریس)ە، بەم بەیانییە سەرچیای هەندرێن دەکەن و روو لە وادەی ژووانی سەر چیای(تورِی سینین)ی یارێکن.

هەمووان چاوەڕوانن، چاوەڕوانی شەپۆل دەدا و گێژاویەتی و تافە تافی هەر سەر دەکا و تافگەی لە جۆشی هەڵچووندا ناوچەوانی خۆر ماچ دەکات و، بە بەرزایی ئاسمانەکان،

بە پانتایی عەردو بە چیای دارو بەرد و سەراپای دنیاوە، تەنیا نگارێکە دەینوێنێ،

ئەو نەقشەیە یەك ڕەنگی پێداوەو لێوان لێوی نەقشبەندە، چاوەڕوانیی پەیتا پەیتا کاتی ئەکرۆشتەوە، لێدانی گشت دڵەکان بە هەموو بیرو بۆچوونێکەوە لە پاڵە و جوتیار و نەداران و رۆشنبیران و باوەڕ داران.. هەر هەموو دڵەکانیان لێدانیان تاکە زکرێکی دەکرد، رۆژئاوا و رۆژهەڵات لە بۆتە تاوی حەسرەتێکدا، لاو لاوێکی جوان ئاڵا و ئاڵودەی پەرۆشییەکن، ئەو ترۆپکی هەست هەژاندنەی، تەنانەت گۆی زەوی کردۆتە کلافەیەك، یان کلۆیەك لە ئاخ و داخێك، هەر هەموو هەناسەکان بە درێژایی رێگاکان، لەسەر سنوورەوە هەتا هەواری بارزان، وەك لە سینەی پارە پارەی ئەڤینێکەوە ملی رێگای گەروویەکی نووساو ژەنگگرتووی هەنسك و قوڵپی گریانێکەوە، نای ئاساکەی مەولانا، ناڵە ناڵی جودایییەتی...

هەستەکان، ئەوە دیەو، ئەوە بیستن و ئەوە. لە یەك ئەوق بوون و مەیین دان، ئەو دەمەی دەنگی هۆ هۆیەك، هەر وەك لە دنیای پشت سارا و کێوانی غەیبەوە









بشنێ، سەرانسەری لەو وێنەیەدا راگرت، کەژاوەی سەربەرزان، کەژاوی مێژووی دوور و نزیك سەر دەستی هەزارەها کەوت و بریسك و باقی ئاوی چاو فرێنی (یەدی بەیزایە)، ئەوا خاك بە پێدەشت و دۆڵ و تەلان و چیای رەوز تەنی سەرکەشییەوە سەدای بانگێکی حەق خستییە دڵیانەوە ئەوا وادەی کڕنووشی ئێوەیە.

ئەو حەشاماتەی سەرێکی لەسەر سنوورەو ئەو سەریشی لێوی لە دامێنی چیای شیرین دەسوێ و عەزرەتخوازانە ماچ پرژێنی و شوێن هەنگاوی یاران دەکات، ئەو خەڵکەی هەر دەتگوت کە لە نێوان پەراسووەکانی خاکەوە هەڵتۆقیون، پەنا بەخوا بە درێژایی ئەو هەموو رێیە نێرگزەجارێکیان خوڵقاندووە، بۆو بەرامەی مەلانی ئاسمانی لە حەیرانیدا بە چەتری سەری کەژاوە کردووە، چلۆن باخ و گولعوزارێکە، ئەو ئەڤینە پاکژەی نە پەیکوڵ و نە چقڵ و دڕك، هەر هەمووی جگە لە سۆزی ئەمەکداری و خۆ لە دەورگەڕانی باوە گەورەی کوردو کاکە ئیدریسی شاسواری شۆڕش و ئاشتییە..

یاران، یاوەرانی، هەستێك داپۆشیم، لەو هەستە حاڵەتانەی ئیلهام و ئەفراندن سەمای هەژاندن لە شادەمارەکانی خوێنی داهێنەراندا دەکات، ئەو ساتانەی پەیام لە سینەو سەری پەیامبەرانی دەنگی رەوادا سەوز دەکات، هێندە ئاگام لە خۆبوو، بپرسم: هێی لەگەڵ تۆمە، لە کوێی؟ بۆ کوێ چووی ؟

: ها ، ئەڵێم خوایە هاوار.... تەرم ؟! حاشا...

: بۆ؟؟

: تەرم، لە ناو تەختە بەندێکا، نا هەرگیز ناو نابێ.

: لەبەرچی ؟

: بارزانیی نەمر و کاکە ئیدریس، چۆن چۆنی، وا مێشکم تەقی، شۆڕشەکان و هەزاران بەرەنگاربوونەوەو دنیایەك لە بوێری و چاونەترسی و جەربەزەیی، بەڵێ لە چرکانی یەکەم تفەنگی سەلماندنی بوونەوە، سەدان هەستانەوەو سەر لە نوێ بەرەنگاربوونەوە...

ئایا ئەوە دەچێتە تەختە بەندێکەوە.

کەژاوەیەك لە تەك رایی بوونی هەر بستۆکەیەك دەنگی هەزاران گوێی ئاسمانی کەڕ دەکردو بە هاواری .. ئێرەش بارزانە ئێرەش هەر هەواری بارزانییە، باوکمانن، تخوا دووریان مەخەنەوە لێمان. هەموو کوردستان خاکی بارزان و بارزانییە .

: ئەمە ئەو رۆژەیە جوگرافیایەکی نوێ تێیدا بەرجەستەو لە دایك بووە.

ئەمە ئەو موجیزەیەیە پاش خامۆشی گۆڕ، دێنەوە جارێکی تر گەل یەك ریز دەکەنەوە، بە زەرد و کەسك و سوور و شین و سپی ..... تاد.

: ئەمجارەش بەخۆمدا هاتمەوە، چی بکەم و چۆن بوێرم، ئەفراندنێ لە وێنە کێشانی، نووسینی سیناریۆیە... بەرهەمێ.

نەخێر دەرەقەت نایەم، هەق وتن و رەوایە و پێویست بە شاردنەوە و حەشاردان ناکات.

لە ئاستی ئەو کێوان بابەت و کەرەسەیەدا، دەڵێی گەڵایەکی وەریوی دوا چڵی رێزانی دوا خەزانێکم، وەك پووش و پەڵاشێکی پەرەوازەی دەم زاری زریانێکی سەرەڕۆم و مارخۆڵانمە.

ئەمە ئەو کاتەیە، وشە لە دەربڕین دەتۆرێ و سەری خۆی هەڵدەگرێ و لە رەوانبێژی کەنارگیر دەبێ....
هەر دەبێ بە دەم دەستی نزاو پاڕانەوەوە بڵێم(رب اشرح لي صدري)، خودایە (هێزی ئینشایە).

**کەژاوەیەک لە تەک رایی بوونی هەر بستۆکەیەک دەنگی هەزاران گوێی ئاسمانی کەڕ دەکردو بە هاواری .. ئێرەش بارزانە ئێرەش هەر هەواری بارزانییە، باوکمانن، تخوا دووریان مەخەنەوە لێمان. هەموو کوردستان خاکی بارزان و بارزانییە**

**ئەمە ئەو کاتەیە، وشە لە دەربڕین دەتۆرێ و سەری خۆی هەڵدەگرێ و لە رەوانبێژی کەنارگیر دەبێ.... هەر دەبێ بە دەم دەستی نزاو پاڕانەوەوە بڵێم(رب اشرح لي صدري)، خودایە (هێزی ئینشایە)**

**ئەمە ئەو رۆژەیە جوگرافیایەکی نوێ تێیدا بەرجەستەو لە دایک بووە.**
**ئەمە ئەو موجیزەیەیە پاش خامۆشی گۆڕ، دێنەوە جارێکی تر گەل یەک ریز دەکەنەوە، بە زەرد و کەسک و سوور و شین و سپی .....تاد**

# دیسان لەبارەی سروودی (ئەی ڕەقیب)ەوە



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com

**■ سروودی نیشتمانیی چییە؟**

سروودی نیشتمانیی پارچە مۆسیقایەکی نیشتمانیی دانپێدانراوە، کە بەوشەکانی خەباتی گەل و کەلتووری کۆمەڵگەو مێژووی وڵاتێك بەرز ڕادەگرێت و، حەماسەت بەگیانی نیشتمانپەروەریی و خۆشویستنی نیشتمان دەدات.

سروودی نیشتمانیی لەبڕگەیەکی دەستووری وڵاتدا یان بەیاسایەکی تایبەت لەلایەن پەرلەمانەوە، یان لەڕێگەی عورف و نەریتی کۆمەڵگەوە پەسەند دەکرێت.

سروودی نیشتمانیی یان بەزمانی فەرمی وڵات دەبێت، وەك زۆربەی وڵاتان.

یان بەزمانێکی دیکە دەبێت وەك سروودی نیشتمانیی هندستان کە بەزمانی سەنسکریتی بەنگالییە.

یان بەگشت زمانەکانی وڵاتەکە دەبێت وەك سروودی نیشتمانیی (سویسرا) کە وشەکانی هەر(٤)زمانە فەرمییەکانی سویسرای تێدایە بە زمانەکانی فەڕەنسی و ئەڵمانیی و ئیتاڵیی و ڕۆمانیی)

یان وەك سروودی نیشتمانیی (کەنەدا) کە وشەکانی بە زمانە فەرمییەکانی (ئینگلیزی) و (فەڕەنسی)یە.

**■ مێژووی سروودی نیشتمانیی**

سروودی نیشتمانیی لەسەدەی نۆزدەوە بایەخی زیاتر بوو لە ئەوروپادا، هەرچەندە (سرودی نیشتمانیی هۆڵەندا) (هیت گۆشینگ) لەنێوان ساڵانی (١٥٦٨) هەتا(١٥٧٢) لەسەردەمی شۆڕشی هۆڵەندادا دەرکەوتووە.

پێشتریش(سروودی نیشتمانیی ژاپۆن) کە بەناوی (کیمی جا یۆ) ناسرابوو، هۆنراوەکەی لەماوەی فەرمانڕەوایی (هییان) دا لە نێوان ساڵانی (٧٩٤) بۆ (١١٨٥)دا نووسرابوو، بەڵام لە ساڵی (١٨٨٠)دا کەوتە بواری بەکارهێنانەوە.

(سروودی نیشتمانیی بەریتانیا)ش بەناوی (خودا پاشا بپارێزێت) بۆ یەکەمین جار لەساڵی (١٧٤٥)دا گوتراوە.

(سروودی نیشتمانیی ئیسپانیا)ش بەناوی(پەلاماری شایانە) بۆ ساڵی(١٧٧٠)دەگەڕێتەوە، هەرچەندە لە ساڵی(١٧٦١)دا ئامادەکرابوو.

کۆنترین(سروودی نیشتمانیی دانیمارك)یش (کۆنگی مەسیحی)یە کە لەساڵی (١٧٨٠)دا کاری پێکراوە.

(سروودی نیشتمانیی فەرەنسا)ش (بێنەوایان) لەساڵی(١٧٩٢)دا نووسراوەو، لەساڵی(١٧٩٥)دا کەوتۆتە بواری کارپێکردنەوە.

(سڕبیا)ش یەکەم وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا بووە کە سروودی نیشتمانیی هەبووە لەساڵی(١٨٠٤)دا بەناوی (نەتەوەکەم سڕبیا)یە.

لە ساڵی (١٨٤٤)داو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا لە سەردەمی سوڵتان (عەبدولمەجیدی یەکەم)داو، لەچوارچێوەی ئەو ریفۆڕمانەی کە لە دەوڵەتی عوسمانیدا ئەنجامدران، سروودی (پەلاماری مەجیدی)وەك سروودی

نیشتمانیی دەوڵەت پەسەند کرا.

دواترو لەگەڵ هەڵوەشـــاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانیدا هەر دەوڵەتێکی ناوچەکە ســـروودی نیشتمانیی تایبەت بەخۆی پەسەند کرد وەك:

سروودی تورکیا (پەلامار لەپێناوی سەربەخۆیی) لەساڵی (١٩٢٠).

سروودی سوریا (پارێزەرانی وڵات) لەساڵی (١٩٣٦).

ســـروودی لوبنـــان (هەموومان بۆ نیشـــتمان) لەســـاڵی (١٩٢٧).

سروودی ئوردون (بژی پاشا) لەساڵی (١٩٤٦).

سروودی میسر(پارێزراو بێت میسر) لەساڵی (١٨٦٩).

## ■ جیاوازیـــی نێوان ســـروودی نیشـــتمانیی و گۆرانیی نیشتمانیی

**یەکـــەم:** لەڕووی (کات)ـەوە ســـروودی نیشـــتمانیی هەر هەرێـــم و وڵاتێك هاوکاتە لەگەڵ ڕووداوێکی ســـەرەکیی گرنگدا وەك ڕاگەیاندنی ســـەربەخۆیی وڵات و، گوزارشت لەو ســـەردەمە دەکات، بەڵام گۆرانیی نیشتمانیی زادەی ڕووداوە لاوەکییەکانەو، هی سەردەمەکانی دوای ئەو ڕووداوە سەرەکییەیەو، دواتر دێتە ئاراوە.

**دووەم:** لەڕووی (گوتن)ـەوە، سروودی نیشتمانیی هەمیشە بەکۆڕاڵ دەگووترێتەوە، بەڵام گۆرانیی نیشتمانیی دەکرێت بەتەنها کەســـێك یان بەکەســـێك و کۆرس یـــان بەکۆڕاڵ بگوترێت.

**ســـێیەم:** لەڕووی (ناوەڕۆك)ـەوە ســـروودی نیشتمانیی پڕ لەشکۆو حەماسەت و هاندان و زیادەڕەوییە لەخۆشەویستیی نەتەوەو نیشتمان، بەڵام گۆرانیی نیشتمانیی باس لەجوانیی و بەهاو لایەنە ناسکەکانی نیشتمان دەکات.

**چوارەم:** لەڕووی (ئاواز)ەوە سروودی نیشتمانیی ئیقاعێکی سەربازییانەی هەیە، بەڵام گۆرانیی نیشتمانیی ئاوازێکی میلۆدیی هەیە.

**پێنجەم:** لەڕووی بەراوردکردنەوە، هەموو سروودی نیشتمانیی گۆرانییەکـــی نیشـــتمانییە، بـــەڵام هیـــچ گۆرانییەکی نیشتمانیی نابێتە سروودی نیشتمانیی.

## ■ جیـــاوازی نێوان ســـروودی نیشـــتمانیی و ســـروودی سەرۆکایەتی:

ســـروودی نیشـــتمانیی ناگۆڕێت بەگۆڕانیی سەرۆك و پاشای وڵات، بەڵام سروودی سەرۆکایەتی یان پاشایەتیی دەگۆڕێت بەگۆڕانی سەرۆك و پاشاکان وەك:

سروودی سەردەمی سوڵتان مەحموودی دووەمی عوسمانیی لەسەدەی نۆزدە.

گۆڕینی سروودی عێراق بە سروودێکی دی لەگەڵ هاتنی سەدام حوسێندا.

## ■ بەیاساییکردنی سروودی نیشتمانیی بۆچی پێویستە؟

دیارە کـــە یەکێك لە خاڵـــە جیاکارەکانی هـــەر نەتەوەو دەوڵەتێکی ســـەردەم لە نەتـــەوەو دەوڵەتێکی دی، بوونی (سروودی نیشتمانی)یە، (سروودی نیشتمانیی)یش ئەگەر ڕۆڵـــی وەك ئاڵای وڵات نەبێت، ئـــەوا هیچی وای لەو کەمتر نییە، چونکە مەســـەلەی سروودی نیشتمانی زۆر گرنگە لە ناساندنی گەلان و وڵاتان، ئەوەتا نووسەرێکی وەك (عبدالرزاق الهلالی) کە کتێبێکی گەورەی لەســـەر مێژووی عێراق نووسیوە، لە سەرەتای کتێبەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە هاندەری یەکەمی لە نووســـینی مێژووی عێراقدا لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە کەس هۆنراوەو ئاوازو دانەری هۆنراوەی ســـروودی نیشتمانیی عێراقی نەزانیوە لەسەر ئاستی باڵای ناو عێراقیشدا، ئەوەتا دەڵێت:

(ئافرەتێکـــی ئەمریکـــی لە ســـاڵی ١٩٤٦دا بە بۆنەی دامەزراندنی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ویستی کتێبێك لەســـەر ئەندامانی ڕێکخراوەی (UN) بنووسێت کە عێراق یەکێك بوو لەوان، بۆیە ئەو ئافرەتە نووســـراوی ئاراســـتەی هەموو وڵاتانی ئەندام کردبوو تیایدا داوای (سروودی نیشـــتمانیی) و دانەری (هۆنراوە)و (ئاواز)و کورتەیـــەك لە ژیانی کردبوو، ئەو ئافرەتە نووســـراوێکی لەم بارەیەوە دا بە باڵیۆزخانەی (عێراق) لە (واشـــنتۆن)، باڵیۆزخانەش نووســـراوەکە دەنێرێت بۆ (وەزارەتی دەرەوەی عێراق) ئەویش دەینێرێت بۆ وەزارەتی (مەعاریف) ئەویش دەینێرێت بۆ (مدیریـــە التربیە البدنیە) ئەمیش دەینێرێت بۆ (امریە الجوق الموســـیقی) لە وەزارەتی (بەرگری)، لەوێش وەڵام نەبوو، بەم شێوەیە دوو مانگ تێپەڕی بەسەر وەڵامدانەوەی ئەو ئافرەتـــە ئەمریکییە)، بڕوانە بەرگی یەکەمی (معجم العراق) (عبدالرزاق الهلالی).

جا بۆ ئەوەی ئێمەش ئاوامان بەسەر نەیەت ئەگەر ڕۆژێك لـــە ڕۆژان دەزگایەکی بیانی یـــان ڕێکخراوێکی دەرەوە داوای سروودی نیشتمانیی کوردستانی لێکردین، واچاکە لە خەمـــی زانینی دانەری هۆنراوەو ئاوازی ســـروودی نیشتمانیی کوردستاندا بین.

## ■ ئامانج لەبوونی ســـروودی نیشـــتمانیی کوردســـتان چییە؟

(ســـروودی نیشتمانیی کوردستان) ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لەم ڕووانەی لای خوارەوەدا:

**یەکەم:** لێك نزیککردنـــەوەی ڕووکارە حزبییە جیاجیاکان، چونکە سروودی نیشتمانیی بازنەی فراوانی کۆکردنەوەی مارشـــی حزبەکانە، هەر وەکو ئاڵای کوردســـتان خاڵی هاوبەش و کۆکەرەوەی ئاڵاو ڕەنگی حزبەکانە.

**دووەم:** هەنگاوێکـــە بـــۆ دروســـت کردنی هۆشـــیاریی ڕاســـتەقینەی نەتەوەیـــی لە لای تاك و کـــۆی ناوەندو توێژەکانی کۆمەڵی کوردستانییدا، چونکە شتێکی بەڵگە نەویســـتە کە سروودی نیشتمانیی کوردستان لە زۆر کات و بۆنەدا بە گوێی جەماوەردا دەدرێت.

**(رقیب) جیایە لە (الرقیب)، هەر وەک (رحیم) جیایە لە (الرحیم)، ناوە جوانەکانی خودا (معرفە)ن بە ئەلف و لامی تەعریف**

■ (كــەی) و لە(كوێ)دا ســروودی نیشــتمانیی بەكار دەهێنرێت؟

**یەكەم:** لە ئاهەنگ و مەراسیمی بۆنە تایبەتەكانی دەزگا باڵاكانی حكومەتی هەرێمدا.

**دووەم:** لە ڕێزبوونی سەرەتای دەوامی ڕۆژانەی قوتابیان و خوێندكارانی قوتابخانەكاندا.

**ســێیەم:** لە ســەرەتاو كۆتایــی بەرنامەكانــی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەكانــی هەرێمدا، بە تایبەت ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ڕەسمی هەرێم.

**چوارەم:** لە سەرەتای یارییەكانی تیپە وەرزشییەكانی هەرێم لەگەڵ تیپەكانی دەرەوەی هەرێمدا، بە تایبەت یارییەكانی هەڵبژاردەی هەرێمی كوردستان.

**پێنجەم:** هەندێك جار لە پێش دەســتپێكردنی شانۆگەرییەك یان فیلمێكی نیشتمانیی.

■ **سروودی ئەی ڕەقیب**

**یەكەم:** ســروودی ئەی ڕەقیب هۆنراوەی دڵداری شاعیرە كە ناوی (یونس مەلا ڕەئوف مەحموودی مەلا ســەعدی) یە، واتە شــاعیر لەبنەماڵەیەكی مەلازادەیە، ئاوازەكەیشی هی (شێخ حوســێن بەرزنجی)یە كە لەبنەماڵەی شێخانی قەرەچێوارە.

ئەم ســرووده لەو ســەردەمەدا دەیان مەلاو شێخ و قازی و حاكم گوێیان لێبووەو زانیویانە شــاعیر چی دەڵێت و چی دەوێت، بۆیە كە دەســتەواژەی (ئــەی ڕەقیب)یان بینیوە، زانیویانە شــاعیر ئەم هۆنراوەیەی لە ســاڵی (١٩٣٨)دا لەبەندیخانەیەكی ئێراندا نووسیوەو ڕووی كردۆتە پاسەوانانی بەندیخانەو پێیان دەڵێت: ئەی ڕەقیب واتە ئەی ناحەز ئەی ڕكابەر، نەك ڕەقیب بەمانای ناوی (الرقیب)پیرۆزی خودا، چونكە (ڕقیــب) جیایە لە (الرقیب)، هــەر وەك (ڕحیم) جیایــە لە (الرحیم)، ناوە جوانەكانــی خودا (معرفە)ن بە ئەلف و لامی تەعریف.

بۆیە بــەردەوام لەئەدەبیاتی كوردیدا شــاعیرانی كوردی موســڵمان كە زۆربەیان شــێخ و مەلاو حاجی بوون وشەی ڕەقیبیــان بەو مانایە بەكار هێناوە، ئەوەتا (ئەحمەد موختار بەگی جاف)دەڵێت:

ڕەقیبی سەگ هەتا چاوم كەلا كرد
منی دووچاری سەد دەردو بەلا كرد

(نالی) دەڵێت:

ڕەقیب و موددەعیی فیتنەو عیلاقی چاوی جادووتن
لەگۆشی گۆشەوارەت نائیبی هارووت و مارووتن.

**دووەم:** دەســتەواژەی دانەیی تۆپی زەمان مەبەســت لێی تۆپی ئەو سەردەمە بووە كە دژی كورد بۆ كوردقڕان بەكار دەهێنــرا، وەك لەدواتردا كرا بەچەكــی كیمیاوی، ئەگەر شاعیر لەم ســەردەمەدا بووایە دەیگووت: كورد قڕ ناكرێت بەچەكی كیمیاوی.

بۆیە سەیرە هەندێك دەڵێن مەبەستی شاعیر ڕووبەڕووبوونەوەی خودایەو، دانەری تۆپی زەمان خودایە!!

**سێیەم:** دەستەواژەی (دینمانە ئاینمانە نیشتمان) گوزارشت كردنە لە(گشــت)ێك بە(بەش)ێك لێی، وەك دەستەواژەی (الحج عرفــە)، دیارە كە (عەرەفە)بەشــێكە لەحەج نەك هەموو حەج عەرەفە بێت، بەڵام لەبەر گرنگیی (عەرەفە) بۆیە هەموو حەجی پێ پێناسە دەكرێت، هەروەها وەك (الدین النصیحــە) یان (الدین المعاملە)، بۆیە شــاعیر دەیەوێت بڵێت نیشــتمان و خۆشەویستیی نیشتمان بەشێكی گرنگ و ســەرەكییە لەدین و ئایین، نەك نیشتمان بەتەنها یەكسان بێت بە دین و ئایین!!

بۆیە دەتوانین بڵێین (لەدینمان و ئاینمانە هەر نیشــتمان)، بەمەش ماناكەی ڕاست دەبێتەوە.

بۆ زیاتر دڵنیابوونی ئەوانەی پێویستییان بەدڵنیاییە، بڕواننە سروودی نیشتمانیی كۆماری ئیسلامیی ئێران كە دەڵێت:

(سر زد از افق، مهر خاوران
فروغ دیدەی حق باوران
بهمن فر ایمان ماست)

واتە:

(بەهمەن هێمای ئیمانی ئێمەیە).

شۆڕشی ئیســلامی ئێران لە(٢٢)ی مانگی (بەهمەن)ی ساڵی (١٣٥٧)ی ئێرانییدا سەركەوت.

لەبــەر ئەمەیە ناوی (بەهمەن)یان خســتە نێو ســروودی نیشتمانیی ئێرانەوە، لە سروودەكەدا هاتووە كە:

(بهمن فر ایمانی ماســت) واتــە: بەهمەن هێمای ئیمانی ئێمەیە!!

كەچی هەموو موســڵمانانی ئێران و جیهانیش لەبەردەم ئەم سروودەدا هەڵدەســتنەوە، كەسیش ناڵێت (بهمن فر ایمانی ماســت) كوفرە، چونكە دەزانن ئەمە شیعرەو بەمانای ئەوە دێت كە سەركەوتن لەم مانگەدا ئیمانی بۆ گێڕاینەوە، نەك بەمانای ئەوە بێت كە بەهمەن ئیمانی ئێمەیە.

■ **بەراوردكرنــی (ئەی ڕەقیب) لەگــەڵ دەقی هەندێك سروودی نیشتمانی وڵاتانی دیكەدا:**

وەك وەڵامێــك بۆ ئەوانەی دەڵێن: ئــەی ڕەقیب زاراوەی توندی تێدایەو باســی تۆپ و خوێن و ڕەنگی ســوورو ڕووبەڕووبوونەوە شــانازی نەتەوەیی لەڕادەبەدەری تێدایە، بابڕوانینە سروودی نیشتمانیی ئەم چەند وڵاتە:

**یەكەم:** سروودی نیشتمانیی فەرەنسا

(چەك هەڵگرن، ڕیزەكانتان ڕێكخەن،
بەنێو خوێنی نەیاراندا بڕۆن، ئەوانە دوژمنی ئێوەن
ئەوانە دڕندەن، كۆیلەن، سپڵەو خائینن
ئێمە كەس شەریكمان نییە لەفەخرو شكۆداریداو، كەسی دیكەش شایانی نییە
ببینن جەماوەر هەموو بوونە چەكدارو، هەمووشیان بەرەو

■ **دەستەواژەی (دینمانە ئاینمانە نیشتمان) گوزارشت كردنە لە(گشت)ێک بە(بەش)ێک لێی، وەک دەستەواژەی (الحج عرفە)، دیارە كە (عەرەفە) بەشێكە لەحەج نەک هەموو حەج عەرەفە بێت، بەڵام لەبەر گرنگیی (عەرەفە) بۆیە هەموو حەجی پێ پێناسە دەكرێت**

جەنگ ڕۆیشتن
بەرەو خۆبەختکردن بڕۆن، گوێ مەدەنە مەترسییەکان
ئەگەر شێر ئاسا یەکێکتان لەجەنگدا کوژرا).
**دووەم:** سرووودی نیشتمانیی ئەمریکا
(بڵێســـەی ســـووری ڕۆکێتەکان و تەقینەوەی بۆمبەکان لەئاسماندا
نیشانەی ئەوەن لەشەودا کە هێشتا ئاڵاکەمان لەوێدان).
**سێیەم:** سرووودی نیشتمانیی روسیا
(روسیا تۆ دەوڵەتی پیرۆزی ئێمەی
تۆ لە بوونەوەردا تاکی، بێ وێنەی
باوەڕمان بەنیشتمان هێزمان پێدەبەخشێت).
**چوارەم:** سرووودی نیشتمانیی چین:
(هەستن ئەی ئەوانەی ناتانەوێت ببنە کۆیلە
لەخوێنی خۆمان و لەگۆشتی خۆمان، شوورەیەکی مەزنی نوێ بنیات دەنێین
نەتەوەی چین ڕووبەڕووی مەترسییەکی گەورە بۆتەوە
لەهەر سنگێك، نەڕەی شێرێك بەرز دەبێتەوە
هەستن هەستن هەستن ملیۆنەها بەڵام بەیەك دڵ
لەتۆپی دوژمن ناترسین. پێشکەون
لەتۆپی دوژمن ناترسین. پێشکەون
پێشکەون. پێشکەون. پێشکەون).
**پێنجەم:** سرووودی نیشتمانیی جەزائیر:
(لە لایەن شـــاعیر (موفدی زەکریـــا)وە، لە بەندیخانەی (بەربەروس) لەجەزائیر نووسراوە)
(کەهاتینە گۆ، کەس گوێی لێ نەدەگرتین
بۆیە پەنامان بردە بەر باررووت
دەنگی فیشەکی چەکمان کرد بەئاواز
بڕیارماندا بۆ ئەوەی جەزائیر بژی
ئێمە پاڵەوانەکانمان دەنێرین وەك سەرباز
لەسەر لاشەو جەستەمان شکۆمان بنیات دەنێین
لەسەر ڕۆحمان بەرەو نەمریی بڵند دەبینەوە ..
بینووسن بەخوێنی شەهیدان
بیخوێننەوە بۆ نەوەکان لەدوارۆژو سبەیدا
**شەشەم:** سرووودی نیشتمانیی تورکیا
(ئەی هاوڕێم نەهێڵیت دوژمنان نزیك ببنەوە، ئاگاداربە
جەستەت بکە بەقەڵغان، پەلاماریان تێکبشکێنە
ئەم نیشـــتمانە بەهەشـــتە، مەگەر خوێنی ناوێت ئاوی بدات؟
ئەگەر دەست لە زەوی بدەی شەهید هەڵدەقوڵێت
گوێـــی نادەمێ ئەگەر ڕۆح و ســـامانم لەدەســـت بدەم، لەمردن ناترسێم).
**حەوتەم:** سرووودی نیشتمانیی ئێران
(سر زد از افق، مهر خاوران
فروغ دیدەی حق باوران
بهمن فر ایمان ماست
پیامت ای امام، استقلال آزادی نقش جان ماست
شهیدان پیچیدە در گوش زمان فریادتان
پایندە مانی و جاودان
جمهوری اسلامی ایران).
واتە:
(لەئاسۆوە هەڵهات خۆری ڕۆژهەڵات
ئەو خۆرەی کەچاوی باوەڕداران بەحەق ڕووناك دەکاتەوە
بەهمەن هێمای ئیمانی ئێمەیە
پەیامی تۆ ئەی ئیمام
سەربەخۆیی و ئازادیی
لەڕۆحمانا نەقش کراوە
ئەی شەهیدان
هێشتا هاوارتان گوێی زەمان پڕ دەکات
هەر بمێنیت بەشکۆو نەمریی
جمهوریی ئیسلامیی ئێران).
(بەهمـــەن) لە ڕۆژژمێـــری ئێراندا مانگـــی (١١)یەو، ژمـــارەی ڕۆژەکانی (٣٠) ڕۆژە، لـــە(٢١)ی کانوونی دووەمەوە هەتا (١٩)ی شـــوبات، بەمەش بەهمەن دووەم مانگی زســـتانەو، فارسەکان لەکۆندا ئاهەنگیان لە(١٠)ی بەهمەندا گێڕاوەو، بەهمەنیان بەمانگی بەفرو سەهۆڵ ناساندووە.
(بەهمەن)لەزمانـــی پەهلەویدا بەمانای خاوەن ڕەســـەنی چاك دێت، ناوی فریشتەیەکیشە لە ئاینی زەردەشتیدا.
شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە(٢٢)ی مانگی (بەهمەن)ی ساڵی (١٣٥٧)ی ئێرانی بەرامبەر (١١)ی شوباتی ساڵی (١٩٧٩)ی زاینیدا سەرکەوت و، کۆتایی بەفەرمانڕەوایی پەهلەویی هێنا کە لەنێوان ساڵانی (١٩٢٥) تا (١٩٧٩)ی زایینیی حوکمی ئێرانیان کرد.

**■ چی بکەین بۆ سرووودی نیشتمانیی کوردستان؟**

لێرەوە پێم باشـــە لەپێناوی پاراستنی سرووودی نەتەوەیی و نیشـــتمانیی ئەی ڕەقیبدا هەوڵەکانمان یەك بخەین هەر لایەنە لەلای خۆیەوەو بەم شێوەیە:
**یەکەم:** پەرلەمانی کوردستان بەیاسا ئەم سرووودە بەسرووودی نەتەوەیی و نیشتمانیی بناسێنێت.
**دووەم:** وەزارەتی ڕۆشـــنبیریی و پەروەردەو خوێندنی باڵا باشتر بەنەوەی نوێی بناسێنن.
سێیەم: ئەکادیمیای کوردی و یەکێتیی نووسەرانی کورد ڕاڤەی وردی وشەکانی ئەم سرووودە بکەن.
**چوارەم:** وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینیی گشتاندنێك بۆ مامۆستایانی ئایینیی بکات سەبارەت بەو فەتوایەی لیژنەی باڵای فەتوای یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامیی کوردســـتان لەبارەی ڕەوایەتی هەستانەوە لەبەر سرووودی نیشتمانیی کوردستاندا.

**هەموو موسڵمانانی ئێران و جیهانیش لەبەردەم سرووودی نیشتمانیی ئێران هەڵدەستنەوەو، کەسیش ناڵێت (بهمن فر ایمانی ماست) کوفرە**







# حکومڕانی لە دەوڵەتی فیدرالیدا
# بە دەوڵەتمەدار دەکرێت
# نەک بە دەوڵەت تێکدەر




فرانسیس فۆکۆیاما لە یەکێك لە موحازەرەکانی کە زانکۆی بێرکلی لەساڵی ٢٠١١ بەبۆنەی دەرچوونی دوایین کتێبیەوە(بنەچەی دامەزراوە سیاسییەکان) بۆی سازدابوو، ئەو پرسیارە دەوروژێنێت بەوەی ئایا داهاتی وڵاتی سۆماڵ گەورەترە یان داهاتی دانیمارك؟ بۆچی سۆماڵ لەبرسا دەمرێت و دانیمارك بەرزترین ئاستی ژیانی هەیە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا فۆکۆیاما ئاماژە بە ئەقڵی دەوڵەتمەداری لێهاتووی فەرمانڕەواکانی وڵاتی دانیمارك دەکات کە چۆن توانیویانە وڵاتێك کە هێندەی سۆماڵ دەوڵەمەند نەبێت، بەڵام هاتۆتە ریزی وڵاتانی جیهانی یەکەم. هەر لەم موحازەرەیەدا ئاماژە بەو ڤاکسینە دەکات کە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی ئایدز رادەگرێت و چارەسەری دەکات و دەپرسێت، بۆچی بەکارهێنانی یەك جۆر ڤاکسین بۆ نەخۆشی ئایدز، لە نەخۆشخانەکانی ئەمریکا دەبێتە چارەسەر و نەخۆشیەکە رادەگرێت، بەڵام لە نەخۆشخانەکانی وڵاتی نەیجیریا کە یەکێکە لەدەوڵەتە گەورەکانی بەرهەمهێنەری نەوت، دەبێتە هۆکاری ئەوەی نەخۆشیی ئایدز زیاتر بڵاو ببێتەوە؟ فۆکۆیاما هۆکاری ئەم جیاوازییەش دەگێڕێتەوە بۆ چۆنیەتی هەڵسوڕاندنی دامەزراوەکان و چۆنیەتی مامەڵەکردنی دامەزراوە تەندورستیەکان لەگەڵ بەکارهێنانی ئەو ڤاکسینە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی ئایدز، ئەوجا لەبەر ئەوەی لە نەیجیریاش وەك سۆماڵ ئەقڵی دەوڵەتمەداری لێهاتوو بۆتە ئەقڵی دەوڵەت تێکدەر و تاکرەوی خۆسەپێن، ئەوا نەك هەر ئایندەی وڵاتێکیان تاریك کردووە، بەڵکو دەرمان بۆ چارەسەری نەخۆشی بۆتە ژەهر بۆ بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و قات و قڕی.

ئەگەر لەم دوو نموونەی فۆکۆیاماوە بارودۆخی ئێستای عیراق بخوێنینەوە کە کەنعان مەکیە خاوەنی کتێبی کۆماری ترس پێشینی ئەوەی بۆ دەکات بەرەو ئایندەیەکی تاریك و دژوار ملی رێگەی گرتووە، ئەوا ئەو پرسیارە دروست دەبێت، بۆچی عیراقێك سەد هێندەی سەنگافورا و کۆریای باشور و دانیمارك خاوەنی سەرچاوەی سروشتی نەوت و گاز و فۆسفاتە، هاوشان سروشتێکی هێندە هەمەڕەنگ و گرنگی هەیە کە توانای خۆبژێوی خۆراکی فرێشی بۆ هەر ٣٦٦ رۆژەکەی ساڵ هەیە، ئەمە بێجگە لەوەی خاوەنی سەرچاوەیەکی مرۆیی ئەوتۆیە کە وەك تاریق هاشمی جێگری سەرۆك کۆماری عیراق بە گوڵانی راگەیاند لە ساڵی ١٩٧٠ ئەندازیارانی عیراقی بەردی

**((لە بنەڕەتدا دەبێت فیدرالیزم چارەسەر بێت بۆ پێکەوە ژیانی ئەو فرەییە ئیتنی و ئایینەی لە عیراقدا هەیە، بۆ ئەوەی فیدرالیزمیش ببێتە ئەو چارەسەرە دەبێت توندتیژی رابوەستێنرێت، هەروەها بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان نابێت رەفتاری توندوتیژ بەکاربهێنرێت، ئەمە بێجگە لەوەی لایەنگەلێکی زۆری دەستووری عیراق جێبەجێ نەکراون، هەربۆیە ئەگەر ئەوانە راست نەکرێنەوە، ئەوا پیادەکردنی دیموکراتی و فیدرالی دەبێتە کارێکی مەحاڵ، عیراق لەم کاتەدا بۆتە کۆماری ئاڵۆزی و پشێوی نەک کۆماری ترس، من پێشبینی ئەوە دەکەم ئێستا عیراق بەرەو رۆژگارێکی تاریک و دژوار ملی رێگەی گرتووە، بەڵام هەرێمی کوردستان بەدەرە لەم پێشبینیە، ئایندەی عیراق بەندە بەوەی چۆن ئەو شەڕ و ناکۆکیە گەورانە یەکلایی دەکرێنەوە.))**

**پرۆفیسۆر کەنعان مەکیە بۆ گوڵان**

**٢٠١٤/١/٥**



بناخەی ئەو پێشکەوتنەیان داناوە کە ئێستا ئیمارات بە خۆیەوە دەبینێت. بەڵام بابزانین ماوەی هەشت ساڵی حکومڕانی بەڕێز نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی ئێستای عیراق چ پێناسەیەکی بۆ عیراق لەسەر ئاستی جیهان دروستکردووە:

* کەناڵی CNN دەپرسێت ئایا عیراق بەتەواوەتی لەبەر یەکهەڵوەشاوە؟
* گۆڤاری فۆرین ئەفێرز دەنووسێت: ئەو وڵاتەی دوای خۆمان بە جێمانهێشت: جیهان پێشوازی لەدەوڵەتێکی فاشیل دەکات.
* ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی لە ١٠ وڵاتە هەرە گەندەڵەکەی جیهان پۆلێنی دەکات.
* چاودێرانی مافی مرۆڤ لە بەغدا هەڵدێن نەك وەزارەتی مافی مرۆڤ ڕووبەڕووی دادگایان بکاتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە تەنانەت چاودێرانی مافی مرۆڤیش ناوێرن لە عیراقدا باسی مافی مرۆڤ بکەن و چاودێر بن بەسەریەوە.
* لە پەنێڵی سینك تاکسە گەورەکانی جیهان ئاماژە بەوە دەکرێت بەوەی حکومڕانی مالیکی لەژێر پەردەی شەڕی دژە تێرۆردا خەریکە داخوازی پێکهاتەیەکی سەرەکی عیراق کە عەرەبی سوننەیە بە ناوی تیرۆریستەوە سەرکوت دەکات.

لە تازەترین هەنگاویشی بەرامبەر کورد و هەرێمی کوردستانیش گۆڕینی یاسای بودجەی عیراقیە بۆ یاسای سزادان، بێجگە لەوەی چەند بڕگەیەکی بودجە سزادانە بۆ خەڵکی کوردستان، ئەوا لە هەنگاوێکی تازەتریدا مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانی ڕاگرتووە.

لەبەرامبەر ئەم حکومڕانیەی عیراقدا، حکومڕانیەکی دیکە هەیە کە ئەویش حکومڕانی هەرێمی فیدرالی کوردستانە لەگەڵ ئەوەی لەماوەی ساڵانی ١٩٩٢-٢٠٠٣، هیچ سەرچاوەیەکی داهاتی نەبووە بێجگە لەداهاتی خاڵە گومرگییەکان، لەدوای ساڵی ٢٠٠٤ یشەوە کە ڕێژەی ١٧٪ بودجەی عیراقی بۆ تەرخانکراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەماوەی حکومڕانی ٨ ساڵی ڕابردووی نوری مالیکدا عیراق وڵاتی شەڕ و ئاڵۆزی و پشێوی بووە، ئەوا بەشێکی زۆری بودجەی عیراق بۆ سوپا و هێزەکانی ئاسایش بەناوی خەرجیەکانی سەروەریی بەفیڕۆدراوە، ئەوا هەرێمی کوردستان تەنها ١٠٪ بودجەی عیراقی پێبراوە، بەڵام بابزانین حکومڕانی ئەم هەرێمە چ پێناسەیەکی لە جیهاندا دروستکردووە:

- لەدوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووەوە لە ٢٠٠٣ەوە دەستپێکردنی هەڵمەتی پەرەپێدان لەکوردستان، کۆمپانیا و وەبەرهێنە جیهانیەکان کوردستانیان ناو لێنا (عیراقێکی دیکە) ئەمەش واتە کوردستان بەشێك نییە لە عیراقی شەڕ و ئاڵۆزی و پشێوی.
- پەرلەمانی ئەورووپا لەسەر زاری سەرۆکی شاندەکەی بۆ پەیوەندی لەگەڵ عیراق دەڵێت: هەموو یەکێتیی ئەورووپا قەرزداری حکومڕانی باشی بەڕێز مسعود بارزانی-یە.
- ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی ڕۆژهەڵاتی نزیك دەڵێت کوردستان ٢٥ ساڵ دوای ئەنفال و کیمیاباران بۆتە نموونەیەکی سەرکەوتوو بۆ بونیادی دیموکراتی و بونیادنانی نەتەوە لەسەدەی بیست و یەکەم، ئێستا هەرێمی کوردستان نەك هەر خۆی زۆنێکی ئارام و سەقامگیرە، بەڵکو بۆتە هۆکار بۆ ئاشتی و سەقامگیری ئیقلیمی و سەرۆکەکەی بەڕێز مسعود بارزانی گەورەترین ڕۆڵی لە پرۆسەی ئاشتی نێوان کورد و تورکیا گێڕاوە.
- ئامۆژگای برۆکینگز لەسەر زاری کینس پۆلاکی سەرۆکی سەنتەری سابات دەڵێت هەرێمی کوردستان و سەرۆکەکەی مسعود بارزانی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك پاریس وایە بۆ فەرەنسا هەموو ڕێگەکان دەچنەوە لای بارزانی.
- ڕۆژنامە فەرەنسییەکان دەنووسن هەرێمی کوردستان بەچکە پڵنگێکە لە چیاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.
- لە ڕاپرسیەکی ڕۆژنامەیەکی بەریتانیشدا سەرۆکی ئەم هەرێمە کە بەڕێز مسعود بارزانی-یە وەك سەرکەوتووترین سەرۆك لەساڵی ٢٠١٣ دەستنیشانکراوە و خەڵك دەنگی پێداوە.

ئەم بەراوردکردنەی نێوان حکومڕانی هەرێمی کوردستان و حکومڕانی حکومەتی عیراق ئەو پرسیارە دێنێتە ئاراوە، ئایا بۆچی حکومەتی فیدرالی عیراق سوپاسی خوا ناکات، بەوەی بەشێکی وڵاتەکەی زۆر بەڕێکوپێکی خۆی بەڕێوە دەبات و سەرقاڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆی بێت؟ ئایا بۆچی دەیەوێت هەرێمی کوردستانیش وەك بەشەکانی دیکەی عیراق کێشەی تێدا بێت و یەکپارچە عیراق ببێتە وڵاتی کێشەو ئاڵۆزی و کۆماری ترس؟ ئەگەر وانییە بۆچی حکومەتەکەی مالیکی بەردەوام کێشە بۆ ئەم



**گۆڤاری فۆرین ئەفێرز دەنووسێت: ئەو وڵاتەی دوای خۆمان بە جێمانهێشت: جیهان پێشوازی لەدەوڵەتێکی فاشیل دەکات. لە بەرامبەریشدا رۆژنامە فەرەنسییەکان دەنووسن هەرێمی کوردستان بەچکە پڵنگێکە لە چیاکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**

هەرێمە ئارام و سەقامگیرە دروست دەکات، بەتایبەتی کە شێوازی حکومڕانی ئەم هەرێمە چەند سوودی بۆ خودی هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی هەیە بەهەمان شێوە سوودی بۆ هەموو خەڵکی عیراق دەبێت، هەر بۆ نموونە:

١. هەرێمی کوردستان پێش وەبەرهێنان لە کەرتی نەوت و گاز، ئامادەبووە بەشدار بێت لە خەرجیەکانی سەروەریی، ئەم خەرجیانە هەمووی بۆ ناوچەکانی دیکەی عیراق بووە، بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان یەك دۆلار لەدەرەوەی ئەو بەشە داهاتەی خۆی وەرنەگرتووە، ئەمەش واتە دەستبەرداری ٤٠-٤٥٪ بەشە بودجەی خۆی بووە لەپێناوی گەڕانەوەی ئاسایش و سەقامگیری بۆ عیراق و دوورخستنەوەی شەڕی ناوخۆیی مەزهەبی لەعیراقدا.

٢. سەقامگیری و پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان وایکردووە کە زۆربەی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان نووسینگەکانیان لە ئوردنەوە بگوازنەوە بۆ هەولێر، واتە بۆ عیراق، ئەمەش روویەکی جوانی عیراق پیشانی جیهان دەدات.

٣. هەرێمی کوردستان بۆتە پەناگەیەکی ئارام بۆ ئەو هاووڵاتیە کریستیان و عەرەب و تورکمانانەی کە ناتوانن لە ناوچەکانی دیکەی عیراق بژین، ئێستا لە هەرێمی کوردستان وەك هاووڵاتی عیراقی (نەك پەنابەر) دەژین و یاساکانی کوردستان وەك هاووڵاتی عیراقی مامەڵەیان لەگەڵ دەکات.

٤. سەرباری هەموو ئەمانەش حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵیداوە بەرێگەی وەبەرهێنان لەکەرتی نەوت و گاز نەك هەر بودجەی خۆی دابین بکات، بەڵکو بەرنامەی بەوجۆرەیە کە لە بەشە داهاتی خۆی زیاتر بوو بیداتە حکومەتی عیراق، ئەمەش مانای



ئەوەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵیداوە ساڵانە بودجەی بەشە عەرەبیەکەی عیراق ١٠-١٥ ملیار دۆلار زیاد بکات، لەبەر ئەوەی ئەگەر هەرێم خۆی بەرێگەی فرۆشتنی نەوتی کوردستان لە ئێستادا تەنیا بودجەی خۆی دابین بکات، ئەوا بەو بەشە داهاتەی هەرێم کە تەنیا لەیەك ساڵدا دەگەڕێتەوە بۆ بەغدا، حکومەتی مالیکی دەتوانێت ژێرخانی هەردوو خزمەتگوزاری سەرەکی کارەبا و ئاوی خواردنەوە بۆ ٢٥ ساڵی داهاتوو چارەسەر بکات، کە ئێستا لە هیچ شارێکی عیراقی عەرەبیدا لەبەسرا تا موسڵ ئەم دوو خزمەتگوزراییە ژێرخانی بۆ دروست نەبووە. باشە با ئەو پرسیارە بکەین ئەگەر ئێستا هەرێمی کوردستان کە تەنها توانای هەناردەکردنی ٤٠٠ هەزار بەرمیلی لەرۆژێکدا هەیە، ئەم هەموو سوودەی بۆ عیراق هەبێت، ئەی ئەگەر رێژەی هەناردەکردنی نەوت بەرز بووەوە بۆ یەك ملیۆن بەرمیل لەرۆژێکدا و گازی سروشتی گەیشتە ئەو ئاستەی بنێرێتە دەرەوە، ئایا هەرێمی کوردستان چەند سوودی بۆ عیراق دەبێت؟ بێگومان ساڵانە زیاتر لە ٢٠-٢٥ ملیار دۆلار داهاتی عیراق زیاد دەکات، ئەگەر دەوڵەتمەداری لێهاتوو و ژیر لە عیراقدا بوونی هەبێت، تەنها ئەم داهاتەی کە لە هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە ئەوا هەموو عیراقی بەباشی پێ بەڕێوە دەچێت. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەقڵیەتی حکومڕانیکردنی ئێستای سەرۆك وەزیرانی عیراق ئەقڵیەتی تێکدانی دەوڵەتی فیدرالی و دیموکراتییەو حەزی لە خۆسەپێنی و تاکڕەوی و سەنترالیە، دەوڵەتی عیراقی بەرەو ئاراستەیەك بردووە کە زۆر نزیکە مێژووی یۆگسلافیای بەسەردا دووبارە بێتەوە و کوردستانیش ئەمجارەیان وەك دەوڵەت ناسنامەی خۆی پیشانی جیهان بداتەوە.

**ئەگەر دەوڵەتمەداری لێهاتوو و ژیر لە عیراقدا بوونی هەبێت، تەنها ئەم داهاتەی کە لەهەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ بەغدا ئەوا هەموو عیراقی بەباشی پێ بەڕێوە دەچێت**



**وردەکاری ئەو کێشـــانەی ئێســـتا حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بەغدا هەیەتی چۆنن؟ ئایا هەرێمی کوردستان تاکەی چاوەڕێی ئەوە دەکات بە زمانی دیالۆگ کێشەکانی لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکات؟ ئەگەر بەغدا ئامادەنەبوو بە دیالۆگ و دانوستاندن ئەم کێشانە چارەسەر بن، ئایا هەرێم پلانی دیکەی هەیە؟ ئێستا بەغدا مووچەی فەرمانبەرانی کوردستانیشـــی بڕیوە، ئایا حکومەتی هەرێم چۆن ئەم کێشـــەیە چارەسەر دەکات؟ ئایا تاچەند بڕینی بودجە کاریگەری لەسەر وەبەرهێنان وەستاندنی پرۆژەکان دەبێت؟ بۆ قسەکردن لەسەر هەموو ئەم پرســـانە و بەرچاوو ڕوونیی خوێنەرانی گوڵان بە وردەکارییەکان، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ بەڕێز سەفین دزەیی وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** لـــەم دیدارەدا حەزدەکەین بەڕێـــزت وەك وتەبێژی فەرمی حکومەتـــی هەرێمی کوردســـتان، وردەکاری هەناردەکردنی نەوت و کێشەکانتان لەگەڵ بەغدا بۆ خوێنەرانی گوڵان باس بکەن و بۆچی ئەم کێشانە هێندە ئاڵۆز بووە و بارودۆخەکەی بەبن بەست گەیاندووە؟**

- بێگومان هەتا ئێســـتا کۆمەڵێك بابەتی گرنگ و هەستیار لەنێوان هەولێر و بەغدا هەیە و تائێســـتا چارەســـەر نەکراون، بەشێك لەو بابەتانە یاسایی و دەستوورین، بەڵام هەر لەسەرەتای دامەزراندنی حکومەت لەدوای ڕووخانی ڕژێمی پێشـــوو کە حکومەتی عەللاوی بوو دوای ئەویش د.جەعفەری و ئێستاش نـــوری مالیکیـــە، لەبەر هەر هۆکارێك بێت ئەو کێشـــانە بە چارەسەر نەکراوی ماونەتەوە، ئەم کێشانە هەوڵیان لەگەڵدراوە بۆ ئەوەی چارەسەر بکرێن، بەڵام هەوڵەکان بۆ چارەسەرێکی کەم و کاتی بووە و لەوانەیە زیاتر جەخت لەســـەر بەشـــێکی لاوەکی کێشـــەکە کرابێتەوە و لەلایەنـــە گرنگەی وەلانرابێت، بۆنموونە جیبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ یەکێکە لەو کێشـــانە، ئەوجا ئەگەر لێرەوە بێینە ســـەر ئەو هۆکارە ســـەرەکیەی کە ئەمجارە بۆتە خاڵی سەرەکی لە کێشەی نێوان هەولێر و بەغدا، ئەویش مەســـەلەی نەوتە، ئەو نەوتەی ئەمڕۆ لەکوردســـتان بەرهەمهێنراوە، بەرهەمی ســـتراتیژیەتی حکومەتی هەرێمی

## سەفین دزەیی بۆ گوڵان:

# بە بڕیارێکی سیاسیی بودجەی هەرێم ڕاگیراوە، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێی ڕاگەیاندن ئەوە بڕیارێکی ترسنۆکانە و نامرۆییە و قابیلی قبوڵکردن نییە

کوردستانە کە لە کابینەی پێنجەمەوە دەستی پێکراوە و ئێستا گەیشتۆتە ئەو قۆناخەی نەوتی هەرێمی کوردستان بە بۆری ڕەوانەی بازاڕەکانی جیهان بکەین، ئەم هەنگاوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەربنەمای ئەو دەسەڵاتانەیە کە دەستووری عێراق دوای ساڵی ٢٠٠٥ بەهەرێمی کوردستانی داوە، لە دەستووردا هاتووە ئەو کێڵگە تازانەی نەوت کە لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ دەدۆزرێنەوە ئەو هەرێمە دەتوانێت بە هەماهەنگی حکومەتی فیدرالی ئەو کێڵگانە بەڕێوە بەرێت و نەوتەکەی ڕەوانەی بازاڕەکانی جیهان بکات، ئەو کێڵگە نەوتیانەشی پێش ٢٠٠٣ هەبوون، ئەوا حکومەتی فیدرالی بە هەماهەنگی لەگەڵ پارێزگاکان کاری لەسەر بکات و بەڕێوەی ببات، لەسەر ئەم بنەمایە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەستا بە هاندانی هەندێك کۆمپانیا بۆ ئەوەی بێنە کوردستان و ڕووپێوی هەرێمی کوردستان بکەن بۆ ئەوەی بزانن لە هەرێمی کوردستان (هەولێر و سلێمانی و دهۆك) نەوت و گاز بوونی هەیە یان نە، لەسەر ئەم بنەمایە دەرکەوت کە لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە٤٥ ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگ هەیە، ئەمە جگە لە گازی سروشتی کە ئەویش بڕێکی هێجگار زۆرە، دوای ئەمە چەند کۆمپانیایەکی بچووك لە ئەورووپا و هیندستان و چەند شوێنێکی دیکە ڕوویان کردە کوردستان، لەسەرەتادا ئەم کارە موجازەفەبوو بەوەی کۆمپانیایەك بێت پارەی خۆی لە شتێکدا خەرج بکات کە دڵنیا نییە ئەو پارەی بۆ دەگەڕێتەوە یان نە، بەڵام بەهۆی سەرکەوتنی سیاسەتی نەوت و گازی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرچاوڕوونی بەوەی قازانج دەکەن، ئەوەبوو بەرەبەرە کۆمپانیای گەورەکانی نەوت لەسەر ئاستی هەموو جیهان ڕوویانکردە هەرێمی کوردستان و پشکی کۆمپانیا بچووکەکانیان کڕییەوە و پرۆسەکە گەیشتۆتە ئەو قۆناخەی هەندێك کۆمپانیا نەك هەر لە قۆناخی دەرهێنانی نەوت کاربکەن، بەڵکو گەیشتۆتە ئاستی ئەوەی نەوتەکە بەرهەم بهێنرێت و ئامادەبێت بۆ ئەوەی هەناردەی بازاڕەکانی جیهان بکرێت، بێگومان لەسەرەتا حکومەتی فیدرالی مەزندەی ئەوەی نەدەکرد ئەم پرۆسەیە سەرکەتوو بێت، لەو بڕوایەدا بوو کە لەوانەیە هەر نەسەلمێنرابێت ئەو یەدەگە گەورەیەی نەوت لە کوردستان بوونی هەبێت، کە سەلمێنرا ئەو یەدەگە هەیە، حکومەتی فیدرالی لەو بڕوایەدا بوو کۆمپانیای گەورەی جیهانی ڕووناکەنە هەرێمی کوردستان بەو ئاستە گەورەیە وەبەرهێنان لەکەرتی نەوت و گازی ئەو هەرێمە بکەن، لەبەر ئەوەی دامەزراندنی ژێرخانی نەوت و گاز سەرمایەیەکی هێجگار گەورەی دەوێت، کە کۆمپانیای زۆر گەورەش هات

**ئەگەر هەڵوێستی شەهرستانی بەراورد بکەین لەگەڵ هەڵوێستەکانی پێشانی دەتوانم بڵێم هەڵوێستێکی زۆر ئەرێنی هەبووە، هەوڵیدا کەوشوهەوایەکی لەبار دروست ببێت بۆ ئەوەی بگەینە ئاکامێک**

**پێشتر بە بڕیارێک لە کابینەی شەشەم بڕیاردرابوو داهاتی وەزارەتەکانی کارەبا، شارەوانی، ناوخۆ، بدرێتەوە وەزارەتەکان بۆ ئەوەی بۆ پرۆژەکانی خۆیان خەرجی بکەن، ئێستا بڕیاردراوە، ئەو داهاتانە بگەڕێنەوە بۆ حکومەت، بۆ ئەوەی حکومەت سوودی لێوەربگرێت بۆ پێدانی مووچەی فەرمانبەران**

و ئەو وەبەرهێنانە گەورەی کرد و نەوت بەرهەم هات، ئەوا ئیتر دەبێت مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعە بکەن کە هەیە، بۆیە کە پێشتر دەیانووت ئەو پرۆسەیە نایاساییە و نادەستوورییە و هەرێمی کوردستان پەترۆڵ بە قاچاخ هەناردەی دەرەوە دەکات، بەڵام هەموو ئەو تۆمەتانە بێ بنەما دەرچوون، لەبەر ئەوەی ئەو کۆمپانیا گەورە جیهانیانە ئەگەر بزانن دەستووری عیراق ئەو دەسەڵاتەی نەداوە بەهەرێمی کوردستان ئەو سەرمایەیە گەورەیە و ناو و شکۆی خۆیان ناخانە ناو وەبەرهێنانێکی نارۆشنەوە، یان بێن کارێکی نایاسایی بکەن، چونکە ئەمە زیان لەبەرژەوەندی و ناوی کۆمپانیاکە دەدات لەسەر ئاستی جیهان، ئێستاش کە نەوت بەرهەم هاتووە، حکومەتی فیدرالی بیانوەکانی پێشتری نەماوە و دانی بەوەدا ناوە کە ئەمە کارێکی یاسایی و دەستووریە، بەڵام دەڵێت، باشە هەرێمی کوردستان مافی هەیە نەوت ڕەوانەی دەرەوە بکات و دەبێت ڕۆژانە ٤٠٠ هەزار بەرمیل بەرهەم بهێنێت و ڕەوانەی دەرەوەی بکات، چونکە ئەو بڕە لە ناو پرۆژەی بودجەی عێراق نووسراوە و لەپەرلەمان دەنگی لەسەر دەدرێت، لەوانەیە لە ئێستادا بڕی ئەو ٤٠٠ هەزارە بەتەواوەتی ڕەوانە نەکرێت، بەڵام لە ئایندەیەکی نزیك ئەم بەرهەمە بەرز دەبێتەوە و مەزندەکان بەوجۆرەن بگاتە ٢ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، ئەمە یەکێکە لەو بابەتانەی هەوڵمانداوە چارەسەری بکەین و بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆژی ٢٠١٣/١٢/٢٥، شاندی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەردانی بەغدای کرد بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەم بابەتە، لایەنی حکومەتی فیدرالی پێمان دەڵێت دەستان خۆش بێت ئەو نەوتە بەرهەم دەهێنن لەبەر ئەوەی داهات بۆ عێراق زیاد دەکات و عێراقیش بۆ بونیادنانەوەی ژێرخانی خۆی پێویستی بەو داهاتەیە، بەڵام بۆ هەناردەکردنی هەرێمی کوردستان تا سنوری عێراق لێی بەرپرسیارە و لەودیو سنورەوە حکومەتی فیدرالی دەبێتە بەرپرسیاری، واتە کۆمپانیای نەوت بۆ بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق (سۆمۆ) لێی بەرپرسیار دەبێت، پارەکەشی دەچێتە نیۆیۆرك لەوێ سندوقی داهاتی پەرەپێدانی عیراق IDF هەیە لەوێ ٥٪ جیادەکرێتەوە بۆ سندوقی قەرەبووی دەوڵەتی کوەیت، پاشان پارەکە دێتەوە بۆ بانکی ناوەندی عێراق، ئەمەش وەزارەتی دارایی عێراق لێی بەرپرسیارە، ئەوجا حکومەتی فیدرالی ١٧٪ی دەداتە هەرێمی کوردستان، ئەمەش واتە دووبارە هەرێمی کوردستان دەکەوێتەوە ژێر مەرحەمەتی بەغدا و وەزیری دارایی عێراق بەوەی بەشە داهاتی کوردستان دەنێرێت یان ناینێرێت. وەك ئەوەی ئێستا ڕووبەڕووی بووینەتەوە، لەبەرامبەر ئەمە پێشنیاری حکومەتی کوردستان ئەوەیە کە دەڵێت نەخێر، چونکە بەپێی دەستووری عیراق هەرێمی کوردستان ئەو مافەی هەیە نەوت هەناردەی دەرەوە بکات، ئێمە خۆمان نەوت دەفرۆشین، بەشی هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ بێتە هەرێمی کوردستان و ئەوەی دیکەشی بچێتە بەغدا خۆی چۆن ڕەفتاری پێوە دەکات ئازادە، لەمەش زیاتر حکومەتی هەرێمی کوردستان بەوەش ڕازییە کە حکومەتی فیدرالی لەهەموو پرۆسەکە بەشدار بێت، ئەمەش واتە لەو کاتەی کە نەوتەکە بەرهەم دەهێنرێت و دەچێتە ناو بۆرییەکە و ئامێری پێوانە ژمارەی بەرمیلەکان دیاری دەکات، هەروەها کە دەگاتە تورکیا لەکوێ کۆدەکرێتەوە، چۆن تەندەرەکان ئیحالە دەکرێت، چۆن نەوتەکە دەفرۆشێت، چۆن پارەکەی وەردەگیرێت، دانای ئەم پارەیە لە بانکێك، جیاکردنەوەی ڕێژەی ٥٪ بۆ قەرەبووکردنەوەی دەوڵەتی کوەیت، پاشان خەرجکردنی بڕی ١٧٪ی هەرێمی کوردستان، ئەوجا ئەگەر ئەو داهاتەی نەوت زیاتر بوو لە ڕێژەی ١٧٪ ئەوا هەرێم ئامادەیە ئەو زیادەیە بداتە بەغدا، خۆ ئەگەر کەمتر بوو دەبێت بەغدا بۆ هەرێمی کوردستانی تەواوبکات، بەڵام بەغدا سورە لەسەر ئەوەی خۆی بە تەنیا کۆنترۆڵی هەموو پرۆسەکە بکات و کۆمپانیای سۆمۆ تەنیا لایەن بێت لە فرۆشتنی نەوتەکەدا، پاشان پارەکە بچێتە بانکی ناوەندی عێراق و بکرێتە بودجە و وەزیری دارایی عێراق بەشە بودجە بۆ هەرێمی کوردستان بە ئیمزای ئەو خەرج بکرێت.

لە کۆبوونەوەی دووەمی شاندی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا کە ٢٠١٤/١/٢٠ بۆ هەمان مەبەست ئەنجامدرا، دیسان لەو کۆبوونەوەیە ئەم مەسەلەیە وتووێژی لەسەر کراوە، لێرەدا بەپێویستی دەزانم لە کۆبوونەوەی یەکەم و دووەم و کۆبوونەوەی سێهەمیش کەبەر لە چەند ڕۆژێك ئەنجامدرا، ئەگەر هەڵوێستی د.حوسێن شەهرستانی بەراورد بکەین لەگەڵ هەڵوێستەکانی پێشانی دەتوانم بڵێم هەڵوێستێکی زۆر ئەرێنی هەبووە، هەوڵیدا کەوشوهەوایەکی لەبار دروست ببێت بۆ ئەوەی بگەینە ئاکامێك، ئەمە شتێکی باشە، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە مەسەلەی سیاسەتی گشتی حکومەتی عێراقیە، لەبەر ئەوەی سیاسەتی گشتی حکومەتی عێراق ئەم پرسە یەکلایی دەکاتەوە نەك هەڵوێستی کەسێك، بە تایبەتیش کە ئێستا لەم قۆناخە بەرەو هەڵبژاردنەکانی عێراق دەچین، لەوانەیە ئەم مەسەلەیە لەلایەن مالکیەوە وەك کارتێکی هەڵبژاردن و کارتێکی فشار دژی هەرێمی کوردستان بەکاربهێنرێت، ئەمانە هەموویان لەوانەیە هۆکاربن، بەڵام لەدوا کۆبوونەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر ڕاشکاوانە داکۆکی لەسەر ئەوە کرد، کە دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی سەرەکی لە هەناردەکردنی نەوت بگێڕێت و بەشێوەی پشتر باسم کرد، دەبێت شەفافیەتێکی تەواو هەبێت و بەشداریەکی تەواوی حکومەتی فیدرالیش هەبێت. بێگومان لە ئاکامی ئەم کۆبوونەوانە لایەنی حکومەتی عێراقی گوتیان ئەو پێشنیار و تێبینیانە هەموویان وەردەگرین و ئەوانەی یاسا ڕێگەیان پێبدا وەڵامتان دەدەینەوە، هەر بۆ نموونە یەکێك لەو پێشنیارانە کردنەوەی حسابێك بەناوی هەرێمی کوردستان لە سندوقی داهاتی پەرەپێدانی عێراق DFI، ئەم پارەیە ڕاستەوخۆ بچێتە ناو ئەو حسابە و بنێردرێت بۆ بانکی ناوەندی لقی هەرێمی کوردستان. وتیان ئەمە لەڕووی یاساییەوە دیراسەت دەکەین

**لە کۆبوونەوەی ڕابردووی نێوان بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی و ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، ئەوان هەڵوێستی خۆیان دووپاتکردەوە بەوەی پابەندن بەو ڕێککەوتنەی کە لەچەند مانگی ڕابردوو لەنێوان هەولێر و بەغدا کراوە**

ئەگـــەر کرا دواتر وەڵامتان دەدەینەوە، ئێســـتا ئێمە چاوەڕێی وەڵامەکانی بەغدا دەکەین. لەســـەر ئـــەو وەڵامانە هەرێمیش تێبینی خۆی دەبێـــت، لەوانەیە کۆبوونەوەی دیکەش بکرێت. دیارە ئەم بابەتە هەســـتیارە بە کۆبوونەوەیەك و دوو کۆبوونەوە چارەســـەر ناکرێت. هەتا بواری ئەوەش بمێنێت کێشـــەکە بە دیالۆگ چارەســـەر بکەین، حکومەتی هەرێمی کوردســـتان لایەنگیری دیالۆگ دەکات.

*** گومان لەوەدا نییـــە کە هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم پشت ئەســـتوورە بە دەســـتووری عێراق، بەڵام ئایا تاچەند دەستوور زامنە بۆ سەرکەوتنی هەرێم لە پرۆسەی دانوستاندن لەگەڵ بەغدادا؟**

- ئەگەر باســـی دەســـتوور بکەین، ئـــەوا چەندین بڕگە و ماددەی دەستووری هەن کە پشتگیری لە هەرێمی کوردستان دەکەن، بەڵام کاتێك ئەو بڕگـــەو ماددانە جێبەجێ ناکرێت ئەوە پێشێلکردنی دەســـتوور و یاساکانی عێراقە، بۆ نموونە بڕینـــی مووچە لە هەرێمی کوردســـتان ئەوە زۆر بەڕوونی پێشێلکردنی یاسای بودجەیە کە لەپەرلەمانی عێراق دەنگی لەســـەر دراوە، ئەگەر بێینە ســـەر لایەنە مرۆڤایەتیەکەشی بێگومان ڕەفتارێکی نامرۆییانەیە، بۆیە نەك هەر لەســـەر ئەم پرســـە بەڵکو ڕۆژانە لە عێراقدا دەســـتوورەکە پێشـــێل دەکرێت، ڕێگەچارە ئەوەیـــە کە حکومەتی فیدرالی ببرێتە بەردەمـــی دادگای فیدرالـــی، ئایـــا دادگای فیدرالی لەبەرژەوەندی تۆ بڕیار دەدات یان نە، ئەوەیان مەسەلەیەکی ترە، بەڵام مەســـەلەی گرنگ ئەوەیە چەند دەخایەنێت هەتا دادگای فیدرالـــی بڕیار دەدات، ئەمە مەســـەلەکەیە، هەر بۆ نموونە پێشـــتر چەند یاسایەك هەبوون وەك ماددەی ٢٣ بۆ هەڵبژاردنەکانی کەرکوك، ئەم مەسەلەیە درایە دادگای فیدرالی و دادگا لەبەرژەوەندی خەڵکی کەرکوك و هەرێمی کوردستان ڕەتیکردەوە.

*** باشە بۆ تائێستا لەسەر بڕینی بودجە لە دادگای فیدرالی شـــکاتتان نەکردووە؟ ئایا چاوەڕێی ئاکامی کۆبوونەوەکان دەکەن؟**

- من سەرەتا دەمەوێت لەسەر مەسەلەی بودجە هەڵوەستەیەك بکەم و زیاتر ڕوونی بکەمەوە، بەشـــە داهاتی کوردســـتان بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی لە کابینەکەی د.عەللاوی لەسەری ڕێککەوتوویـــن بە ١٧٪ دیـــاری کراوە، ئـــەم ڕێککەوتنە کاتیە هەتا ســـەرژمێری لە عێراق دەکرێـــت، ئەم لە ١٧٪ کە زۆر جار لەبەغدا قســـەی ئەوەی لەســـەر دەکرێت ئەوە بۆ کوردســـتان زۆرە و دەبێت کەمبکرێتەوە، لە چەند ساڵی ڕابردوو ١١,٥٪ کەمیکردووە تا گەیشتۆتە ئەوەی ئەمساڵ ٩,٩٪ دەگاتە هەرێمی کوردستان، هۆکارەکەش ئەوەیە ساڵ بە ساڵ خەرجیەکانی سەروەری بەرز دەبێتەوە، ئەم خەرجیانە لە بودجـــە جیادەکرێتەوە، ئەوجا لـــەوەی دەمێنێتەوە ١٧٪ دەدرێتە هەرێمی کوردستان، بۆیە ئەگەر ١٧٪ی بودجە بۆ کوردستان بوایە و خەرجیە سەروەرییەکانی لێ نەبڕایە، ئەوە ڕێژەیەکی زۆر بـــاش دەبوو، بۆ نموونە کۆمەڵێك دامەزراوە لە هەرێم هەن وەك دەســـتەی دەســـپاکی، دەستەی مافی مـــرۆڤ و چەندین دامەزراوەی دیکە، ئەمانە بودجەکانیان دەکەونە ناو خەرجی ســـەروەرییەوە، بەڵام حکومەتی عێراق نایانداتێ، سوودمەند نییە لە دامەزراوە هاوشێوەکانی خۆی لە بەغدا، یان ســـوپا، ڕاستە سوپا بۆ هەموو عێراقە، بەڵام پێشمەرگەش سوودمەند نییە لەو خەرجیە، ئەمە لە کاتێکدا بەشی کوردستانیش لەو خەرجیە دەگێڕنەوە، لەلایەکی دیکە لەناو بەشەکانی دیکەی بودجە هەندێك بەش هەن، کە بەبێ ڕاوێژکردن لەگەڵ هەرێم لەبەغدا دادەڕێژرێت، هەر بۆ نموونە لە نـــاو بودجەی عێراق میلاکاتـــی فەرمانبەران لە بەغدا ١٧٪ یان بۆ هەرێمی کوردســـتان لەناو بەشە داهاتی هەرێم دیاری کردووە، کەچـــی ڕێژەی میلاکات لەهەرێم ٢٣٪یە، ئەمەش ڕاســـتەوخۆ کورتهێنان دروست دەکات، سەبارەت بە بودجەش کـــە چەند مانگێکە کێشـــەی تێکەوتووە، بیانوو ئەوەبوو حکومەتی عێراق بەهۆی ئەوەی بودجە لەپەرلەمان پەسەندنەکراوە کێشـــەیەکی دارایی هەیە، کێشەی نەختینە (سیولە) هەیە، ئەمە کێشەیەکی گشتیە لە عێراقدا، بەڵام بۆمـــان ڕوونبووەوە پاش ئەوەی بریـــکاری وەزیری دارایی عێراق کۆمەڵێك ڕوونکردنەوەی لە میدیاکان ڕاگەیاند، کە ئەم مەســـەلەیە تەنها بۆ کوردســـتان بووە، ئەوە بڕیارێکی سیاســـیی بووە و لە هیچ شـــوێنێکی عێراق ئەو کێشـــەیە بوونی نەبووە، کە لەبەغـــداش بووین وەزیرە کوردەکان پێیان ڕاگەیاندین لە وەزارەتەکانی ئەوان مووچەکان دەدرێت، ئەو ڕێژەی یەك لەســـەر دوانزەیەی کە بەپێی یاسا هەتا بودجە پەســـەند دەکرێت خەرج دەکرێت، هەمووی خەرج دەکرێت بە پارەی پرۆژەکانیشـــەوە، بەڵام بۆ هەرێمی کوردســـتان نەك بودجەی بەکاربردن و وەبەرهێنان نانێرن، بەڵکو مووچەکەشیان نەناردووە.

*** ئایا هیچ بڕیارێك هەیە کە مووچەی مانگی شوبات بۆ فەرمانبەرانی هەرێم خەرج بکەن؟**

- بەپێی ئـــەو لێدوانانەی بریکاری وەزیری دارایی عیراق د.فازل نەبی ڕایگەیاندووە، بە بڕیارێکی سیاسی بودجەی هەرێمی کوردستان ڕاگیراوە، بەڵام ئەمە تاکەی دەبێت ئێمە نازانین، بەڵام لە کۆبوونەوەی ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو کە کرا، لەگەڵ ئەوەی بەرنامەی کۆبوونەوەکە لەسەر نەوت بـــوو، بەڵام بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ســـەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بە راشکاوانەو بەتوندی ڕەخنەی لە حکومەتی فیدرالی گـــرت بەوەی گەمە بە بژێوی خەڵك دەکەن، ئەمە نە سیاســـەتە نە یاســـاییە نە دەستوورییە، نە مرۆییشـــە، لەبەر ئەوەی پێی گووتن ئەوە بەهیچ شێوەیەك قابیلی قبوڵکردن نییە، پێویســـتە بە سیاســـەت و بڕیاری خۆیاندا بچنەوە، لەمەش زیاتر سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان پێی ڕاگەیاند، مەزندەی ئەوە مەکەن هەرێمی کوردستان بەو فشارانە چۆك دابدات.

**ئێمە وەک حکومەتی هەرێمی کوردستان هەتا ئێستا بڕیاری فرۆشتنی نەوتمان نەداوە، بۆیە ئەگەر هەر بڕیارێک بدەین ئەوە تایبەت دەبێت بە هەرێمی کوردستان، ئەوجا لەگەڵ بەغدا ڕێککبکەوین یان خۆمان بڕیار بدەین ڕاستەوخۆ بیفرۆشین، ئەوە بڕیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت**

**بەشێوەیەکی گشتی یەکێتی ئەوروپا پشتگیری هەرێمی کوردستان دەکەن، ئەو ئەزموونەی لە هەرێمی کوردستان هەیە وەک ئەزموونێکی دیموکراتی سەرکەوتوو سەیری دەکەن وێڕای هەموو کەموکوڕیەکانی**

**تا بوار هەبێت دەمانەوێت بە دیالۆگ کێشەکانمان لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکرێت و ڕێگەی مامناوەندی بدۆزرێتەوە، بەڵام سازش و تەنازول لەفەرهەنگی سیاسی کوردا بوونی نییە**

*** وەڵامی ئەوان چی بوو؟**

- ئەوان گوتیان ئەو کۆبوونەوەیە بۆ وزەیە، ئەوان پشتڕاست نەکراون بۆ ئەوەی لەسەر ئەو پرسە موناقەشە بکەن، بەڵام تێبینییەکان وەردەگرن و دەیدەنە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق.

*** ئێوە وەك حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پێدانی مووچەی فەرمانبەران چ پلانێکتان لەبەر دەستە بۆ ئەوەی مووچە دابین بکەن؟**

- ئاشکرایە بودجەی هەرە سەرەکی هەرێم ئەو ١٧٪یە کە لەبەغداوە بۆی دێت، بەڵام دوای بڕینی ئەوە، ئێستا هەندێك ڕێوشوێنی جددی گیراوەتە بەر و بڕیارێك لە ئەنجوومەنی وەزیران دەرچووە کە ئەو وەزارەتانەی داهاتی خۆیان هەیە وەك وەزارەتەکانی کارەبا، شارەوانی، ناوخۆ، پێشتر بە بڕیارێك لە کابینەی شەشەم بڕیاردرابوو داهاتی ئەو وەزارەتانە بدرێتەوە وەزارەتەکان بۆ ئەوەی بۆ پرۆژەکانی خۆیان خەرجی بکەن، ئێستا بڕیاردراوە، ئەو داهاتانە بگەڕێنەوە بۆ حکومەت، بۆ ئەوەی حکومەت سوودی لێوەربگرێت بۆ پێدانی مووچەی فەرمانبەران.

*** ئایا ئەمە کێشەکە چارەسەر دەکات؟**

- ئەمە تارادەیەك چارەسەری دەکات، جگە لەمەش هەندێك سەرچاوەی دیکەش هەیە بۆ نموونە وەك ئەو کۆمپانیانەی نەوت گرێبەستیان لەگەڵ دەکرێت، بودجەیەکی تایبەت بەناوی شیرینی بۆ دەسپێکی پرۆژەکان دەدەن، بەڵام هەموو ئەمانە بەشێوەیەکی کاتیی چارەسەری کێشەکە دەکات.

*** بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر بۆ چارەسەری ئەم پرسە پێش ئەوەی سەردانی بەغدا بکات سەردانی ئەنقەرەی کردو لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆك وەزیرانی تورکیا کۆبۆوە، ئایا تورکیا تاچەند کاریگەری هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە؟**

- پەیوەندی هەرێمی کوردستان هەر لە ساڵی ١٩٩١ـەوە لەسەر بنەمای مامەڵەکردن لەگەڵ واقیع دروست بووە، ئەوکاتەی کە هەرێمی کوردستان ناوچەی دژەفڕین بووە و هێزەکانی هاوپەیمانان لە تورکیا پارێزگاری کوردستانیان دەکرد، لەدوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراقیش بە تایبەتی دوای ساڵانی ٢٠٠٨-٢٠٠٩ پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و ئەنکەرا لەڕووی ئابووری و سیاسییەوە پتەوتر بوو، ئاشکراشە دۆسیێی وزەش ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لەو هاوکێشەیەدا و لە بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا، لەمەش زیاتر ئەمڕۆ تورکیا پێویستی بەوەیە کە دراوسێیەکانی سەقامگیر بێت، هەر بۆ نموونە سوریا ٩٠٠ کیلۆمەتر سنوری لەگەڵ تورکیا هەیە ئەوە بارودۆخەکەیەتی و کاریگەری سلبی لەسەر تورکیا هەیە، بۆیە تورکیا دەیەوێت کوردستان سەقامگیر بێت لەبەر ئەوەی بازاڕێکی گەورەیە بۆ تورکیا، ئێستا نزیکەی ١٠ ملیار دۆلار وەبەرهێنانیان لە کوردستان هەیە، هەروەها مەسەلەی وزەش هاتۆتە ئاراوە ئەمڕۆ تورکیا پێویستی بەو پەیوەندییانە هەیە لەگەڵ هەرێمی کوردستان، لە کۆبوونەوەی ڕابردووی نێوان بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی و ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، ئەوان هەڵوێستی خۆیان دووپاتکردەوە بەوەی پابەندن بەو ڕێککەوتنەی کە لەچەند مانگی ڕابردوو لەنێوان هەولێر و بەغدا کراوە، هەروەها پشتگیری وتووێژەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دەکەن، بۆ ئەوەی بگەنە ئاکامێك بۆ بەرژەوەندی هەموو خەڵکی عێراق.

*** ئایا ئەگەر نەوتەکەتان فرۆشت تورکیا ئامادەیە پشتگیری هەرێمی کوردستان بکات؟**

- ئێمە وەك حکومەتی هەرێمی کوردستان هەتا ئێستا بڕیاری فرۆشتنمان نەداوە، ئێستا ئێمە لە دانوستانداین لە سەر ئەم پرسە لەگەڵ بەغدا، بۆیە ئەگەر هەر بڕیارێك بدەین ئەوە تایبەت دەبێت بە هەرێمی کوردستان، ئەوجا لەگەڵ بەغدا ڕێکبکەوین یان خۆمان بڕیار بدەین ڕاستەوخۆ بیفرۆشین، ئەوە بڕیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت.

*** مەسەلەی وزە گرێماندەداتەوە بە بازاڕەکانی یەکێتی ئەوروپاشەوە، ئایا بەپێی تێڕوانینی ئێوە تاچەند ئەم یەکێتیە گەورەیە پشتگیری هەرێمی کوردستان دەکات لەم پرۆسەیەدا؟**

- یەکێتی ئەوروپا تێڕوانینی جیاوازە لەگەڵ ئەمریکا، ئەوان وەك بلۆکێك هەروەها وەك دەوڵەتەکانیش، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی وەك لە ئاکامی پەیوەندییەکان هەستمان پێکردووە، بەشێوەیەکی گشتی پشتگیری هەرێمی کوردستان دەکەن، ئەو ئەزموونەی لە هەرێمی کوردستان هەیە وەك ئەزموونێکی دیموکراتی سەرکەوتوو سەیری دەکەن وێڕای هەموو کەموکوڕیەکانی، هەروەها لەپەرلەمانی بەریتانیا بلۆکێکیان هەیە بۆ پشتگیری لە هەرێمی کوردستان و ئیشی باشیشیان کردووە و بەردەوامیش دەبن.

*** دوا پرسیارمان ئەوەیە ئەگەر لەگەڵ بەغدا نەگەیشتنە ڕێککەوتن سازش دەکەن یان ڕێگەی دیکەتان هەیە پەنای بۆ بەرن؟**

- ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازیمان، دەبینین لە هیچ کات و زەمەنێکدا و لەناخۆشترین کاتدا سازشمان لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی نەکردووە، ئەوجا هەر حکومەتێك بووبێت، بەڵام هەر کاتێك دەستیان بۆ دیالۆگ و دانوستاندن درێژ کردبێت هەر لە ساڵی ١٩٦١ـەوە تا ئێستاش هەمیشە لایەنی کوردستانی ڕەتینەکردۆتەوە و پێشوازی لە دیالۆگ کردووە، بەڵام هەرگیز سازش یان تەنازولی نەکردووە، بۆیە ئەمجارەش سازش لەسەر مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان ناکات. بەڵام تا بوار هەبێت دەمانەوێت بە دیالۆگ ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت و ڕێگەی مامناوەندی بدۆزرێتەوە، بەڵام سازش و تەنازول لەفەرهەنگی سیاسی کوردا بوونی نییە.



**دیندار دۆسکی**

**وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ بۆ گوڵان:**

# سەرۆک وەزیرانی عێراق ئاراستەی حکومەتی فیدراڵی و تەوافوقی بەرەو دیکتاتۆریەتی زۆرینە بردووە

**ڕایەڵی سەرەکی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق تەنیا دەستووری عێراقە، ئێستا نەك ئەو دەستوورە پێشێل دەکرێت، بەڵکو بەغدا شەڕی بژێوی و مووچەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان ڕاگەیاندووە، هەتا ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵی ئەوەدایە کە بە دیالۆگ ئەم کێشانە چارەسەر بکات، بەڵام حکومەتی عیراق ئاراستەیەکی دیکەی گرتووە و بڕوای بەدابەشکردنی دەسەڵات و داهات نییە، ئەمەش مانای ئەوەیە نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عیراق خەریکە ئەو کۆڵەگانەی دەوڵەتی فیدرالی عیراقی لەسەر بونیادبنرێت هەموویان تێکدەشکێنێت و بەرەو ئاراستەی دەوڵەتێکی سادەی سەنترالی هەنگاو هەڵدەگرێت، سەبارەت بەم لایەنە بۆ وردەکاری ڕەفتار و هەنگاوەکانی سەرۆك وەزیرانی عیراق، پەیامنێری گوڵان سەردانی بەغدای کرد و لەسەر وردەکاری ئەم ڕووداوانە ئەم دیمانە تایبەتەی لەگەڵ بەڕێز دیندار دۆسکی وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ سازداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

**گوڵان ــ بەغدا**

*** سەرەتا دەمەوێت لەو خاڵەوە دەست پێبکەین ئایا بۆچی بارودۆخی عێراق گەیشتۆتە ئەم ئاستە بەگشتی و هەروەها بۆچی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا گەیشتۆتە ئەم بنبەستە؟**

- کێشەکانی عێراق زۆر قوڵ و ئاڵۆزن، ئەوجا لەبەر ئەوەی ئێمەش وەك هەرێمی کوردستان بەشێکین لە عێراق، ئەوا بارودۆخی عێراق بەهەردوو حاڵەتی ئەرێنی و نەرێنی کاریگەری لەسەر رەوشی هەرێمی کوردستان دەبێت و رەنگدانەوەشی لەسەر پێوەندییەکانی نێوان بەغدا و هەرێم دەبێت، ئەمە بێجگە لەوەی هەرێمی کوردستان خۆیشی کێشەی لەگەڵ بەغدا هەیە و کێشەکانیش کۆنن و تەنیا هی ئەمساڵ نین، ساڵانی پێشتریش کێشەمان لەگەڵ بەغدا هەبووە، ئەگەر باسی کێشەی نەناردنی بودجەی ئەمساڵی عیراق بکەین و نەناردنی بودجە بۆ هەرێمی کوردستانیش بکەین، بێجگە لە کۆمەڵێك کێشە کە پێشتریش لەسەر بودجە هەمان بووە، ئەوا ئێستا کێشەی دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستانیش هەیە بەوەی هەرێمی کوردستان بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی لە دەستووری عێراقدا پێی دراوە ئەو کارانەی ئەنجامداوە و ئێستا حکومەتی عێراق نایسەلمێنێت، نەسەلماندنی ئەم مافە دەستوورییەی هەرێمی کوردستانیش لەلایەن حکومەتی فیدرالیەوە ترسێکە لەوەی دوای ئەوەی هەرێمی کوردستان بەخۆی نەوت هەناردەی دەرەوە دەکات ئەوا ژێرخانێکی پتەوی ئابووری بۆ هەرێم دروست دەبێت و دەبێتە بناخەیەك بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان بیر لە هەنگاوی دیکە یان دامەزراندنی دەوڵەت بکاتەوە، لەلایەکی دیکە ئەوەی کێشەکەی گەیاندۆتە حاڵەتی جۆرێك لە بن بەست ئەوەیە، ئەو سیاسەتمەدارانەی ئێستا لە حکومەتی فیدرالی بەرپرسن هەتا ئێستاش بە ئەقڵیەتی سەنترالی بیر دەکەنەوە و لەناو حکومەتی فیدرالی وەك حکومەتی سەنترالی رەفتار دەکەن، هەربۆیە ئێستا لە هەوڵی ئەوەدان یاسای پارێزگاکان هەموار بکەن، لەبەر ئەوەی ئێستا پارێزگاکان جۆرێك لە دەسەڵاتی لامەرکەزیان هەیە، ئەوان پێیانوایە دەسەڵاتی پارێزگاکان زۆرە و حکومەتی فیدرالی لاواز کردووە، بۆیە لە هەوڵی ئەوەدان هەندێك دەسەڵات لە پارێزگاکانیش وەربگرنەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە حکومەت لە فیدرالیەوە بگێڕنەوە بۆ سەنترالی، ئەمە لەگەڵ ئەوەی خۆشیان باش دەزانن کە لەدەستووردا هاتووە بەوەی پێویستە لە بونیادنانەوەی عیراقی نوێدا پێویستە دەسەڵات زیاتر بەرەو بەهێزکردنی لامەرکەزییەت بچێت، نەك بگەڕێینەوە بۆ مەرکەزیەت یان حکومەتی سەنترالی، ئەوجا ئەگەر لەم راستەوە سەیری کێشەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا بکەین، ئەوا دەبینین حکومەتی فیدرالی بەغدا دەیەوێت وەك حکومەتێکی سەنترالی هەژموونی خۆی بەسەر پارێزگاکان و هەرێمی کوردستانیشدا فەرز بکات، بێگومان هەرێمی کوردستانیش ئەمە قبوڵ ناکات، لەدەرەوەی ئەمەش گوشاری دەرەکی لەسەر دەوڵەتانی ئیقلیمی میحوەر هەیە وەك میحوەری ئیران، تورکیا، سعودیە، ئەوجا لەبەر ئەوەی ئەمە وەزعی عێراقە لەهاوکێشە سیاسییەکەدا و کوردیش بەشێکە لەعیراق، ئەوا هەر چۆنێك بێت، کاریگەریی لەسەر ئێمەش دەبێت.

*** بەرێزت باسی فەرزکردنی هەژموونت کرد، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت، ئێستا سوننە پەراوێزخراوە، مالیکی لە هەوڵی ئەوەدایە کوردیش پەراوێز بخات، ئایا ئەمە دەچێتە سەر؟**

- لە عێراقدا سێ پێکهاتەی سەرەکی هەیە کە ئەوانیش (کورد و شیعە و سوننە)ن، ئێمە وەك کورد دژی هەموو جۆرە پەراوێز خستنێکین ئەوجا ئەو پەراوێز خستنە سوننە بێت یان تەنانەت پێکهاتەیەکی ناو شیعەش بێت، لە دروستکردنی هاوپەیمانیشمان لەگەڵ یەکێك لە پێکهاتەکان، هەرگیز لەسەر ئەو بنەمایە هاوپەیمانی ناکەین، بۆ نموونە هاوپەیمانی لەگەڵ شیعە بکەین بۆ پەراوێزخستنی سوننە، یان ئێستا کە کێشەمان لەگەڵ لایەنێکی سیاسیی ناو پێکهاتەی شیعە هەیە هاوپەیمانی لەگەڵ سوننە بکەین بۆ پەراوێزخستنی شیعە، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئێمە وەك کورد کێشەمان هەبێت، کێشەمان لەگەڵ پێکهاتەیەکی دیاریکرا و نییە، بەڵکو کێشەمان لەگەڵ لایەنێکی سیاسیی دیاریکراو هەیە، هەروەك ئێستا راستە هەرێمی کوردستان کێشەی لەگەڵ لیستی دەوڵەتی یاسا و مالیکی هەیە، بەڵام کێشەمان لەگەڵ لەگەڵ پێکهاتەی شیعە نییە، بۆیە لەم حاڵەتەدا دەبێت هەموو هێزە سیاسییەکانی عیراق ئەوەیان لەبەرچاو بێت کە دەبێت لە عیراقی تازە حکومڕانی لەسەر بنەمای شەراکەتی راستەقینەی هەموو پێکهاتەکانی عێراق بێت، ئەگەر ئەم شەراکەتە دروست نەبێت، ئەوا هەموو پێکهاتەکان بە سوننە و شیعەوە زەرەرمەند دەبن بە پێکهاتەی شیعەشەوە. هۆکاری ئەم حاڵەتەش بە تەنیا ناوخۆیی نییە، بەڵکو گوشاری دەوڵەتانی ئیقلیمیشی لەسەرە کە هەموویان دەیانەوێت کێشەکانی خۆیان لە عێراقدا یەکلایی بکەنەوە.

*** هەرێمی کوردستان هێشتا لە هەوڵی ئەوەدایە ئەم کێشانە بە دیالۆگ و دانوستاندن چارەسەر بکات، تا ئێستا چەند جارێك شاندی باڵای هەرێم سەردانی بەغدای کردووە، هەفتەی رابردووش شاندێکی باڵا بە سەرۆکایەتی بەرێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی**

نەسەلماندنی مافە دستوورییەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی فیدرالیەوە ترسێکە لەوەی دوای ئەوەی هەرێمی کوردستان بەخۆی نەوت هەناردەی دەرەوە دەکات ئەوا ژێرخانێکی پتەوی ئابووری بۆ هەرێم دروست دەبێت و دەبێتە بناخەیەک بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان بیر لە هەنگاوی دیکە یان دامەزراندنی دەوڵەت بکاتەوە

ئەو سیاسەتمەدارانەی ئێستا لە حکومەتی فیدرالی بەرپرسن هەتا ئێستاش بە ئەقڵیەتی سەنترالی بیر دەکەنەوە و لەناو حکومەتی فیدرالی وەک حکومەتی سەنترالی رەفتار دەکەن

ئێمە وەک کورد دژی هەموو جۆرە پەراوێز خستنێکین ئەوجا ئەو پەراوێز خستنە سوننە بێت یان تەنانەت پێکهاتەیەکی ناو شیعەش بێت

**حكومەتی هەرێمی كوردستان هاتە بەغدا، بەڵام دیسان كێشەكان چارەســەر نەكران، ئەگەر بە وردی باسی ئەم كێشــەیە بكەین، ئایا بۆچی بەغدا نایەوێت كێشەكان بە دانوستاندن لەگەڵ هەرێم چارەسەر بكات؟**

- هەرێمی كوردستان كۆمەڵێك كێشەی لەگەڵ بەغدا هەیە، ئەگەر باســی ســەردانی هەفتەی رابردووی شاندی هەرێمی كوردســتانیش دەكەیت، ئەوە تەنیا بۆ باسكردنی كێشەی بودجە و هەناردەكردنی نەوت بووە، لەم كێشەیەشــدا پرسی ســەرەكی نەوتە، لەبەر ئەوەی كێشەی ناو بودجەش باس لە مەسەلەی هەناردەكردنی نەوتــی هەرێمی كوردســتان دەكات، ئەم كێشــەیەش بریتییە لەوەی دەبێت هەرێمی كوردســتان رۆژانە ٤٠٠ هــەزار بەرمیل نەوت رەوانە بكات و هەناردەكردنەكەش بەرێگەی دامەزراوەی دەوڵەتی عێراق بۆ بەبازاڕكردنی نــەوت ( ســۆمۆ –SOMO)وە بێــت و حكومەتی عێراق كۆنترۆڵی هەموو پرۆســەكە بكات و هەرێمی كوردســتان هیچ رۆڵێكی تێدا نەبێت، بۆیە ئێمەش وەك هەرێمی كوردستان بەم پێشــنیارەی حكومەتی عێراق رازی نابین، لەبەرامبەردا پێشنیاری شاندی كوردستان كە حكومەتی فیدرالی پێی رازی نەبووە، پێشــنیاری ماقــووڵ و رێكوپێك بووە. هەر بۆنموونە ئەم دامەزراوە دەوڵەتیــەی بــۆ بەبازاڕكردنی نەوت كــە پێی دەڵێن ســۆمۆ، دامەزراوێكە حكومەتی عێراق بە ئارەزووی خۆی دایمەزراندووە و لــە هەیكەلی دامەزراندنەكەیدا رەچاوی پێكهاتەكانی دیكەی عێراق نەكراوە، واتە ئەم دامەزراوەیە لەبەر ئەوەی بۆ بەبازاڕكردن و فرۆشــتنی نەوتــی عێراقــە و نەوتیش موڵكــی هەموو گەلانی عێراقــە، ئەوا دەبێت ئــەم دەمەزراوەیەش (ســۆمۆ) رەنگدانەوەی هەموو پێكهاتەكان لەخۆی بگرێت، بەڵام ئەمەی ئێستا هەیە رەنگدانەوەی دەستەبژێرێكە، بۆیە دەبێت ئەم دامەزراوەیە بەشــێوەیەكی دیكە دامەزرێتەوە و رەنگدانــەوەی هەموو پێكهاتەكان بێت، نەك مالیكی خۆی كوردێك یان دوو كورد دەشنیشان بكات و بڵێت ئەوە نوێنەری كوردیشی تێدایە، ئەمە لەدەستووریشدا هاتووە بەوەی دەبێت لەم دامەزراوە دەستەیەكی باڵا دابمەزرێت بــۆ ئەوەی رەنگدانەوەی هەمــوو عێراقیەكان بێت، بۆ ئەوەی داهاتی ســامانە سروشــتیەكان بە شێوەیەكی دادپەروەرانە بەسەر هەموو عێراقیەكاندا دابەش بكرێت، بۆیە هەرێمی كوردستان پێشــنیاری كردووە بۆ ئێستا لیژنەیەكی هاوبەش دروســتبكرێت لەنێوان حكومەتی فیدراڵــی و حكومەتی هەرێم، ئــەم لیژنەیە هەموو دەسەڵاتێكی پێبدرێت بۆ وردەكارییەكانی هەناردەكردنی نەوتی هەرێمی كوردستان، پاشان پارەی فرۆشتنی ئەم نەوتە بنێردرێتە ســندوقی پەرەپێدانی عێراق (DFI)، لەناو ئەم ســندوقە حســابێكی لقی بكرێتەوە بەناوی هەرێمی كوردســتان و ١٧٪ی ئەو داهاتە دابنرێت بۆ هەرێمی كوردستان لە كۆی داهاتی فرۆشتنی نەوتی هەموو عێراق، پاشان ئەم پارەیە بنێردرێتە بانكی ناوەندی عێــراق - لقــی هەولێر، وەك بەشــە داهاتی هەرێمی كوردستان، ئێمە ئەمە بە چارەسەرێكی واقیعی دەزانین بۆ ئەم قۆناخە هەتا دووبارە هەیكەلەی دامەزراوەی بە بازاڕكردنی نەوتی عێراق (ســۆمۆ) بوێناد دەنرێتەوە. بەڵام هێشتا تا ئەمرۆ (كە شەوی پێنج شەممە لەسەر هەینییە و قسە بۆ گوڵان دەكەم) ئەوان بەمە رازی نین و دیانەوێت خۆیان كۆنترۆڵی هەموو پرۆســەكە بكەن. بۆیە حكومەتی هەرێمی كوردســتان بەمە رازی نییە، بەڵام خاڵێكی گەشــبینی كە هەیێت ئەوەیە هەردوولا رازی بوون لەســەر ئەوەی درێژە بە دانوســتاندنەكان بدەن. ســەبارەت بە پــرۆژەی بودجەش مــن پێموایە پرۆژەی بودجە لــە پەرلەمان تێناپەڕێت، لەبەر ئەوەی لیستی ئەلمتەحیدونیش ئێستا بایكۆتی دانیشتنەكانی پەرلەمانی كردووە لەسەر پرســی ئەنبار، بۆیە ئەگەر كورد بایكۆتی دانیشتەكانی پەرلەمان بكات، نیسابی یاسایی دروست نابێت بۆ ئەوەی پەرلەمان بڕیار بدات.

*** ئەوە مەسەلەی كێشــەی نەوتمان زانی، بەڵام ئایا ئێمە وەك هەرێمی كوردســتان كێشەی ترمان لەگەڵ بودجە هەیە؟**

- كێشــەی ئێمە لەســەر پرۆژە بودجەی عێراق سێ خاڵە (كێشــەی نەوت، كێشەی پێشمەرگە، كێشەی ســزادانە)، لە پــرۆژەی بودجەكــە بڕگەیەك هەیە ســزای هەرێمی كوردســتان دەدات ئەگەر رۆژانە نەیتوانی ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوت هەناردەی دەرەوە بكات، ئەمە لەكاتێكــدا حكومەتی فیدرالی بەپێی دەســتوور ئەو مافــەی نییە، بەڵكو پێویســتە ئەم پرســە رووبەڕووی دادگای فیدرالی بكرێتەوە و ئەو بۆی هەیە لێكۆڵینەوە لەم پرســە بكات و یەكلایی بكاتەوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر كێشەیەك لەنێوان هەرێم یان پارێزگاكان لەگەڵ حكومەتی فیدرالی هەبێت، دەبێت ئەم كێشــەیە رووبەڕووی دادگای فیدرالی بكرێتەوە، بەڵام ئێستا وەك پێشتر باسم كرد حكومەتی عێراق بەوجۆرە سەیری خۆی دەكات كە حكومەتێكی مەركەزییە و دەتوانێت بڕیار لەســەر هەموو شــتێك بدات، بەڵام نەخێر ئێستا عێراق دەوڵەتێكی فیدرالیەو دەســەڵاتەكان دابەشــكراوە و هەر لایــەك پیادەی دەســەڵاتی خۆی دەكات، بۆیە كاتێك دەڵێت ئەگەر هەرێم رۆژانە ٤٠٠ هــەزار بەرمیل هەناردە نەكات،

**پرۆژەی بودجە لە پەرلەمان تێناپەڕێت، لەبەر ئەوەی لیستی ئەلمتەحیدونیش ئێستا بایكۆتی دانیشتنەكانی پەرلەمانی كردووە لەسەر پرسی ئەنبار**

**ئەگەر جیاوازییەک یان کێشەیەک لەنێوان حکومەتی فیدرالی و حکومەتی هەرێم هەبێت، ئەوا دەبێت رووبەڕووی دادگای فیدرالی بکرێتەوە، نەک حکومەت سزای هەرێمی کوردستان بدات**

**ئەگەر ئەوان دەیانەوێت ئێمە وەک دەوڵەتێک سەیر بکەن، ئێمە سوپاسیان دەکەین و هیچ لاریەکمان نییە، بەڵام ئەوان خۆیان داوای ئەوەمان لێدەکەن لەیەک دەوڵەتدا پێکەوە بژین، بۆیە گرنگە دەستووری عێراق نەخشەی رێگە بێت بۆ چارەسەکردنی کێشەکان**



بڕی پارەکە لە بەشەداهاتی هەرێم لە بودجە دەبڕێت، ئەمە سزادان نییە، هەر خۆیان لە ساڵی پارەوە بانگێشە بۆ ئەوە دەکەن دەتوانن ڕۆژانە ٣ ملیۆن بەرمیل نەوت هەناردە بکەن، بەڵام هەتا ئێستاش ٢,٥-٢,٦ ملیۆن بەرمیل هەناردە دەکەن، پرسیار ئەوەیە ئایا تائێستا کەس سزای وەزارەتی نەوتی عێراقی داوە؟ بێگومان هەرێمی کوردستانیش هەر بەو جۆرەیە، بۆ نموونە وا نەیتوانی ئەو ڕێژەیە بەرهەم بهێنێت، بۆچی دەبێت خەڵکی کوردستان سزا بدرێت؟ بۆیە هەتا ئەگەر جیاوازییەك یان کێشەیەك لەنێوان حکومەتی فیدرالی و حکومەتی هەرێم هەبێت، ئەوا دەبێت ڕووبەڕووی دادگای فیدرالی بکرێتەوە، نەك حکومەت سزای هەرێمی کوردستان بدات.

*** لەم وتووێژەی لەگەڵ بەڕێزت دەیکەین هەست دەکەین ئەو دانوستاندنانەی ئێستا لەنێوان هەرێم و بەغدا ئەنجامدەدرێت، لە دیالۆگ و دانوستاندنی نێوان حکومەتێکی فیدرالی و حکومەتێکی هەرێمی ناو یەك دەوڵەت ناچێت، بەڵکو زیاتر لە دانوستاندنی نێوان دوو دەوڵەت دەچێت کە تازە ئاگربەستیان لەدوای شەڕێکی دوور ڕاگەیاندبێت، لەبەر ئەوەی دانوستاندنی ناو پێکهاتەکانی دەوڵەتێکی فیدرالی بۆ ئەوەیە دەستوورەکە جێبەجێ بکرێت، نەك حکومەتی فیدرالی گوشار بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی هەرێمێك سازش لەسەر مافە دەستوورییەکانی خۆی بکات، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا ئەم ڕەفتارەی ئێستای حکومەتی عێراق بەرامبەر هەرێمی کوردستان دەیکات هیچ مانا و بەهایەکی بۆ دەوڵەتی فیدرالی هێشتۆتەوە؟**

- وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد هەوڵەکانی ئێستای ئەو سیاسەتمەدارانەی حکومەتی عێراق بەڕێوە دەبەن بۆ ئەوەیە حکومەتەکە بەرەو حکومەتێکی سەنترالی ببەن، پرسیارەکەی ئێوە زۆر جوانە کە ئاماژەتان بەوە کردووە ئێمە وەك هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی فیدرالی لەناو یەك دەوڵەتین دوو دەوڵەت نین، هەتا کارتی گوشار و سزادان بەرامبەر بە یەکتری بەکار بهێنین، ئێمە لە وتووێژمان لەسەر پرۆژەی بودجە ڕاشکاوانە پێمان وتن، چۆن بە بودجە سزادەدرێین، خۆ بودجە یاسای سزادان نییە؟ بودجە بریتییە تەنیا لە دابەشکردنی داهات نەك سزادان، گریمان بەسرا یان میسان کە ئەوانیش سەرچاوەی سروشتیان هەیە ئەگەر نەیانتوانی هەمان ئاست بەرهەم بهێنن، ئایا سزایان دەدەیت و پارەیان لێ دەبڕیت؟ بۆیە ئەگەر ئەوان دەیانەوێت ئێمە وەك دەوڵەتێك سەیر بکەن، ئێمە سوپاسیان دەکەین و هیچ لارییەکمان نییە، بەڵام ئەوان خۆیان داوای ئەوەمان لێدەکەن لەیەك دەوڵەتدا پێکەوە بژین، بۆیە گرنگە دەستووری عێراق نەخشەی ڕێگە بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، لەمەشدا ئەوە گرنگ نییە کە هەردوولا باسی جێبەجێکردنی دەستوور دەکەن، بەڵکو کێشەی ئێمە لەسەر تێگەیشتنی ناوەڕۆکی ئەو دەستوورەیە، لەبەر ئەوە ناکرێت ئەوان تێگەیشتنی خۆیان بۆ ناوەڕۆکی دەستوورەکە بەسەر ئێمەدا فەرز بکەن و بڵێن ئەوە دەستوور جێبەجێ دەکەین، بەڵکو پێویستە دادگای فیدرالی تەفسیری دەستوور یەکلایی بکاتەوە و بڕیار بدات و بڕیارەکەشی بۆ هەموو لایەك مولزەمە، بۆیە هەر بۆ نموونە نەناردنی بودجە سزادانی خەڵکی کوردستانە، فەرمانبەرێکی ئاسایی لە هەرێمی کوردستان کە مووچەی نەدرێتی ئەو چ پێوەندی بە کێشە و جیاوازییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدرالییەوە هەیە، ئەگەر هەردوو حکومەت توانیان بە دانوستاندن و دیالۆگ کێشەکە چارەسەر بکەن ئەوە زۆر باشە، نەیانتوانی ئەوە دادگای فیدرالی هەیە و با دادگای فیدرالی یەکلایی بکاتەوە، ئیدی بۆ خەڵکی کوردستان سزابدرێت.

*** بەڕێزت لەگەڵ چەند وەزیرێکی دیکەی کورد هەتا ئێستا ئەندامی ئەنجوومەنی وەزیرانی ئەو حکومەتەن کە سزای خەڵکی کوردستان دەدات، ئایا ئێوە تاچەند ڕازین ئەندامی ئەنجوومەنی وەزیرانی ئەو حکومەتە بن؟**

- ئەمە کێشەیەکی سیاسییە هەتا ئێستا لە عێراق چارەسەر نەکراوە، کێشەکە بریتییە لە تێگەیشتن لە مانای دیموکراتی بەمانای زۆرینەو کەمینە، کە ئەمە بۆ عێراقێکی فرە نەتەوەو و فرە ئایین لە هەموو حاڵەتێکدا دروست نییە، بۆیە ئەگەر دیموکراتی بە مەفهومی کەمینە و زۆرینە پیادە بکەین لەهەموو پرسەکاندا و

**پێویستە دادگای فیدرالی تەفسیری دەستوور یەکلایی بکاتەوە و بڕیار بدات و بڕیارەکەشی بۆ هەموو لایەك مولزەمە**

**تێگەیشتن لە مانای دیموکراتی بەمانای زۆرینەو کەمینە، کە ئەمە بۆ عێراقێکی فرە نەتەوەو و فرە ئایین لە هەموو حاڵەتێکدا دروست نییە**



بیانەوێت ئیرادەی زۆرینە بەسەر کەمینە فەرز بکەن، بێگومان دیارە کورد لە عێراقدا کەمینەیە، ئەمەش نابێت، لەبەر ئەوەی لە هەر مەسەلەیەکدا بۆ زۆرینەو کەمینە، ئەوا ئێمە کەمینەین و بڕیارەکە بۆ بەرژەوەندی ئێمە نابێت، بۆ نموونە ئێمە لە ئەنجوومەنی وەزیران ٣٢ ئەندامین، ئێمە ٥ وەزیری کوردین، ئایا کە چووە دەنگدان چۆن دەتوانین ئەو بڕیارە رەتبکەینەوە؟ بۆیە ئەم مەفهومە بۆ دیموکراتی زۆرینە و کەمینە بنەمای حکومەتی تەوافوقی لەبەر یەك هەڵدەوەشێنێتەوە، لەبەر ئەوە لە حکومەتی تەوافوقیدا زامنی مافی هەموو پێکهاتەکان کراوە و بڕیارەکان بە تەوافوق دەردەکرێت، کە لەم پرانسیپە دەرچووین، ئیتر دەبێت بە دیکتاتۆریەتی زۆرینە، پێشتر سوننەکان هەستیان پێکرد ئێستا ئێمەش هەستمان پێکرد، بۆیە پێویستە ئێمە لەسەر ئاستی سەرکردایەتی سیاسی بەوە رازی نەبین، بە تایبەتی کە ماوەیەکە بانگێشە بۆ حکومەتی زۆرینە دەکەن، لەبەر ئەوەی ئەو زۆرینەیەی ئەوان باسی دەکەن، زۆرینەی سیاسیی نییە کە رەنگدانەوەی بەرنامەیەکی سیاسی بێت و لە ناو پێکهاتەی زۆرینە رەنگدانەوەی هەموو پێکهاتەکانی ئەو وڵاتە بن، ئەو زۆرینەی ئەوان داوای دەکەن، تەنیا زۆرینەی یەك پێکهاتەیە و بۆ ئەوەیە خۆیان بەسەر هەموو لایەکدا فەرز بکەن و ببنە دیکتاتۆر بەرێگەی زۆرینەوە. بۆیە ئەگەر بەتوندی هەڵوێست بەرامبەر ئەم تێگەیشتنە بۆ دیموکراتی وەرنەگرین، ئەوا ئەم مەسەلەیە لە ئێستادا چۆنە لە ئایندەش هەر بەو جۆرە دەبێت و هەر بڕیارێك بیانەوێت خۆیان بە زۆرینە فەرزی دەکەن، بۆیە سەبارەت بەمانەوەی ئێمە لە ئەنجوومەنی وەزیران ئەوە پەیوەندی بە سەرکردایەتی سیاسی کوردستانەوە هەیە، وەك سالی پار گەڕاینەوە بۆ هەرێم و چەند کۆبوونەوەمان لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەنجامدا، پاشان بڕیارێك درا وەزیر و پەرلەمانتارە کوردەکان بایکۆتی دانیشتەکانی ئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەمان بکەین، ئێستاش من وەك خۆم ئەگەر بەیانی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان داوا بکات دەست لەکاربکێشمەوە یان داوا بکەن هەر هەڵوێستێك وەربگرم، من پابەند دەبم و هەڵوێست وەردەگرم یان دەست لەکار دەکێشمەوە و دەگەڕێمەوە بۆ کوردستان.

*** نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق بە رەفتارەکانی خەریکە دەبێتە دەوڵەت تێکدەر نەك دەوڵەتمەدار، لەبەر ئەوەی وەك دەبینین خۆی بەدەستی خۆی دەوڵەتی فیدرالی عێراق تێکدەدات، بەڕێزیشت دەزانی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی فیدرالی پێویستی بە دەوڵەتمەدارێکی کارامە هەیە، ئایا چۆن هاوبەشی و دابەشکردنی دەسەڵات لەگەڵ دەوڵەت تێکدەرێك بەڕێوە دەچێت؟**

- یەکێك لەسروشتی کارکردنی بەڕێز مالیکی لە بەڕێوەبردنی حکومەت تەنگژە دروستکردنە نەك بەڕێوەبردنی تەنگژە و چارەسەرکردنی تەنگژەکان، وەك دەبینین تەنگژەیەك تەواو نابێت یەکێکی دیکە دروست دەکات بەبێ ئەوەی هیچ کام لە کێشەکان چارەسەر کرابن، ئەمەش واتە مالیکی کلیلی دەربازبوونی لە تەنگژەیەك دروستکردنی تەنگژە یان کێشەیەکی دیکەیە بۆ ئەوەی کێشەی یەکەم لەبیر خەڵك بچێتەوە و سەرقاڵی تەنگژە تازەکە بن، بۆیە ئەمە وایکردووە سەرتاپای حکومڕانی دوچاری ئیفلیجبوون بێتەوە، باسەیر بکەین، پەرلەمان، پەرلەمان نییە، رۆڵ خۆی وەك پێویست ناگێڕێت و پرانسیپی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی بەشێوەی کردارەکی تێکداوە و هەوڵ بۆ سەنترالی دەدات، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەناو حزبە شیعەکاندا چەمکی کۆنترۆڵکردن هەیە، مەفهومی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان بوونی نییە، ئەمەش واتە چۆن بە مەفهومی زۆرینە و کەمینە ناوەرۆکی تەوافوقیان پوچەڵکردۆتەوە، مەفهومی شەراکەتیشیان بە پەراوێز خستنی پێکهاتەیەك تێکداوە، راشکاوانەتر کورد بوونی هەیە بەڵام دەسەڵاتی نییە، سوننە هەیە بەڵام دەسەڵاتی نییە، لە ناو پرۆسەی بڕیار دروستکردن و پرسە سیاسییەکاندا کۆنترۆڵ بەدەست دەستەبژێرێکەوەیە تەنانەت لە ناو پێکهاتەی شیعەش حزب هەیە پەراوێزخراوە، هەروەها دەسەڵاتی دادوەری، دەسەڵاتی دادوەری نییە بە سیاسیی کراوە و راستەوخۆ لەژێر دەسەڵاتی سەرۆك وەزیرانە بەتایبەتی لەمەسەلە ستراتیژییەکان.

**یەکێک لەسروشتی کارکردنی بەڕێز مالیکی لە بەڕێوەبردنی حکومەت تەنگژە دروستکردنە نەک بەڕێوەبردن و چارەسەرکردنی تەنگژەکان**

**کورد بوونی هەیە بەڵام دەسەڵاتی نییە، سوننە هەیە بەڵام دەسەڵاتی نییە، لە ناو پرۆسەی بڕیار دروستکردن و پرسە سیاسییەکاندا کۆنترۆڵ بەدەست دەستەبژێرێکەوەیە تەنانەت لە ناو پێکهاتەی شیعەش حزب هەیە پەراوێزخراوە**



## برندان ئۆلێری:

# کوردستان و باشووری سۆدان لەشەش رووەوە لەیەکدەچن

# بۆ باشووری سۆدان سەربەخۆ بوو کورد بە فیدرالیزم رازییە؟

**لە مانگی شوباتی ٢٠١١ و لە ریفراندۆمێکدا باشورییەکانی سۆدان دەنگیان بۆ دەوڵەتی سەربەخۆدا و دەوڵەتی باشوری سۆدانیان راگەیاند، بەمەش سۆدان دابەشکرا، هاوشێوەی کێشەی باشووری سۆدان، کێشەی کوردیش لەعیراقدا بوونی هەیە، بەڵام هەوڵەکانی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ئێستا لە عیراقدا هەوڵدانە بۆ بونیادنانی دەوڵەتێکی فیدرالی کە پێناچێت سەرکەوتوو بێت، پرۆفیسۆر براندن ئۆلێری کە تایبەتمەندە لەسەر سۆدان و هەروەها تایبەتمەندیشە لەسەر عیراق و هەرێمی کوردستان، لە موحازەرەیەکدا کە رۆژی ٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١١ لەزانکۆی لەندەن بۆ زانستی ئابووری و سیاسەت پێشکەشی کردووە ئەو پرسیارەی وروژاندووە: (بۆچی سۆدان دابەشکرا و عیراق بە فیدرالی دەکرێت؟) لەم موحازەرەیەدا بەراوردی رووە لێکچووەکانی هەرێمی کوردستان و باشوری سۆدان دەکات، گوڵان دەقی ئەم موحازەرەیەی کردووە بەکوردی، بەڵام ئەم چەند پەرەگرافەی لێرەدا بڵاو دەکەینەوە.**

لەو پرسیارە رژدو گرینگەوە دەست پێدەکەم (بۆچی سۆدان دابەشکرا و عیراق بەفیدرالی دەکرێت؟) ئەوجا هەوڵی کردنەوەی گرێکوێرەو لوغزێك دەدەم ئەویش بریتییە لەوەی بڵێین بۆچی گەلی کورد وێڕای ئەوەی تووشی پرۆسەکانی قڕکردن و ڕاگواستن و هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەکەیان دراوە، کەچی بە چەشنی خەڵکانی باشوری سۆدان سەرسەختانە خوازیاری سەربەخۆیی نین؟

سەرەتا شەش خاڵ یان شەش هێڵی هاوتەریبی سەرنجڕاکێش هەن لێرەدا دەیانخەمە ڕوو:

**یەکەم:** لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٠ هەردوو وڵاتی عیراق و سۆدان دروستکراوی بڕیارێکی ناژیرانەی دەستی بەریتانیا بوون، خاکەکانیان وەك میراتێك لە دوای عوسمانیەکانەوە کەوتنە بندەستی دەسەڵاتی ئیمبراتۆریەتی بەریتانیا، لە هەردوو خاکەکەدا، سێ پێکهاتەیان لە یەکدا کۆکردۆتەوە، واتا لە عیراقدا هەرسێ ویلایەتی موسڵ کە زۆربەی خاکی هەرێمی کوردستانی ئێستا دەگرێتەوە، هەروەها ویلایەتی بەسرە و ویلایەتی بەغدا لەلایەن بەریتانیاوە خرانە ناو پێکهاتەیەك بە ناوی عیراقەوە، بەڵام هەر لە سەرەتاوە کورد ئەو ناسنامە نەتەوەییە عیراقیەی پێ قبوڵ نەکرا، شیعەکانیش نەیانویست ڕوانینێکی پان

عەرەبییان هەبێت، لە بەرامبەردا سۆدانیش بەمجۆرە لە هەرسێ هەرێمی سەڵتەنەتی فەنج و سەڵتەنەتی فۆر کە گرووپێکی ئیتنی باڵای جیاوازەو هەروەها باشووری سۆدان، ئەمانیش لە سایەی حوکمڕانی بەریتانیادا بەناوی وڵاتی سۆدان پێکەوە لە ناسنامەیەکی گشتیداو لە ژێر سایەی یاسایەکی نێودەوڵەتیدا کۆکرانەوە..

**دووەم:** هەردوو وڵاتی سۆدان و عیراق لە ناو وڵاتانی عەرەبیدا دوو نموونەن بۆ بە عەرەبکردنی ئیتنی جیاوازو بە ئیسلامیکردنی ئایینی جیاواز، کە لە هەردووکیاندا خاک و ناوچەی ناکۆکی لەسەری تێدا دروست بوون، کە قەوارەی ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە لە خاکدا فراوانن و لە کەلتووری ئیتنی و پێڕەوی ئایینیدا زۆر و فرەیین، بەریتانیا لەوەدا سەرکەوتوو بوو کە هەردوو وڵاتەکەی سەنترالیزە کردو بە عەرەبی کردن، بەڵام هەردوو وڵات بە درێژایی زیاتر لە ٩٠ ساڵ لە ناوخۆیانەوە ڕووبەڕووی بەرهەڵستی بەردەوام بوونەوە..

**سێیەم:** فەرمانڕەوایەتی پاش دەسەڵاتی ئینگلیز لە هەردوو وڵاتی سۆدان و عیراقدا تا ساڵی ٢٠٠٥ کەوتبوونە بن دەستی دەستەبژێرێکی فەرمانڕەوای کەمینە، لەسۆدان کەوتە ژێر فەرمانڕەوایی سەر بە کەمینەی ئیتنی کە وەک سەرخێڵ بەسەر ڕەشماڵ نشیندا ڕادیکاڵانە جڵەوی حوکمیان بەسەر پێکهاتەکانی تردا بەدەستەوەبووە، لە عیراقیشدا سەرەتا ئەفسەرانی خانەوادەی شەریف حوسێن کۆنترۆڵی کابینەکانی حوکم و سوپایان کرد بەو شێوەیە عەرەبە سوننەکان زاڵدەست بوون بەسەر دەوڵەتی عیراق و دواتریش بەعسیەکان حوکمیان گرتە دەست کە لە پازدە ئەندامەکەی ئەنجومەنەکە چواردەیان عەرەبی سوننە بوون و سەرتاپای عیراقیان بەڕێوەدەبرد، لە سۆدانیشدا چینێکی کەم لە قەوارەو ژمارەدا سەرجەم چینەکان و نەتەوەکانی سۆدانیان هەڵدەسوڕان..

**چوارەم:** هەردوو وڵاتی عیراق و سۆدان ڕەوتی سیاسییان هاوشێوەیە لە سەردەمی سەربەخۆییانەوە تا دەگاتە ساڵی ٢٠٠٥، کە پاش ئەو بەروارەش لە هەردوو وڵاتدا سیاسەتی دەرەوەیان بەرەو پان عەرەبیزم هەنگاوی دەنا، هەردووکیان لە سەرەتاوە ئەفسەرانی ئازاد ڕۆڵیان لە ڕەنگرێژکردنیدا بینیوە، چ لە ساڵی ١٩٥٨ لە عیراق و ساڵی ١٩٦٣ لە سۆدان دەسەڵات لەڕێی کودەتاوە گیراوەتە دەست، لە هەردوو وڵاتدا ڕژێمی سۆسیالیستی دامەزراوەو تەنیا پارتێک تیایاندا باڵادەست بوون، هەردووکیان عەلمانی بوون و دواتر بەرەو بە ئیسلامی بوون چوون، هەردوو دەوڵەت بوونە خاوەنی نەوت و ناکۆکی و دوژمنایەتی ئیتنی لە هەردوو وڵاتەکەدا لە چڵەپۆپەدا بوو، لە هەردوو دەوڵەتدا سوپای پۆڵایین بۆ سەرکوتکردنی یاخیبوونەکان بەکاردەهێنران، هەموو تەرکیزی دەوڵەتی عیراق لەسەر کەرکوک و ناوچە کوردییە کێشە لەسەرەکان بوو، هەموو تەرکیزی سۆدانیش لەسەر ئابێ بوو کە لە هەردوو ناوچەکەدا تێکەڵەیەك لە گرووپی ئیتنی و ئایینی جیاوازی تێدا نیشتەجێن، هەردوو وڵات تا ئاستێکی زۆر سەرکوتکاربوون لە بەرانبەر ڕکابەرە ئیتنی و ئایینی و ئیدیۆلۆژییەکان، لە هەردوو وڵاتدا خێڵە عەرەبیەکان یان بە عەرەبکراوەکان ڕووبەڕووی خێڵە ئەفریقیەکان و هاووڵاتیە کوردەکان کراونەتەوە..لە سۆدان لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا بەردەوام شەڕی ناوخۆیی و زنجیرەیەك لە ڕاگواستن و تاوانی بەربڵاو و کاری کۆمەڵکوژانە بەناو جیۆگرافیای سۆداندا تەنراوەتەوە، لە عیراقیشدا دیمەنێکی هاوشێوە هەیە کە لە ساڵانی بیستەکان و سییەکانەوە یاخیبوونی کورد بۆ مافەکانی خۆی بەردەوامی هەبووە تا سەرکردایەتی بارزانی و دەرئەنجام شۆڕشی کورد گەیشت بەوەی بە هەڵمەتی جینۆسایدو ئەنفال سەرکوت بکرێتەوە.

**پێنجەم:** هەردوو وڵات بە شێوەی سەرسوڕهێن لە ڕووی جیۆپۆلەتیکەوە پێگەیەکی ناسەقامگیریان هەیە و پشتیوانی دەرەکی بۆ یاخیبوانی ناوخۆی سۆدان بوونی هەبووە و هەروەها لە عیراقیشدا دراوسێکان وەك کاردانەوە هاریکاری خەباتکارانی کوردیان کردووە بۆ دەسەبەرکردنی مافەکانیان، چونکە سۆدان و عیراقیش بەردەوام هەوڵی دەستدرێژی کردنیان بۆ سەر وڵاتانی دراوسێ هەبووە..

**شەشەم:** هەردوو وڵات ئەزموونی پێدانی ئۆتۆنۆمییان بە گەورەترین کەمینەی وڵات هەبووە ئەگەر چی ئەزموونەکەش تەمەن کورت بووبن، لە عیراقدا ڕێکەوتنی ئازاری ١٩٧٠ لەسەر دەستی مستەفا بارزانی کە چارەسەرێکی سەرکەوتووی ئەوکات بوو بۆ کێشەی کورد لە عیراقدا، هەروەها لە ساڵی ١٩٧٢ بە پێی ڕێکەوتنی ئەدیس ئەبابا ئۆتۆنۆمی بە هەرێمی باشووری سۆدان بەخشرا، ماددەکانی هەردوو ڕێکەوتنەکان لەیەکەوە نزیکن و هەردووکیان بە عەرەبی نووسراون، ئابێ کەرکوکی سۆدانەو کەرکوکیش ئابێی عیراقە..

کەواتە بەپێی ئەم شەش هێڵە تەریبە لە وەڵامدا پێشنیازی ئەوەم کردووە کە پێویستە خەڵکی کوردستانیش بە تەواوەتی لەگەڵ سەربەخۆیی بن و لەعیراق جیاببنەوە، کەچی ئەمە لە ٢٠٠٥ ڕوویندا، چونکە لەسەر بنەمای ڕێکەوتنی نوێ دەستووری نوێیان دارشتۆتەوەو دیپلۆماتکارە ئەمریکیەکانیش ڕۆڵیان لە دارشتنی هەردوو دەستوورەکەدا هەبووە.

**• هەردوو وڵاتی سۆدان و عیراق لە ناو وڵاتانی عەرەبیدا دوو نموونەن بۆ بە عەرەبکردنی ئیتنی جیاواز و بە ئیسلامیکردنی ئایینی جیاواز، کە لە هەردووکیاندا خاک و ناوچەی ناکۆکی لەسەری تێدا دروست بوون**

**هەموو تەرکیزی دەوڵەتی عیراق لەسەر کەرکوک و ناوچە کوردییە کێشە لەسەرەکان بوو، هەموو تەرکیزی سۆدانیش لەسەر ئابێ بوو کە لە هەردوو ناوچەکەدا تێکەڵەیەک لە گرووپی ئیتنی و ئایینی جیاوازی تێدا نیشتەجێن**

## تا کۆمەڵێ گەندەڵکار حوکمی عیراق بکات...

# هەڕەشەی مەترسیی و ناسەقامگیری زیاتر تەشەنەدەکات



کازم حەبیب

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

دکتـــۆر فـــارس کەمـــال لە ژمـــارە ٤٣٤٢ ی وێبســـایتی (الحوارالمتمـــدن) لـــە ڕێکەوتـــی ٢٠١٤/١/٢٢ وتارێکی پڕ بەهای بە ناوی (سایکۆلۆژیەتی بەرهەمهێنانی گەندەڵی لە شارەکانی عێراقی) نووسیوە، کە شایەنی خوێندنەوە و کۆمێنت نووسین و ستایش کردنە لەبەر گرنگی بۆ تێگەیشتنی ڕەفتاری دەسەڵاتدارە نوێیەکان، گرنگیی ئەم وتارە لە دەستنیشان کردنی وردی کۆمەڵێك دیاردەی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ڕەفتاریی تایبەتمەنـــدە لەم قۆناغە ســـەختەی مێژووی وڵات لەســـەر ئاستی نێودەوڵەتی و شاری عێراق کە لە دەرەنجامی سروشتی پێوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییە باوەکانە کە بەشـــێوەیەکی ئۆرگانی بە بونیاتی چینایەتی کۆمەڵگا گرێدراوە لەلایەك و چینی دەسەڵاتدارەکان لەلایەکی دیکەوە.

ئەم دەستنیشان کردنە بە تەواوی گونجاوە لەگەڵ ئەو دەستنیشان کردنەی کە لە شـــیکردنەوەیەکی خۆم بـــۆ واقعی عێراق لە وتارێکی تێروتەسەلم بڵاوکراوەتەوە بە ناونیشانی (سیاسەتی ئابووری و ژێرخانی چینایەتی نوخبەی دەسەڵاتدار لە عێراق) و دووپاتی کـــردەوە کە خوێندنەوەیەکـــی بابەتییانەی واقعی ئابووری و سیاسەتەکانی حکومەتی ئیتیحادی بەبێ گومان ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە بەشێکی سەرەکی و زۆربەی نوخبەی ئێستای دەسەڵاتدار لە عێراق لە چینە کۆمەڵایەتییە پەراوێز خراو و پەراوێز نەخراوەکان ناویان لێنراوە (چینە گەندەڵەکان)، جا چ ئەوانەی لە حکومەتن یان لە ئەنجوومەنی نوێنەران یان ئەوانەی لەسەر کورسییە باڵاکان دانیشتوون لە دامودەزگاکانی دەوڵەت و هێزە چەکدارەکان، یان بەشـــێوەیەکی بەرفراوانتر لە بەشی هەرەزۆری نوخبەی سیاسی عێراقی.

ئەم چینـــە هەوڵ دەدات دەوڵەمەند بێت و ســـامانی دەوڵەت لەناخەوە بمژێت، ئەم چینە کاریگەر و یەکلاکەرەوە لە نوخبەی دەســـەڵاتدار هەمـــوو کاری حکومەت ڕێکدەخـــات و جیای دەکاتەوە و ڕەفتارێکی دیاریکراوی پێدەبەخشـــێت بە ئامانجی بووژانەوەی ئەو چینەی کە پێی دەوترێت مشـــەخۆر، ئەمەش دەبێتـــە هۆی چالاکتر کردنی پێوەنـــدی و ڕەفتاری خێڵەکی کە لەگەڵ ســـەدەی بیســـت و یەکدا ناگونجێـــت، لە هەمان کاتدا پشت بەستنیان بە پیاوانی ئایینی و دامەزراوەی ئایینی بەشێوەیەکی گشتی زیاد دەبێت.

ئەم جۆرە چینانە لە وڵاتە تازەپێگەیشـــتووەکان دروست دەبن بەهۆی ئەو سیاســـەتەی کە وڵاتە کۆلۆنیالیزمەکان لەســـەر ئابووریەکانیـــان هەیانبوو بـــە هەماهەنگییەکی پتەو لەگەڵ چینـــە کۆمەڵایەتییـــەکان بۆ شـــێوازی بەرهەمهێنانی پێش ســـەرمایەداری کە پەرەســـەندنی پیشەســـازی و پەرەپێدانی ئابووری ڕەت دەکاتەوە لەگەڵ ئەوانەی دەبنە ڕێگر لەبەردەمی یـــان بەرهەڵســـتی دەکـــەن دژی مۆدێرنیتـــە و گۆڕینـــی پەیکـــەری کۆمەڵایەتی، ئەم جۆرە چینە (گەندەڵە) لە وڵاتە سۆسیالیســـتەکان و حزبە دەســـەڵاتدارەکانیان سەری هەڵداوە، چونکە بەشێوەیەکی پراکتیك وازیان لە دروشمەکانیان هێنا کە هەڵیانگرتبوو کاتێك گەیشتنە دەسەڵات، گرنگترین هۆکاری ڕووخانیشـــی بەر لە هەموو شتێك لە ناوەوە بوو بەر لەوەی لە دەرەوە بێت.

عێراق چینە پەراوێزخراوەکە یان (گەندەڵە)کەی ناسیوە کاتێك کۆلۆنیالیســـتی بەریتانیا دەستی بەسەر عێراق و سیاسەتەی

ئابووریدا گرتبوو کە چینە دەسەڵاتدارەکە پیادەیان دەکرد و دەربڕی بەرژەوەندی کۆمپانیا قۆرخکارەکانی نەوت و وڵاتە سەرمایەدارەکانیان و چینە کۆمبرادۆرە بازرگانییەکان و گەورە فیوداڵ و خاوەن زەوییە کشتوکاڵییەکان بوون بە سیاسەتێکی نەوتی بەکاربەر، بەڵام کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر کۆمەڵگا و ئابووریی عێراقی نەبوو لەسەردەمی دەسەڵاتی پادشایەتیدا، هەروەها لە دەسەڵاتیش نەبوو، عێراق لەسەردەمی حوکمی بەعس و ناسیۆنالیستەکان کە لە ساڵی ١٩٦٣ دەستی پێکرد بە گرتنە دەستی دەسەڵات لەلایەن ئەم چینە (گەندەڵە) بە هەموو پیسییەکان و ئەو دەرهاوێشتانەی بەسەر کۆمەڵگا و ئابووریی نیشتیمانی و دوارۆژی نەوەکانی عێراقیاندا هێنا، ئەم چینانە دواتر بەردەوام بوون لەژێر کۆنترۆڵی نەتەوەپەرستەکان پاشان بەعسییەکان و بەشێوەیەکی گشتی لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، لەگەڵ زیادبوونیماڵوێرانییەکانی جەنگ و گەمارۆی ئابووری و سیاسەتە ئابووری کۆمەڵایەتییەکانی دژی بەرژەوەندییەکانی گەل.

رژێمی بەعس نموونەیەکی دروستی ئەم چینە (گەندەڵە) بوو کە ٣٥ ساڵ حوکمڕانیی عێراقی کرد و پەلکێشی ئاڵۆزتر و ناخۆشترین کارەسات و مەینەتی کرد و سەدان هەزار رۆڵەی عێراقی کردە قوربانی.

ئەم چینە گەندەڵە هی ئێستا نییە بەڵکو لە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی رژێمی سەدام بوون و ئەوانەن کە کۆنگرەی ئۆپۆزسۆن لە بەیروتەوە لەگەڵ ئیدارەی ئەمریکی رێککەوتن کە بە بیانووی زۆرینەی هەرە زۆری گەلی عێراق دەسەڵات بگرنە دەست لەرووی ئایینی ومەزهەبییەوە. بەمەش زۆرینەی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن خۆیان یەکلا کردەوە بەم شێوە تائیفی و ئیتنییە لە بونیادی سەرکردایەتی کردنی ئۆپۆزسیۆن کە رازی بوو بەشەڕ کردن دژی رژێمی سەدام لە ساڵی ٢٠٠٣، پێکهاتەی حوکمی تائیفی کە لەسەر بنەمای پشکایەتی بونیادنراوە، لەلایەن ئەمریکاوە دەویسترا و گونجاو بوو بۆ بەرژەوەندییەکانی لە عێراق و کەنداو و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چونکە بەم شێوەیە عێراق بەبێ سەقامگیری دەمینێتەوە و لە کێشە و ململانێی بەردەوامدا دەبێت کە لە پەرەپێدان و گۆڕانکاریی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری دووری دەخاتەوە.

سیفاتەکانی ئەم چینە کۆمەڵایەتییە گەندەڵە چین کە گەندەڵی لە وڵاتدا دەخولقێنن؟ سەرەتا پێویستە ئاماژە بە گرنگی جیاواز بکەین لەنێوان چینە پەراوێز خراوەکان و چینی گەندەڵ، چونکە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی یەك شت نین و هاوشێوەی یەکتریش نین، بەڵکو لە چەند تایبەتمەندییەکدا یەك دەگرنەوە و گرنگترینیان پێگەیان لە بەرهەمهێنان و خاوەندارێتیی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان و هەندێك رەوشت.

چینی دەسەڵاتداری گەندەڵ لە عێراق هیچ پێوەندییەکی بە بەرهەمهێنانی ماددییەوە نییە و تا ئێستا خاوەنی هۆکارەکانی بەرهەمهێنانیش نین، بەڵام دەستی بەسەر ئابووری نیشتیمانیدا گرتووە لە رێگای پێگەی خۆی لە دەوڵەت و دەسەڵات و حزبە سیاسییە دەسەڵاتدارەکانی گۆڕەپانی سیاسی عێراقی و دەسەڵات، هەروەها دەستی گرتووە بەسەر سەروەتەکانی وڵات بەتایبەتی نەوتی خاو و داهاتە داراییەکانی کە ساڵانە لە ناردنە دەرەوەی نەوتی خاو دەست دەکەون و زیاتر لە ٩٧٪ی نێردراوەکانی عێراق پێکدەهێنن، هەروەها رێژەیەکی بەرزی لە بەرهەمی نەتەوەیی و کۆی داهاتی نەتەوەیی دەست دەکەوێت. ئەمە بە دەست ئەم چینە گەندەڵەوەیە کە سەروەتەکانی وڵات بەرەو بەرژەوەندیی خۆیان و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە دەبەن کە زۆر دوورن لە بەرژەوەندییەکانی گەل و ئابووری و پەرەپێدانی ئابووری بەتایبەتی پەرەپێدانی پیشەسازی یان تەنانەت بەکارهێنانی نەوت لە پاڵاوتن و پیشەسازییەکانی گۆڕین یان لە پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری لەوانەش نەوت و پاککردنەوەی شارەکان و بیناکردن و شەقامەکان و ....هتد، من لەگەڵ شیکردنەوەکەی دکتۆر فارس کەمال نزمی هاوکۆکم بۆ واقعی شار لە عێراق و ئەو چینانەی کە لەپشت ئەم گەندەڵییە و کاریگەرییە خراپەکانن لەسەر رووداوەکانی عێراق و دوارۆژی گەلەکەی و رۆشنبیری کۆمەڵگاو هونەرە مرۆڤایەتییەکان و پەرەپێدانی داهاتووی لەسەر ئافرەت کە بە تێگەیشتنی چینە گەندەڵەکە (کەم عەقڵە)، لێرەوە حەقە باس لەو گەندەڵییە بکەین کە لە شارە گەورەکانی ناوەڕاست و رۆژئاوا و خوارووی بەغدادا هەیە کە حکومەتی ئیتیحادی لێی بەرپرسە لەگەڵ ئەو پەرەسەندن و باش بوونەی لە شارە کوردستانییەکان هەیە کە رۆژ دوای رۆژ ئەو گەندەڵییە لە رژێمی گەندەڵی بەعس ماوەتەوە، کەم دەبێتەوە.

چینە عێراقییە گەندەڵەکان حیسابی بانکی لە دەرەوەی وڵات دەکەنەوە و لەسەر حیسابی سامانی و سەروەتە داراییەکان و ژیان و بژێوی میللەت دەوڵەمەند دەبن، بەڵام تەنیا لەسەر سەروەتەکانی وڵات ناژین، بەڵکو لەسەر سەروەتی ئەو کەسانەی لە دەرەوەی بۆی دێت بۆ ئەوەی هەماهەنگی و هاوپەیمانیەتییان لەگەڵدا بکەن لە هەموو بوارەکاندا، چونکە بەشێکی زۆری چینە گەندەڵەکە بەو پارەیەی میللەت و رێگای گومان لێکراوەکانی بەکارهێنانی دژی بەرژەوەندی میللەت تێر نابن کە لەژێر دەستیاندایە، بەڵکو تەمویلی دەزگاکانی راگەیاندنی خۆیان دەکەن بەو پارانەی مانگانە لە ئێرانەوە و هەندێکیان لە سعودیە و کەنداوەوە بۆیان دێت، دەتوانن بپرسن لە سەرۆکی حزبە ئیسلامییە شیعی و سوننیەکان یان تۆڕی میدیایی عێراقی دەربارەی ئەوەی کێ مووچە و خەرجییەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانیان دەدات کە بە ناوی ئەوان و خاوەنەکانیانە کە مانگانە خەرجییەکانیان دابین دەکات، چینە گەندەڵەکە وڵات و ئایین ناناسێت کە تەبەنییان دەکات بە رواڵەت، هەروەها مەزهەبیش ناناسێت کە دەڵێت من سەر بەو مەزهەبەم و ئەو تائیفەیەش کە بە درۆ دەڵێ بەرگریی لێدەکەم، چونکە بەرژەوەندی هەر تاکێکیان مەبەستی سەرەکییە، ئەمەیان هۆکار و ئامانجە، دەسەڵاتە بە هەموو هەژموون و پارەوە، ریشەکێش کردنی فکری بەرامبەر و کەسی بەرامبەر و حزبی دیکەیە، ئەگەر بتوانێت بەبێ خەڵك حوکم بکات ئەوا هەموویانی لەناو دەبرد، بۆیە سەیر نییە دوای دە ساڵ لەم ململانێ و کێشە و وێرانکاری و تێکدان و مردنی بەردەوام و باڵا دەستیی کەلتووری خراپ بە هەموو مانای بڵاوبوونەوەی کولەی ژەهراوی لە کەلتووری عێراقی، دراوی خراپی گەندەڵ دەستیکردووە بە دەرکردنی دراوی باش، چونکە دراوی گەندەڵ و خراپ لە دەسەڵاتدایە ئەمەش ئەو راستییەیە کە ناکرێ پشتگوێی بخەین لە بینینی دیمەنی بارودۆخی عێراق و ئەوەی ئێستا و لە داهاتوودا روودەدات ئەگەر ئەم چینە گەندەڵە لە بەڕێوەبردنی وڵات بەردەوام بن.

**چینی دەسەڵاتداری گەندەڵ لە عێراق هیچ پێوەندییەکی بە بەرهەمهێنانی ماددییەوە نییە و تا ئێستا خاوەنی هۆکارەکانی بەرهەمهێنانیش نین، بەڵام دەستی بەسەر ئابووری نیشتیمانیدا گرتووە لە رێگای پێگەی خۆی لە دەوڵەت و دەسەڵات**

## خەسرۆ گۆران

بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی بۆ (گوڵان):

# ئەم هەڵبژاردنە چارەنووسسازە بۆ کوردستانیەکان، هەم لەسەر ئاستی پەرلەمانی عێراق، هەمیش بۆ دووبارە سەلماندنەوەی ناسنامەی کوردستانیەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان

هاوکات لەگەڵ هەلبژاردنەکانی عێراق، هەڵبژاردنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانیش بەڕێوە دەچێت، هەروەها بۆ ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانیش کە پەرلەمانی عێراق دەنگ دەدەن، دووبارە سەلماندنەوەی ناسنامەی کوردستانیەتی ئەو ناوچانەشە، بۆیە ئەگەر ئەم هەڵبژاردنە بۆ عەرەبی عێراق تەنیا یەك جار کاریگەریی هەبێت، ئەوا بۆ هاوولاتیانی کوردستان سێ جار گرنگی هەیە، جارێك بۆ زیادکردنی ڕێژەی نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی عێراق، جارێکی دیکە بۆ سەلماندنەوەی کوردستانیەتی ناوچە کوردستانیەکان، جارێکی دیکەش کە هەڵبژاردنی پارێزگاکان دەکرێت و گۆڕانکاری بەسەر هەیکەلی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا دێت بۆ ئەوەی زیاتر خزمەتی خەڵکی کوردستان بکەن، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە ئەم وتووێژەمان لەگەڵ خەسرۆ گۆران ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.



*** لەگـەڵ نزیکبوونەوە لەپرۆسـەی هەڵبژاردنەکانی عێـراق جۆرێك نیگەرانی و ئاڵـۆز بوونی بارودۆخ لە عێراقدا دێتە ئاراوە، ئایا هۆکارەکەی ئەوەیە دیموکراتی لە عێراق تازەیە یان پرۆسـەی هەڵبژاردن بۆ مەرامی دیکە بەکاردەهێنرێت؟**

- پرسـی دیموکراتـی و پرۆسـەی هەڵبـژاردن لە عێراقدا قسەو باسـێکی زۆر هەڵدەگرێت، لەبەر ئەوەی عێراقیـەکان لە زەمینـەی کەلتـوری دیکتاتۆری و تۆتالیتاریزمـەوە هەنگاویان بۆ دیموکراتی هەڵگرتووە، بۆیە بەشـێوەیەکی گشـتی هاووڵاتیـان زۆر کەم بە دیموکراتی و پرۆسـەی هەڵبژاردن ئاشنان، لەوانەیە لەم پرۆسـەیەدا خەڵکی کوردسـتان جیاوازییەکیان لەگەڵ عێراقیەکان هەبێت، لەبەر ئەوەی پرۆسـەی دیموکراتی و ئەنجامدانـی هەڵبژاردنـی ئازاد لە سـاڵی ١٩٩٢ لە کوردسـتان دەسـتی پێکرد، بەڵام لە عێراق لەدوای سـاڵی ٢٠٠٣ و رووخانی رژێمی پێشوو ئەم پرۆسەیە دەسـتی پێکراو هەڵبژاردنی ئـازاد ئەنجامدراوە و ئەم پرۆسـەیە بۆتە هۆکارێك بۆ پیشاندانی پێگە و نفوزی جەماوەریی لایەنە سیاسییەکان، هەربۆیە ئەگەر سەرنج لەبەرەو پێشـەوە چوونی ئامادەکارییەکان بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن بکەین، هەسـت دەکەین سـاڵ لەدوای ساڵ لەڕووی دابینکردنی پێداویستی هونەرییەوە پێشکەوتنی بەخۆیـەوە بینیـووە، هەروەها لـەڕووی دابینکردنی لۆجیسـتیەوە دیسـان گۆڕانکاری بەسـەردا هاتووە، بەڵام لەڕووی چۆنیەتی ئامادەسـازی لایەنە سیاسییە عیراقییەکانەوە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی بەدیموکراتیکردن و چۆنیەتی ئەنجامدانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن هەسـت دەکەین گۆڕانکاری روویداوە، بەڵام بـە بەراورد بە پێشـکەوتنەکانی بـواری تەکنیکی و لۆجیستی، شتێکی ئەوتۆ نییە. ئەگەر لێرەدا تەنیا باس لـە هەڵبژاردنەکانی دوای سـاڵی ٢٠٠٣ بکەین، ئەوا دیارە کە لەسـاڵی ٢٠٠٥ یەکەمین هەڵبژاردنی گشتی لەسەر ئاستی عێراق ئەنجامدراوە، دوای ئەو لەمانگی ١٠ی هەمان ساڵ ریفراندۆم لەسەر دەستوور ئەنجامدراو

**ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکان بۆ هاووڵاتیان و لایەنە سیاسییەکان و خودی پارێزگاکانیش گرنگە، چونکە خەڵکی پارێزگاکانی کوردستان دەبنە خاوەنی نوێنەری خۆیان و دەتوانن گرفت و کێشە خزمەتگوزارییەکان و کەموکوڕی و داخوازییەکانیان بگەیەننە ئەنجوومەنی هەڵبژێردراوی پارێزگا**

**لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە پارێزگای هەولێر کێبڕکێ دەکرێت لەسەر ١٥ کورسی و لە پارێزگای دهۆک ١١ کورسی و لە لەپارێزگای سلێمانی ١٨ کورسی و لەموسڵ ٣١ کورسی و لەکەرکوک ١٤ کورسی**

**پارتی دیموکراتی کوردستان شانازیی بە کوردستانیەت و مۆرکی نەتەوەیی ئەو خەڵکە خەباتگێڕ و دڵسۆزەی موسڵەوە دەکات و خۆی بەخزمەتکاریان دەزانێت، چونکە لە پرۆسەکانی تردا کوردستانیەتی ئەو ناوچانەیان سەلماندووە**

**پارتی دیموکراتی کوردستان خوازیاریی ئەوەبوو کیان و حزبە کوردستانیەکان بە یەک لیست بەشدارییان لە پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە پارێزگای موسڵ بکردایە، بەڵام ئێستاش ئەم مەسەلەیە کێشەیەکی گەورە نییە، لەکۆتاییدا بەشداریکردنی کوردو کوردستانیەکان چەند زیاتر بێت ئەوەندە پێگەو هێزی کوردستانی لەم ناوچانە زیاتر دەبێت**

لەساڵی ٢٠٠٩ و هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانیش لەعێـــراق ئەنجامدرا و لە٢٠١٠ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و لە ٢٠١٣ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق و بڕیاریشە بۆ ئەمساڵ ٢٠١٤ هەردوو پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و ئەنجوومەنـــی پارێزگاکان بەڕێـــوە بچێت، لە هەموو هەڵبژاردنێکیش پرۆســـەکە گۆڕانـــکاری باش بەخۆوە دەبینێت. ئەوەتا لەهەڵبژاردنی ئەم دواییەی پەرلەمانی کوردستان مۆری ئەلکترۆنی بەکارهێنراو ئەمجارەش بۆ پەرلەمانی عێراق کارتی ئەلکترۆنی و پەنجەمۆر هەیە و کۆمەڵێك کارو تەکنەلۆژیای سەردەم لەهەڵبژاردنەکان بەکار دەهێنرێن.

*** باســـی هــەردوو هەڵبژاردنـــی پەرلەمانی عێراق و ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردســـتانت کرد؛ ئایا دەکرێت باســـی گرنکی ئـــەم دوو هەڵبژاردنە بۆ هاووڵاتیانی هەرێم بکەی؟**

- با سەرەتا باسی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێم بکەین؛ ئەنجامدانـــی هەڵبژارنی پارێزگاکان بۆ هاووڵاتیان و لایەنە سیاسییەکان و خودی پارێزگاکانیش گرنگـــی خۆی هەیـــە، کە تێیدا پارێـــزگارو جێگری پارێزگارو ســـەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگاکان دیاری دەکرێت، چونکە خەڵکی پارێزگاکانی کوردســـتان دەبنە خاوەنی نوێنەری خۆیان و هەموو خەڵکی ناحیەو قەزاکان دەتوانن گرفت و کێشە خزمەتگوزارییەکان و کەموکوڕی و داخوازییەکانیان بگەیەننە ئەنجوومەنی هەڵبژێردراوی پارێزگاو پلان و بەرنامەو کارەکان بۆ چارەســـەرکردنی گرفتەکان دابڕێژرێت. تەنانەت لەئەنجوومەنی پارێزگاوە گفتوگۆ لەســـەر تەرخانکردنی بودجەو دابەشـــکردنی بەشـــە بودجەو پارەو پرۆژەکان بۆ ســـەرجەم سەنتەری پارێـــزگاو قەزاو ناحیەو گونـــدەکان دەکرێت. لەلایەکی ترەوە ئەنجوومەنی پارێزگا دەبێتە چاودێرێکی کاریگەر لەسەر کارو پرۆژەو ئەدای حکومەت و پارێزگا.

سەبارەت بەتەوەری دووەمی پرسیارەکەتان کە تایبەتە بە هەڵبژاردنە پەرلەمانیەکەی عێراق، ئەوا کوردستانیەکان چەنـــد ئەندامیان لەناو پەرلەمانـــی عێراق زیاتر بێت قورســـایی و توانای کـــورد لەعێراق زیاتـــر دەبێت، گومانیشی تیدا نییە بەزیادبوونی ژمارەی ئەندامانی کوردســـتانی لەپەرلەمانی عێراق هێزو توانای هەرێم باشترو زیاتر دەبێت.

*** وەکو ئاشکرایە ئەمجارە هەڵبژاردن بەشێوەی بازنەیی بـــۆ هەر پارێزگایـــەك بەڕێوەدەچێـــت، ئایا ژمارەی کورســـییەکانی پارێزگاکان بۆ هـــەردوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێم چەندە؟**

- هەڵبژاردنەکانـــی ئەمجـــارەی پەرلەمانـــی عێراق و ئەنجوومەنـــی پارێزگاکانـــی هەرێم جیاوازن و هەر پارێزگایـــەك بازنەیەکە، واتا هـــەر کاندیدێك دەبێت لەپارێزگاکەی خۆی کاندیـــد بکات، تەنانەت بەپێی یاسا ژمارەی کاندیدەکانی پارێزگاکانیش دیاریکراون، بۆنموونە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لەپارێزگای دهـــۆك کێبڕکێ لەســـەر ١١ کورســـی دەکرێت و لە پارێزگای هەولێر ١٥ کورسی و لەپارێزگای سلێمانی ١٨ کورســـی و لەموسڵ ٣١ کورســـی و لەکەرکوك ١٤ کورســـی دەبێت، تەنانەت ژمـــارەی کاندیدەکانی پارێزگاکانیش بەپێی یاســـا بڕیـــار دراوە بۆ نموونە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆك (٢٥ + ٣) کورســـی هەیە واتا ٢٥ کورسی بۆ کوردەو ٢ کورسی بۆ کلدان و ئاشـــور و سریانەو کورســـیەکەی تری بۆ ئەرمەنە، بـــۆ ئەنجوومەنی پارێـــزگای هەولێریش (٢٥ + ٥) چونکە لەهەولێر کۆتای تورکمان و کریستیانیش هەیە، بۆ سلێمانیش ٣٠ کورسییە، بەشێوەیەکی گشتی هەر لایەنێکی سیاسی زیاتر بهێنێت دەرفەتی بەڕێوەبردنی پارێزگاکەی زیاتـــرە. هەر بۆیە هەردوو هەڵبژاردنەکە گرنگـــن، چەنـــد هاووڵاتیانی کوردســـتان بە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمیش بەشداری زیاتری دەنگدان و پرۆســـەی هەڵبژاردن بکەن ئەوەندە سوودی زیاتر دەبێت بۆ پاراستنی ناســـنامەو یەکلاکردنەوەی گرفت و کێشەکانی لەعێراقدا، هەربۆیە بەشداریکردنی هاووڵاتیانی کوردســـتانی لەهەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی عێراقدا چارەنووسسازە بەتایبەتی بۆ ناوچە کوردســـتانیەکانی دەرەوەی هەرێم لەبـــەر ئەوەی بە بەدەستهێنانی زۆرینەی دەنگەکان کوردستانیەتی ئەو ناوچانە زیاتر دەسەلمێنرێت، هەربۆیە پێویستە ئەوانەی لەهەرێمیش نیشـــتەجێن و فۆرمی خۆراکیان سەر بەو ناوچانەیـــەو ماددەی ١٤٠ دەیانگرێتەوە بەشـــداریی لـــەو هەڵبژاردنە بکەن لەپێنـــاو گەڕاندنەوەی ماف و ناسنامەی کوردستانیەتی ئەو ناوچانە.

*** لەپارێزگای موســـڵیش کە کورد خاوەنی دەنگێکی زۆرەو لەپرۆســـەی هەڵبژاردنەکانـــی پێشـــوو پارتی دیموکراتی کوردستان ســـەرکەوتنێکی باشی بەدەست هێنا، ئایا داواکاریت بۆ خەڵکی ئەم ناوچانە چییە؟**

- پارتی دیموکراتی کوردستان شانازیی بەکوردستانیەت

و مۆرکی نەتەوەیی ئەو خەڵکە خەباتگێڕ و دڵسۆزەی موسڵەوە دەکات و خۆی بەخزمەتکاریان دەزانێت، چونکە لەپرۆسەکانی تردا کوردستانیەتی ئەو ناوچانەیان سەلماندووە، هەربۆیە زۆر گرنگە لەم پرۆسەیەشدا بیسەلمێننەوە کە کوردستانیەکان یەك لەسەر سێی پارێزگای موسڵ پێك دەهێنن و شنگار و شێخان و تەلکیف و بەعشیقەو مەخموور و زمار و بەرتلە ناوچەی کورستانین، چەند زیاتر کوردستانیەکانی پارێزگای موسڵ بەسەرجەم پێکهاتەکانی موسڵمان و یەزیدی و کریستیانەکان بەشداری لەهەڵبژاردن بکەن ئەوەندە زیاتر کوردستانیەتی ئەو ناوچانە دەسەلمێنرێت و رۆڵی گەورەیان لەپارێزگاکە دەبێت.

*** باس لەوە دەکرێت کە بۆ سەلماندنی کوردستانیەتی ناوچەکانی پارێزگای موسڵ دەبوایە هێزە کوردستانیەکان بەیەك لیست بەشداری هەڵبژاردنەکەیان بکردایە؟**

- ئێمەش وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان خوازیاریی ئەوە بووین کیان و حزبە کوردستانیەکان بەیەك لیست بەشدارییان لەپرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە پارێزگای موسڵ بکردایە، هەڵبەتە لیستی هاوپەیمانیش هەیە کە پێکهاتووە لە(پارتی و شیوعی و یەکگرتوو سۆشیالیست) و لیستی یەکێتیش بەجیایەو بۆی هەیە بزووتنەوەی گۆڕانیش لیستی لەموسڵ نەبێت، بەڵام ئێستاش ئەم مەسەلەیە کێشەیەکی گەورە نییە، لەکۆتاییدا بەشداریکردنی کوردو کوردستانیەکان چەند زیاتر بێت ئەوەندە پێگەو هێزی کوردستانی لەم ناوچانە زیاتر دەبێت، گرنگ نییە بەدەستهێنانی کورسیەکان بۆ نموونە هی پارتی یا یەکێتی یا گۆڕان بێت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کورسی و رێژەی کورد زیاتر بێت.

*** کورد بە بەردەوام کێشەی لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان هەیە، ئایا ئەمجارە گرفت و کێشەکان چین؟**

- بەڵێ لەهەموو هەڵبژاردنێکدا بە بەردەوام کێشەمان لەگەڵ کۆمسیۆن هەیە، زیاتر کێشەکان تەکنیکین و کێشەی تایبەتی نین، ئێمە خوازیارین کۆمسیۆن ئاسانکاریی تەواو پێشکەش بە هەموو هاووڵاتیەك بکات بۆ پیادەکردنی ئەو مافە ئاسایی و سروشتیەی، بەڵام ئەمجارە بۆی هەیە هەندێك گرفت لەسەر کارتی ئەلکترۆنی هەبێت وەکو ئەوەی خەڵك هەیە ناوی نەهاتۆتەوە یا هەڵەی تێدایە یا ناوی دووبارەیە. تەنانەت هەندێك خێزان هەیە هەموو ئەندامانی خێزانەکە لەیەك شوێن کارتی دەنگدانیان نییە، ئومێدەوارم ئەم گرفتانە چارەسەر بکرێت.

لەلایەکی ترەوە خواستێکی زۆر هەیە کە کوردستان کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی خۆی هەبێت، پێشتریش چەند هەوڵێك دراو رەشنووسی یاسایەك هەیە، بەڵام تا ئێستا بەیاسایی لەپەرلەمانی عێراق نەکراوە، ئومێدەوارم لەپەرلەمانی عێراق کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی کوردستانی بە یاسا بکرێت و دەسەڵاتەکانی دیار بێت.

*** باسی کارتی ئەلکترۆنیت کرد، ئایا پێتوانییە رێژەی وەرگرتنی کارتی ئەلکترۆنی لەلایەن هاووڵاتیانەوە تا ئێستا کەم بووە؟**

- بەپێچەوانەوە خەڵکی بەرێژەیەکی باش توانیویانە کارتەکانیان وەربگرنەوە، لە پارێزگای دهۆك لەهەندێك بنکە بەرێژەی لە ٦٠٪ی کارتەکان لەلایەن هاووڵاتیانەوە وەرگیراوە و بنکەش هەیە بەرێژەی ٣٠٪یە، ئومێدەوارم ئەو هاووڵاتیانەشی کە تا ئێستا کارتەکانیان بەدەست نەهێناوە بۆ وەرگرتنەوەی کارتەکانیان سەردانی بنکەکان بکەن. بەڵام لەهەندێك شوێن گرفت هەیە، بۆ نموونە وەکو ناحیەی کەڵەك کە سەر بەقەزای بەردەڕەشە بنکەی وەرگرتنەوەیان بۆ دانەنراوە، بۆیە داوامان کردووە کە کەڵەك ناحیەیەو خاوەنی ئیدارەی تایبەتی خۆیەتی پێویستە بنکەی وەرگرتنەوەی کارتی ئەلکترۆنی بۆ دانرێت، ئەم حاڵەتە لەزۆر شوێنی تریش روویداوە ئێستا بەرەو چارەسەر کردن دەچێت.

*** کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانتان لەسەر چی پێوەرێك هەڵبژاردووە؟ ئایا رێژەی کاندیدی ئافرەت لە لیستی ئێوەدا چەندە؟**


- دانانی کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ کەسایەتی و جەماوەریی کاندیدەکان دەگەڕێتەوە، راو بۆچوونی رێکخستنەکانی خۆمان لەپارێزگاو شوێنەکان وەرگیراوە و دوا بڕیاریش بۆ سەرکردایەتی حزبە کە دەیدات لەسەر بنەمای ئەو هەڵسەنگاندن و بیروبۆچوون و پێشنیارانە. سەبارەت بە رێژەی کاندیدە ئافرەتەکانیش لە هەموو هەڵبژاردنێکدا پارتی ژمارەیەکی بەرچاوی لە کاندیدی ئافرەت هەڵبژاردووە تاوەکو رۆڵیان لە پرۆسەی هەڵبژاردن هەبێت، بەپێی یاساش رێژەی کاندیدی ئافرەت بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان لە ٣٠٪یەو بۆ پەرلەمانی عێراقیش لە ٢٥٪، ئێمە لەو رێژەیە زیاتر کاندیدمان داناوە.

**کێشەی ئێمە لەگەڵ کۆمسیۆن تایبەتی نییە، بەڵکو گرفتی تەکنیکی و هونەرییە؛ ئومێدەوارین کۆمسیۆن تەواوی ئاسانکاری بۆ هاووڵاتیان بکات بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردن**

**ئومێدەوارم کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی کوردستانی دامەزرێت و لە پەرلەمانی عێراق بە یاسا بکرێت و دەسەڵاتەکانی دیار بێت**

**لە هەموو هەڵبژاردنێکدا پارتی دیموکراتی کوردستان ژمارەیەکی بەرچاوی لە کاندیدی ئافرەت هەڵبژاردووە تاوەکو رۆڵیان لە پرۆسەی هەڵبژاردن هەبێت**

**لەدانانی کاندیدەکانی پارتی رەچاوی جەماوەریی و کەسایەتی کاندیدەکانمان کردووە و راوپێشنیاری رێکخستنەکانیشمان وەرگرتووە**



## پرۆفیسۆر جامیس گرین
### تایبەتمەند لەمێژووی سیاسەت بۆ گوڵان:

# ئەوەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان دەبینرێت ٢٠ ساڵ پێش ئێستا وەک مەحاڵ سەیر دەکرا

پرۆفیسۆر جامیس ئێن گرین ئوستادی مێژووی سیاسەتە لەزانکۆی براون و تایبەتمەندە لەسەر مێژووی دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی بەگشتی و مێژووی بەرازیل و پورتوگال بە تایبەتی، کە هەردوو دەوڵەتەکەش بەرازیل و پورتوگال هەتا ساڵانێکی زۆر لەلایەن دیکتاتۆریەتی سەربازی بەڕێوەدەبران، بۆ قسەکردن لەسەر ئەقڵیەتی دیکتاتۆری و مەترسی سەرهەڵدانی ئەم ئەقڵیەتە لە وڵاتانی قۆناخی راگوزەری بەرەو دیموکراتیدا، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفیسۆر گرین کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.

*** کێشەی سەرەکی دیکتاتۆرەکان بریتییە لەوەی کێشەی سیاسی لەگەڵ سەرجەم هاوپەیمانەکانی دروست دەکات و هەروەها وەکو دوژمن مامەڵە لەگەڵ هەموو لایەکیشدا دەکات. بە بۆچوونی ئێوە تا چ ڕادەیەك سەرهەڵدانی ئەم ئایدۆلۆژیەتی دیکتاتۆری بە هەنگاو هەڵگرتن بەرەو شکستهێنان بە دەوڵەت دادەنرێت؟**

- ئەقڵیەتی دیکتاتۆری شکست بەدەوڵەتی دیموکراتی دەهێنێت و دەیگۆڕێت بۆ سەرکوتکاری و خۆسەپاندن، کە ئەمەی بۆ چووە سەر ئەو کاتە لەو دەوڵەتەدا هەم دەتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و هەمیش بەهۆی سەرکوتکارییەوە دەتوانێت پشتیوانی جەماوەریش بۆخۆی دروست بکات، بۆ ئەوەشی جێگە پێی باشتر قایم بکات، ئەوا پەنا بۆ سیاسەتی ئابووری و جولاندنی هەستی ناسیۆنالیزمی خەڵك دەبات، بۆیە لەم ڕێگەیەوە هەستی خەڵك بۆلای خۆی رادەکێشێت، بەڵام ئەگەر ئەمەی بۆ نەچووە سەر واتە نەیتوانی بەرێگەی سیاسەتی ئابووری و جولاندنی هەستی ناسیۆنالیزمی خەڵك پشتیوانی بەدەست بهێنێت، ئەوا پەنا بۆ شێوازی دیکە دەبەن لە کۆنترۆڵکردنی دەسەلات یان بەرێگەی هەڵبژاردن دەسەلات ببەنەوە، بۆ ئەمەش پەنا دەبەنە بەر (گوشار، ناچارکردن، توندوتیژی، سەرکوتکردن، تیرۆر). لەمێژووی سیاسیدا بەشێکی زۆر لە دیکتاتۆرەکان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ سەرکەوتوو بوون و توانیوویانە ئەم کارە بکەن و درێژەی پێبدەن، بۆیە دیکتاتۆرەکان وێڕای ئەوەی پەنا بۆ توندوتیژی و گوشار و تیرۆر دەبەن، لەهەمانکاتدا لەرێی حکومەتەوە هەندێك کار دەکەن کە خەڵك بە ئیجابی لەقەڵەمی بدات، بەڵام زۆرێك لە دیکتاتۆرەکانیش دووچاری کێشە دەبنەوە کاتێك ئەو شتانەی ئەوان بانگەشەی بۆ دەکەن و پەرەیان پێدەدەن لەبەریەکهەڵدەوەشێنەوە. دەکرێت لێرەدا نموونەی بەرازیل بهێنینەوە کە خراپترین سەردەمی دیکتاتۆریەت بریتی بوو لە ساڵانی نێوان ١٩٦٩ و ١٩٧٤، خراپترین سەردەم بوو لە ڕووی سەرکوتکاریەوە، بەڵام باشترین سەردەمیش بوو لە ڕووی گەشەکردنی ئابووریەوە، کە ڕێژەی گەشەکردن گەیشتە لە سەدا ١١، بەڵام کاتێك لە ساڵی ١٩٧٣دا قەیرانی نەوت لە جیهاندا ڕوویدا و بەرازیلیش ناچار بوو نەوت هاوردە بکات و نرخەکانی بەرزکردەوە، ئەوا چینی ناوەڕاست کە پشتیوانی لە دیکتاتۆریەت دەکرد دەستیان لە پشتیوانیکردنی هەڵگرت. هەروەها لە ئەرجەنتینیش دیکتاتۆرێك هەبوو لە ساڵی ١٩٧٦ بۆ ساڵی ١٩٨٣، لە سەرەتادا حکومڕانی کرد لەبەر ئەوەی پشتیوانی جەماوەری هەبوو، چونکە لە وڵاتەکەدا توندوتیژی هەبوو کە گرووپە شۆڕشگێڕیەکان ئەنجامیان دەدا، چینی ناوەڕاست پشتیوانی سوپای کرد لەبەر ئەوەی ئاشتی و سەقامگیری بۆ وڵاتەکە گەڕاندەوە، دواتر حکومەتەکە لە ڕێی ترس و تۆقاندنەوە حکومڕانی کرد، بەڵام نەیتوانی بەردەوام بێت، لەبەر ئەوەی ئەو جەنەڕاڵانەی درکیان بەوە کردبوو کە ڕەنگە پشتیوانی جەماوەری لەدەست بدەن، بڕیاریاندا دوورگەی فۆکلاند داگیر بکەن کە ئەو کاتە لەلایەن بەریتانیەکانەوە داگیر کرابوو، کاتێکیش ئەم کارەیان کرد درۆیان لەگەڵ خەڵکەکەدا کرد لەبارەی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی شەڕەکەوە و ئیدارەیەکی خراپی شەڕەکەیان کرد، و بەرهەڵستیەکی زۆر بۆ جەنەراڵەکان دروست بوو. ئەو کاتە چینی ناوەڕاست کە پشتیوانی سوپای دەکرد بە هۆکاری ناسیۆنالیستی، و لەبەر ئەوەی سوپا ڕێگری لە توندوتیژی چەپەکان دەکرد، وازیان لە پشتیوانیکردنی هێنا و سوپاش هەرەسی هێنا. ئەگەر لێرەدا باسی جیاوازی نێوان دیکتاتۆر و پۆپۆلیست بکەین، ئەوا پۆپۆلیزم ئەگەر حکومەتێکی خۆسەپێن بێت یان دیکتاتۆری، لە ڕێی گرتنەبەری چەند ڕێ و شوێنێکەوە پشتیوانی بۆ خۆی دروست دەکات، بە تایبەتی ئەو ڕێ و شوێنانەی هەژاران و چینی کرێکاران دەکەنە ئامانج. ئەویش لە ڕێی بەرنامەی دابەشکردنی خۆراکەوە بێت یان دروستکردنی هەلی کار، هەروەك ئاماژەم پێکرد ڕەنگە حکومەتەکە، حکومەتێکی خۆسەپێن بێت یان دیکتاتۆری بێت. لە بەرازیل حکومەتێکی پۆپۆلیستی هەبوو ڕێ و شوێنگەلێکی زۆری گرتەبەر بۆ چینی کرێکار، کە پشتیوانیان لە حکومەت کرد، بەڵام دواتر سوپا ئەمەی بە هەڕەشە بۆ خۆی زانی، و حکومەتە دیموکراتیەکەی ڕووخاند و ئەو کارانەی ڕاگرت کە بۆ کرێکاران دەکران و داواکاریەکانیشی ڕاگرتن. کەواتە جیاوازی نێوان حکومەتێکی پۆپۆلیستی دیموکراتی و حکومەتێکی پۆپۆلیستی دیکتاتۆری، ئەوەیە حکومەتی دیکتاتۆری کاتێك کار بۆ خەڵك دەکات ڕێگا نادات دیموکراسیەت هەبێت لە ناوخۆدا و ڕێگە بە ڕەخنە و ڕای جیاواز نادات. لەبەر ئەوە تا ئەو کاتە دەتوانن درێژە بە پشتیوانیکردنیان بدەن کە کاڵاکان بەسەر خەڵکدا دابەش بکەن، بەڵام کاتێك ئەمە لە دەست دەدەن و کاتێکیش دیموکراتی نین، ئەوا پشتیوانی لەدەست دەدەن و لاواز دەبن. چونکە ئەو کاتە پەنا بۆ سەرکوتکاری دەبەن و ئەمەش ئەوەندەی دیکە لاوازیان دەکات، لەبەر ئەوەی کاردانەوە دروست دەبێت لە بەرامبەریاندا، و دواتر ڕووداوە دەرەکیەکان- هەروەك ئاماژەم پێکرد لەو نموونانەی سەرەوە- پتر دەبنەهۆی ڕووخاندنیان.

*** لەگەڵ سەرهەڵدانی ئایدۆلۆژیای دیکتاتۆری، نوخبە تۆتالیتاریەکان هەوڵی کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتەکان دەدەن بە تایبەتی دەسەڵاتە ئابووری و سەربازیەکان بۆ پاراستنی دەسەڵات. بە تێڕوانینی ئێوە، تا چ ڕادەیەك ئایدۆلۆژیای دیکتاتۆری دەبێتە هۆکارێك بۆ خراپبوونی ژێرخانی خزمەتگوزاریە حکومیەکان؟**

- ئەگەر وڵاتەکە بۆ ماوەیەك بێت ڕژێمێکی خۆسەپێنی هەبووبێت- بۆ نموونە- بۆ ماوەی نەوەیەك یان تەنانەت سەدەیەکیش، با لە ڕوسیا بڕوانین، ڕوسیا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ حکومەتێکی مەرکەزی خۆسەپێنی هەبوو کە قەیسەرەکان بوون، و لەڕێی سەرکوتکاریەوە جووتیارەکانیان لە ژێر چنگی خۆیاندا هێشتبۆوە و هەر بۆچوونێکی جیاوازی فیکریشیان سەرکوت دەکرد، ئەمەش بووەهۆی

**ئەقڵیەتی دیکتاتۆری شکست بەدەوڵەتی دیموکراتی دەهێنێت و دەیگۆڕێت بۆ سەرکوتکاری و خۆسەپاندن، بۆ ئەوەشی جێگە پێی باشتر قایم بکات، ئەوا پەنا بۆ سیاسەتی ئابووری و جولاندنی هەستی ناسیۆنالیزمی خەڵک دەبات**

ئەوەی شۆڕشـــگێڕان خەباتی نهێنی و ژێر زەمینی بکەن و دواتر هەروەك دەزانن شـــۆڕش ڕوویدا، ئێســـتاش پۆتین کەسێکی خۆسەپێنە، بەڵام بەهۆی ئەوەی یەکێتی سۆڤیەت ساتگەلێکی کەمی دیموکراتی و دامەزراوەی ڕاستەقینەی هەبوو کە بەرهەڵستی و تەحەددی حکومەتێکی مەرکەزی بەهێز بکات، ئـــەوا زۆر زەحمەتە کە ڕژێمێکی دیموکراتی ڕێکبخەیت و بەردەوامی پێبدەیت، و خەڵکیش زۆر ڕاهاتوون لەگەڵ بوونی حکومەتێکـــی مەرکەزی بەهێز، کە لە زۆر ڕووەوە ڕازی دەبـــن یان ملکەچیان دەکـــەن بۆ ڕژێمێکی خۆســـەپێن. لە ڕوســـیادا کە بە چەند کێشەیەکی ئابووریدا تێدەپەڕێت، ئەوا ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیستی و شکۆدارکردنی ڕابردو وایان لێدەکات پشـــتیوانی سیاســـییەکانیان بکەن بۆ گەڕانەوەی ئەو شـــکۆیە، کە ئەوان پێیان باشە، بەڵام ئەوە ڕابردویەکی زۆر خۆســـەپێن بووە. بەڵام بیرۆکەی کۆساك کە قەیســـەرەکان لە ســـەدەی نۆزدەدا بە ئاستێکی بەربڵاو بەکاریان دەهێنا لەلایەن پۆتینەوە خراوەتەگەڕ و لە ئێســـتادا هێرش دەکەنە ســـەر خەڵك، و لە ڕوانگەی دەرەوە ڕوســـیا شێتانە ڕەفتار دەکات لە ئێستادا، بەڵام پۆتین وەك ڕەمزێك بـــەکاری دەهێنێت بۆ ئەوەی کە ڕوســـیا لە ڕابردودا چەند مەزن بووە و لە داهاتووشدا چەند مەزن دەبێت.

*** ئایا لە ناوچەیەکی وەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تا چەند هەنـــگاو هەڵگرتن بەرەو دەوڵەتێکی شکســـتخواردو دەبێتە هەڕەشە لەسەر ئاسایشی هەرێمایەتی و ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ئاسایشـــی نێودەوڵەتی؟ و هەروەها تا چ ڕادەیەك تیرۆریزم ســـوودمەند دەبێت لەو کەلێنـــە ئەمنیەی لەلایەن دەوڵەتە شکستخواردووەکانەوە دروست دەکرێت؟**

- بە شـــێوەیەکی گشتی ئەو شـــیکردنەوەیەی ئێوە ڕاستە لـــە ڕووی ئاماژەکـــردن بە هەل و مەرجەکانـــەوە، بەڵام لە ڕوویەکـــی دیکـــەوە دژیەکی تێدایە، لەبـــەر ئەوەی ئەگەر لەو شـــێوازە بڕوانین کە ســـەددام حوســـێن عێراقی کرد بە دەوڵەتێکی شکســـتخوارد و هەروەها ئەو شێوازەی ئەمریکا بۆ داگیرکاری گرتیەبەر و پاشـــان ناکۆکی لە نێوان شیعە و سوننەدا دروســـت کرد، لەم حاڵەتەی عێراقدا بۆ ئێوە وەك نەتەوەی کورد سوودی هەبوو، چونکە هەم لەسەردەمی سەدام حوســـێن کە دوای شـــەڕی کەنداو زۆر لاواز بوو، هەمیش دوای داگیرکردنی عێراق دیســـان عێراق زۆر لاوازبوو، ئێوە سوودتان لەو لاوازییە وەرگرت و بوو بە دەرفەتێك کە بتوانن شـــێوەیەك لە خۆبەڕێوەبردنی ســـەربەخۆتان بۆ بێتە ئاراوە و ببنە کاراکتەرێکی بەهێز، بـــەڵام ئەم حاڵەتە مەرج نییە لە شـــوێنێکی دیکە رووبدات، بە تایبەتی لەو شـــوێنانەی کە کەلتورێکی دوورودرێژی دیموکراســـیان نییە. بەڵام خەونی نەتەوەیی و هەســـتی نەتەوەیی کـــوردەکان زۆر گرنگ بوو لە بەدەســـتهێنانی ئەو ســـەرکەوتنەی هەتانە. پێموایە ئەو گرژیەی لە نێوان دەســـەڵاتێکی خۆسەپێن و خەڵکدا هەیە- وەك ئەوەی لە یەمەندا بـــەدی دەکەین، حاڵەتێکی جیاوازە. تەنانەت ئەوەی لە باکووری ئەفریقیاشدا ڕوویدا کە بەم دواییە چەند دەسەڵاتێکی ڕووخێنران، بەڵام دامەزراوەگەلێك نەبوو کە جێیان بگرێتەوە، یان ئەو ســـەرکردانەی کە شەرعیەتیان هەیە جێیان بگرنەوە.

*** ئەگەر بارودۆخی سوریا لەبەرچاو بگرین کە حاڵی حازر بۆتە دەوڵەتێکی شکســـتخواردو، هەروەهـــا عێراقیش لەبەر ئەوەی حکومەتەکەی کێشەی لەگەڵ سەرجەم پێکهاتەکانی وڵاتەکـــەدا بۆ دروســـت بووە، ئەوا ئـــەم دوو وڵاتە بوونەتە زۆنێکـــی گەورە کە هەردوو حکومەتەکە بە ناوی شـــەڕی دژ بـــە تیرۆرەوە پەرە بـــە بەرژەوەندیەکانی خۆیان دەدەن، بە تێڕوانینی ئێوە ئایا چۆن دەکرێت مامەڵە لەگەڵ ئەم واقیعە ئاڵۆزەدا بکرێت؟**

- بارودۆخی سوریا جێی سەرنجە، لەبەر ئەوەی گرووپگەلێکی ئایینی و ئیتنی دیاریکراو هەن — لە سوریادا- کە نزیکترن لە ئەســـەد، چونکە تـــا چ ڕادەیەك پارێـــزراون، پێموایە هەندێکیان زۆر نیگەرانن لەوەی ڕژێمی نوێ مافەکانیان وەك کەمینەیەکی ئایینی یان ئیتنی سنوردار بکات لەو ڕووەوە. ئەمەش ئاڵۆزی دۆخی سوریا پیشان دەدات. چونکە زۆرێك لەو خەڵکانەی پشتیوانی لێدەکەن- لە ئەسەد- دەستەبەرداری ئەو پشتیوانیە نابن و سەرسەختانە پشتیوانی دەکەن، چونکە ترســـیان هەیە لەوەی ئەگەر ئەلقاعیـــدە یان ڕێکخراوەکانی دیکەی نێو موعارەزە- کە هەندێکیان دیموکراتی و هەندێکیان خۆسەپێنن- دەسەڵات بگرنەدەست، ئەوا مەترسی لەدەستدانی مافەکیان دروست دەبێت. بە چەشنی قیبتیە مەسیحیەکانی میسر کە ڕاستەوخۆ دوای قۆناغە ئنیتیقالیەکە ڕووبەڕووی هێرشـــی مەترســـیدار بوونەوە و ترســـیان هەبوو کە ڕژێمە نوێیەکە ڕەوشی ژیانیان خراپتر بکات، ئەویش کاتێك ئیخوان موسلمین هەڵبژێردران. کەواتە ئاڵۆزی کەمینە ئیتنیەکانی وەك کـــورد یان کەمینە ئایینیەکان لە وڵاتە جیاوازەکاندا کە بۆ ســـاڵانێکی دوورودرێژ بەهۆی نزیکبوونیان لە ڕژێمێکی دیاریکراو توانیویان درێـــژە بە مانەوەی خۆیان بدەن، ڕۆڵی خۆی دەبینێت لەم ڕەوشە ئاڵۆزەدا.

*** بەڕێـــزت ئامـــاژەت بەوە کـــرد کورد توانی ســـوود لەو بارودۆخە گۆڕاوە لە عێراق وەربگرێت، ئایا تاچەند سوودی لێ وەرگرتووە؟**

- ئەوەی من ئێستا دەیڵێم شتێکی شەخسیە و لێکدانەوەیەکی ئەکادیمـــی نییە، بەڵام من خۆشـــحاڵم بە کاری بەردەوام و نەپســـاوەی کوردەکان بۆ بەدەستهێنانی ڕێز و بەدەستهێنانی خۆبەڕێوەبەری (ئۆتۆنۆمـــی)، ئەمـــەش خەباتێکی گرنگە کە هێشـــتا کۆتایی نەهاتووە و تەواو نەبـــووە، بەڵکو درێژە دەکێشـــێت و بەردەوام دەبێـــت و پێدەچێت ســـەرکەوتوویش بێت. چونکە بیســـت ســـاڵ پێش ئێستا کەس وێنای ئەوەی نەدەکرد کە ناوچەیەکی خۆبەڕێوەبردنی سەربەخۆی کورد لە وڵاتەکەدا بێتەئاراوە، ئەمە بە مەحاڵ دەهاتەبەرچاو بەهۆی ئەو سەرکوتکاریەی هەموو لایەك دژ بە کوردەکان دەیانکرد، لەبەر ئەوە کەس مەزندەی نەدەکرد ئەمەی ئێستا لە هەرێمی کوردســـتان هەیە بێتە دی و ئەمەش مایەی گەشـــبینیە، پێموایە دەبێت ئێوە و خەڵکی وڵاتەکەتان زۆر گەشبین بن بە داهاتوو و ئاییندەتان.

**جیاوازی نێوان حکومەتێکی پۆپۆلیستی دیموکراتی و حکومەتێکی پۆپۆلیستی دیکتاتۆری، ئەوەیە حکومەتی دیکتاتۆری کاتێک کار بۆ خەڵک دەکات ڕێگا نادات دیموکراسیەت هەبێت لە ناوخۆدا و ڕێگە بە ڕەخنە و ڕای جیاواز نادات**

**من خۆشحاڵم بە کاری بەردەوام و نەپساوەی کوردەکان بۆ بەدەستهێنانی ڕێز و بەدەستهێنانی خۆبەڕێوەبەری (ئۆتۆنۆمی)، ئەمەش خەباتێکی گرنگە کە هێشتا کۆتایی نەهاتووە و تەواو نەبووە، بەڵکو درێژە دەکێشێت**

# کوردو تەحەداکانی ئیسلامی سیاسی

## پێویستە بایەخی ئایین وەک پەیامێکی ئاسمانیی جیابکرێتەوە لە سیاسەت و دنیاخوازییەک کە پێوەندی بە دەسەڵاتدارییەوەیە



د.سەربەست نەبی

بۆ گوڵان دەینووسێت

**چەمکی ئیسلامی سیاسی**

یەك لە باری چەمکی (ئیسلامی سیاسیی)، چەمکێکی چلۆپۆپەدارەو چەندین تەوژم و بزووتنەوەی سیاسیی لەناودا جێ دەبێتەوە، ئەو ڕێکخراوانە لەو بڕوایەدان کە ئیسلام بە تەنێ ئایینێك یان بڕوابوونێك نییە، بەڵکو ئەم چەمکە لەوە زیاترەو وەك سیستمێکی سیاسی سەرتاپاگیر وایە بۆ فەرمانڕەوایەتی، ئەو کەسانەی لەم سیستمەدا هەڵسوڕاون ڕوانینی خۆیان بۆ حاکمێتی و سیاسەت لە شەریعەتی ئیسلامیەوە هەڵدەهێنجێنن، تەرجەمەی تیۆریی لای سوننە مەزهەبەکان بەپێی چەمکی (حاکمیەتی خوایی)یە و لەلای شیعەمەزهەبەکانیش بریتییە لە چەمکی (ویلایەتی فەقیە)..

مێژوونووسان بۆ داڕشتنەوەی چەمکی ئیسلامگەرای سیاسیی هاوچەرخ پشتبەستوون بە ڕۆژهەڵاتناسانی ئینگلیز، هۆکاری ئەمەیش دەگەڕێتەوە بۆ مەرامی ئایدیۆلۆژیانەو ئیمپریالیانە، لە ناوەندی چلەکانیشەوە ڕۆژهەڵاتناسێکی بە ڕەگەز هیندیستانی وەك ئەبولئەعلای مەودودی١٩٠٣ـ ١٩٧٩ موژدەی داوە بە برەودانی ئیسلامی سیاسیی، لەو بارەیەوە سەمیر ئەمین ئاماژەی پێداوەو پێیوایە ئامانجی مەودودی ئەوە بووە کە بڵێت موسوڵمانان ناتوانن لە دەوڵەتێکی نائیسلامیدا بگوزەرێن، لەو بڕوایەوە پێیوایە کە زەمینەسازییان بۆ دابەشکردنی وڵاتان خۆش دەکرد، بەو شێوەیە مەودودی بیرۆکەی حاکمیەتی خواوەندی دادەڕشتەوە، ئەو هاووڵاتیبوونەی ڕەت دەکردەوە کە یاساگەل بۆ خۆیان دابڕێژنەوە، جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە پێویستە لەسەر دەوڵەت یاسای شەریعەت جێبەجێ بکات و ملی بۆ کەچ بکات..

لە سۆنگەی ئەمەوە ئیسلامی سیاسی ڕێبازی دیموکراتییەت ڕەت دەکاتەوە، ڕێبازێك کە بڕوای بە یەکسانیی هاووڵاتیان و تاکەکانە لەوەی ئازادانە مافی چارەی خۆیان دیاری بکەن، ئەم مافی چارەنووس نووسینە بە ئازادانە بە بیدعەی نائیسلامی دەزانێت، لە بری ئەمەش ڕێبازی شوورا ڕەواج پێدەدات، کە بە مۆدێلێکی ئیسلامیانەی نموونەیی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری فەرمانڕەوایەتی ڕەعیەت دایدەنێت، بەڵام ئەو ڕاوێژدان و پرسانە یان ئەو شوورایەی کە گرووپە ئیسلامیەکان بە موژدەهێنی وەسف دەکەن، لە بنەڕەتدا سیفەتێکی نۆستالۆژیانەی پاشکەوتووانەی هەیە، سۆزێکە بۆ گەڕانەوە بەرەو شێوازێکی سەرەتاییانەی ئاسایی کۆگەلانەی مرۆڤایەتی، گەڕانەوەیە بۆ ساتەوەختانێك کە هێشتا تەحەدیاتی کۆمەڵگە هاوچەرخ و ئاڵۆزەکان نەهاتبوونە ئاراوە،، بەو شێوەیە ئیدیۆلۆژیای ئیسلامی سیاسی دژباوی هاوچەرخایەتی بوو، زۆربەی بزاوتە سیاسییە ئیسلامییەکان مۆدێلی نموونەیی خۆیان دەگەڕێننەوە بۆ سەلەفی ساڵح بەپێی تێگەیشتنی ئیبن تەیمیە واتا هاوکوفی زەمەنی خۆیان نابنەوە، لەم بارەیەوە سیوران پێی دەڵێت گەڕانەوە بۆ بنەچە، یان ئەسڵ ئەوەش ڕێبازی فکری بنەچەیی پاشکەوتووە، کەواتە ئوسوڵیەت یان بنەچەیی دژەباوی فکری تازەگەری و پەرەسەندنە، کە ئەمەی دوایەمینیان خۆرئاوای لە ڕەگەوە گۆڕی..

لە ساڵی ١٩٤١ زایینی، مەودودی کۆمەڵی ئیسلامی دامەزراند، هاوشانی ئەم لە جیهانی عەرەبیدا سەید قوتبە کە بیرۆکەکانی مەودودی لە میسر و وڵاتانی تری عەرەبی بڵاوکردەوە، دوو باوکی شەرعیی بانگخوازی ئیسلامی سیاسین کە لە هەشتایەکان و

**ئیسلامی سیاسی عەرەبی ئیسلامێکە عروبەی خستۆتە ناو بونیادو لۆژیکیەوەو ئەم ئینتیما عروبایەتیەی کردۆتە دینگە بۆ باوەڕدارێتی، ئیسلامی سیاسی کوردی بە پێچەوانەی ئەوانەوە شوناس و ئینتیمای نەتەوەی خۆی پوکاندۆتەوە**

**ڕەگی تیرۆریستی لەناو زاتی ئایینەکەدا نییە، بەڵکو ئەو هەلومەرجە واقیعیانەی لە ژینگەدان شێوازێکی توندو زبرێتی بە سیمای ئایینەکە دەبەخشن کاتێ مرۆڤ بە توندی ئەوانی تر ڕەت بکاتەوەو داخوازییەکانی دنیاوی بچەسپێنێت، دین بکاتە چەتر بۆ توندڕەوییەکەی**

نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا لە هەندێ وڵاتی وەك ئەفغانستان و میسر و فەڵەستین و جەزائیر و سۆماڵ فکرەکانیان نەشونمای پێدراو شوێنکەوتووانیان پەڕگیرانە هەڵدەسووڕان..

**ئیسلام و کورد**

ئیســـلام ئایینی زۆربەی زۆری هاووڵاتیانی کوردە، مەبەستمان لەو هەموو ســـەمت و مەزهەبە ئیســـلامیانەیە بە ســـوننی و ئیسلامیەکانی پێشـــەنگ و ناوکوفیانەوە واتا بە ئەهلی حەقەو ئیسماعیلیەو دوازدە عیلمەکانیشـــەوە، لەناو کوردا مەزهەبێکی نموونەیی باوی ســـەرتاپاگیر بوونی نییە تـــا بڵێین زمانحاڵی ڕۆحیانەی زۆرینـــەی ڕەها بێت، واتا بە تەنیا ئیدیۆلۆژیایەکی دیاریکراوی ئیسلامیانە نەبۆتە ساباتی هەموو خەڵکی موسڵمان لە کوردستان، کە هەمووان بێ جیاوازی کۆکردبێتەوەو گشتێنرابێت یـــان بە هەمووەکی کرابێت، تا یەکێتیەکی نەتەوەیی سیاســـی و ئەدەبی ئیســـلامیانەی بۆ وەدیبهێنێت، ئەوانـــەی بەو وەهمەوە خۆیان هەڵواســـیوە گوایە کۆمەڵگەیەکی سیاســـی ئیســـلامی کوردی لە شێوەی ئیدیۆلۆژیایەکی ســـەرتاپاگیر بوونی هەیە، کەسانێکن دابڕاون لە سەردەمی واقیعی کوردی و تەحەدیاتەکانی ئێستایەوە..

پێویستە بایەخی ئایین وەك پەیامێکی ئاسمانیی جیابکرێتەوە لە سیاسەت و دنیاخوازییەك کە پێوەندی بە دەسەڵاتدارییەوەیە..

کـــورد یەکێکە لەو گەلانەی فرەیی ئایینی و هەمەچەشـــنێتی مەزهەبی تێدایە، ئەگەر کەسێك هەبێت خۆی بە ئیسلامیکردنی کوردو کۆمەڵگەی کوردســـتانی لە ڕووی سیاســـییەوە خەریك بکات بە شـــێوەیەك هاوشـــانی بکاتەوە بە خیتابی نەتەوەیی لە ئیســـلامدا لێی دەپرسین چ ئیســـلامگەرایەکت مەبەستە لەناو ئەو فرە ئیســـلامیەتەدا، ئیسلامی سوننی یان شیعی بێگومان چەشـــنێکت بۆ دیاریدەکات لەو ئیسلامەی کە بە موژدەهێنی دادەنێت بۆ کوردستان، بەڵام هەر چەشنێك بێت دەکەوێتە بەردەم ڕەتکردنەوەیەکی ڕاســـتەوخۆی زۆرینـــەوە کاتێ بخرێتە بواری پراکتیکەوە، لەناو ئەم گەلەدا بڕوای ئایینی تر ڕەگ و ڕەچەڵەك داکوتاوی وەك مەســـیحی و یەزیدیش هەیە، هەر چەشـــنێك لە ئیسلام بکەیتە ســـابات بەسەر هەموانەوە ئەوانی تر بە ئەهلی زیمە دابنرێـــن، کەواتە کەلێن دەکەوێتە ناو چەمکی کوردایەتی کاتێ ئیسلام بخەیتە سەر ئاستی نوێنەرایەتی سیاسی گەلێکی وەك کوردەوە..

لە بەرانبەردا نە دادپەروەرییەو نە لۆژیك ئەوە دەخوازێت کورد لە ڕووی مێژووییەوە دابڕێنیت لە ئیسلامەتی، ئەمە فانتایایەکی مێژووییە کە کورد بە دەیان ســـەدە ژیـــان و مێژووی خۆیانیان لەگەڵ ئیســـلام بردۆتە ســـەر، ئیتر ئەو مێژووە سروشتەکەی هەرچییەك بـــوو بێت، ناکرێت چواردە ســـاڵی تەمەنی گەلێك لە یادەوەری مێژوویدا وەدەرنێیت، لە بری ئەوە کورد پێویســـتی بـــە ئاگایی زیاترە لە بارەی ئیســـلامەوە، لـــەو تێڕوانینەوە کە پیرۆزێتی ئایینی جیابکرێتـــەوە لە کۆمەڵێك مامەڵەو پێوەندی دنیایی.

**ئاگامەندی شوناس و دۆزی ئینتیما**

زۆربەی کۆمەڵە و پارتە ئیسلامیە سیاسیەکانی جیهان لە دەوری قەناعەتێکی ئایدیۆلۆژی هاوبەش مۆڵیان خواردووە، کە پێکەوە دوور دەکەونـــەوە لە ئینتیمای نەتەوەیـــی و بەرەو ئینتیمایەکی کۆسمۆپۆلێتی هەنگاو دەنێن لەو بڕوایەوە کە تەنیا حەقیقەتێکی سەرتاپاگیر و ڕەها لە ئیسلامدا بوونی هەیەو بەس. بەو شێوەیە گرووپە ئیســـلامیەکان تایبەتمەندیی نەتەوەیی دەکەنە قوربانی و بـــە هەرتەقەی ئیدیۆلۆژیی خۆرئاوایی ناس دەکەن کە دژ بە ڕۆحی ئیسلامە، لەم ئاسۆیەوە پێویستە تێبگەین بۆچی هەندێك ئەندام پەرلەمانە ئیســـلامیەکان ئامادە نابن وەك ڕێزگرتنێك بۆ سروودی نەتەوەیی کوردی هەستنە سەر پێ..

ئەمـــە پێوەندی بە ئاگامەندی مێژوویانەی تەوژمە سیاســـییە ئیســـلامیەکانەوە هەیە، کاتێ بیانەوێت خوێندنەوە بۆ مێژووی نەتەوەیـــی لۆکاڵی بکەن بە ڕوانینی خۆیانەوە دەیبەســـتنەوە بە ســـەرچاوەی ئیدیۆلۆژی نانەتەوەیی، هەمـــوو مێژووی پێش ئیســـلامەتی بە کوفر دەزانێت، بە شێوازی ئیسلامیانە هەموو شارســـتانیەتەکانی پێشـــوو ڕاڤە دەکاتەوە، بـــە ئاوەژووانە لە ڕابردووی گەلان دەڕوانن، ڕاستە زۆربەی گەلان نغرۆ بوو بوون لەناو بۆشـــایی ڕۆحی و تاریکایی فیســـق و گەندەڵیدا، کاتێ ڕۆشنایی ئیســـلام لەو زەمانەدا دەرکەوت بەبێ ماندووبوون ئەو نەتەوانە بە خوازیاری خۆیان هاتنە بەر ئەو ڕۆشـــناییە، چونکە چاوەڕوانی ڕزگارکارێك بوون لە بتپەرســـتی دووریان بخاتەوە، ئەمە نموونەییترین ڕاڤەی میتافیزیکیانەی ئیسلامە لە مێژوودا کە لە شـــێوازێکی بڕوادارانەی غەیبانیەوە هەڵدەقوڵێت نەك لە شێوازی مێژووییەوە، بۆیە هیچ کام لە ئیسلامیەکان بە ڕوانینی مێژووییەوە لە میدیەکان و خۆرییەکان ناڕوانن، بەلای ئەوانەوە ئەو نەتەوانەن کە بتپەرست و دواکەوتووبوون..

بەڵام ئیســـلامی سیاسی عەرەبی ئیسلامێکە عروبەی خستۆتە ناو بونیادو لۆژیکیەوەو ئەم ئینتیما عروبایەتیەی کردۆتە دینگە بۆ باوەڕدارێتی، ئیســـلامی سیاســـی کوردی بـــە پێچەوانەی ئەوانەوە شـــوناس و ئینتیمای نەتەوەی خۆی پوکاندۆتەوە، لەم پوکانەوەیەدا هەلومەرجێکی نامۆی بۆ بڕوای خۆی چێکردووە، فارســـەکان درکیان بەم هاوکێشەیە کردبوو لە دێر زەمانەوە لەبەر ئـــەوە گەڕانەوە بۆ تەشـــیع لەبەردەم دەروازەی بە فارســـبوونی ئیسلامیدا..

تا ئێستاش ئیسلامی سیاسی لە قەیرانی نائاگامەندی شوناسدا دەژیێ، لە قەیرانێکدان باز بەســـەر ئێســـتا دەنێن و چوونەتەوە ڕابردوو.

لە ڕووی مێژووییەوە کورد نەگەیشـــتوون بە دامەزراندنی جۆرە ئاگامەندییەکی زاتیی نەتەوەیی بە تێگەیشـــتنی ئیسلامەتی، تەنانەت هاوشـــێوەی نەتەوەکانی تـــری دەوروبەریان نەیانتوانیوە ئیســـلام بکوردێنن، ئەگەرچی ئیسلامی شافیعی لە قۆناغی ئەیوبیەکاندا هەژمونی هەبووەو لەڕێی کوردەوە تەشەنەی سەندووە تا ئەو ڕادەیەی بووەتە تاقانـــە مەزهەبێك لەناو کوردو عەرەبی شـــامیدا، بەڵام ناتوانین بڵێین ئـــەو مەزهەبەش تایبەتمەندێتی کوردی پێوەیە چۆن مەزهەبی شـــیعی تایبەتمەندێتی فارسی هەڵگرتـــووە، فارســـەکان توانییان لە زەمەنی ســـەفەوییەکاندا تایبەتمەندێتی نەتەوەیی خۆیان ڕەنگڕێژبکەنە ســـەر ئیســـلام، ئیسلامی شیعی دوازدەیی ئیسلامێکی نەتەوەیی تایبەتمەندانەی فارسیانەیە..

لە ئیســـلامدا دەکرێت جەخت بکرێتەوە لەسەر تایبەتمەندێتی و لۆکاڵێتی و لەناو ســـیاقی مێژوویی خۆیدا بە دنیایی بکرێت،

لەبەر ئەوە دیاریکردنی مێژووییانەی ئیسلام بە خوێندنەوەیەکی کوردیانەوە لە پێداویستی واقیعیانەو مێژوویانەی وێستاوە سەرچاوە دەگرێت..

**توندوتیژی و تیرۆر**

لەناو هیچ ئاینییێکی لێبوردەدا تیرۆریزمیەت بوونی نییە، ئایینی کەمتر یان زیاتر تیرۆریست بوونی نییەو وەك چۆنیش ئایینی کەمتر یان زیاتر لێبوردەش بوونی نییە، بەڵکو ئەوانەی هەڵگری بڕوای ئایینەکەن لەڕێی سیاقە کۆمەڵایەتیەکان و بەرژەوەندییە مادییەکانەوە ڕۆڵی سەرەکی دەبینن بۆ دیاریکردنی سروشتی ئایینەکەو تێگەیشتن لێی..

هەرچۆن ئیسلام لە سەدەکانی ناوەڕاستدا نوێنەرایەتی کۆمەڵگەیەکی کراوەو لێبوردە بووە و لەو کاتانەدا مەسیحیەت سەرکردایەتی کۆمەڵگەیەکی بەربەریانەی کردووە، وەك چۆن مەسیحیەکانی ئەورووپای خۆرئاوا خۆیان بێ بەری دەکەن لە خراپەکارییەکانی ئەو سەردەمانە، ئیسلامەتی هەندێك گروپی بە ناو ئیسلام، ئێستا دوور کەوتۆتەوە لەو سەردەمی زێڕینەی کە ڕۆڵی جوامێرانەی تێدا گێڕاوە واتا ئیسلامەتی سەردەمی ئەبی عەلا موعەڕی و ئیمامی شافعیی و ئیبنولڕوشد.

هاوشێوەی ئەمە بڕوادارێکی لێبووردە بە حوکمی ئینتیمای بۆ ئایینەکەی بوونی نییە، هاووڵاتی ئەورووپی بە حوکمی ئایینی مەسیحی لێبوردە نییە، بەڵکو بە حوکمی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەی هانی داوە بۆ قبوڵکردنی ئەوانی تر، شێوازی بژێوی و گوزەرانی هاندەرێتی بۆ ئەوەی بە بیرکردنەوەی سیاسی داخراو هەڵسوکەوت نەکات، ئەم ژینگەیە هەڵگرێتی تا لێبوردەییانە ڕەفتار بکات لەگەڵ بەرانبەرەکانیدا، بێ پێشەکی و بێ بەهانە دۆزینەوە بۆ بارکردنی ڕق و کینەدۆزی، کەواتە هەموو ئایینەکان فاکتەرێکن بۆ لێبوردەیی بەبێ ئاوارتە، هەر ئاینیێك پاڵێوراوە بۆ ئەوەی ببێتە ئایینێکی لێبووردە یان بە پێچەوانەوە ببێتە ئایینێکی تیرۆریستی و تەکفیرییەت، ئەگەر بکەوێتە ناو سیاقاتی پەتپەتێن و ململانێ لەسەر دەسەڵات و نفووزەوە، کەواتە ڕەگی تیرۆریستی لەناو زاتی ئایینەکەدا نییە، بەڵکو ئەو هەلومەرجە واقیعیانەی لە ژینگەدان شێوازێکی توندو زبرێتی بە سیمای ئایینەکە دەبەخشن کاتێ مرۆڤ بە توندی ئەوانی تر ڕەت بکاتەوەو داخوازییەکانی دنیاوی بچەسپێنێت، دین بکاتە چەتر بۆ توندڕەوییەکەی..

ئیسلامی سیاسی لە میتۆدە تەکفیرییەکەیەوە کاتێك پەنا دەباتە بەر ڕەتکردنەوەی گشتگیر بۆ ژیان و بیرکردنەوە لە تێڕوانینی خۆیەوە بەوەی ڕەهاگەرییانە حەقیقەت تەنیا لای خۆیەتی دەکەوێتە دژایەتی کردنی ڕێژەگەرییانەی حەقیقەت، بەو شێوەیە جیاوازی پێ قبوڵ ناکرێت تەنیا هەموو شتەکان لە یەك ڕوانیندا کۆدەکاتەوەو ناتوانێت ئەوە قبوڵ بکات کە دوو شتی جیاواز بەسەر یەك زەمینەوە بوونی هەیە، کەواتە بەسەریدا دەچەسپێت کە ئەو شتانەی لەم جیاوازن بیانسووتێنێت و لەناویان بەرێت. لێرەوە خاڵێکی هاوبەش بۆ ئایین و تیرۆر دروست دەکرێت، لەم ڕوانینەوە گرووپە ئیسلامیە سیاسییەکان دەسەڵاتی سیاسی وڵاتەکانیان بە کافر لە قەڵەم دەدەن و هەوڵی جڵەوگیریی و کۆنترۆڵکردنی شتەکان دەدەن بۆ ئەم هەوڵەشیان دەیانەوێت کۆمەڵگەو دەوڵەت بە ئایینی بکەن، لە پێناوی بە ئایینی کردنی هەموو شتەکاندا پەنا بۆ تیرۆریستی دەبەن.

**ویژدانی ئایینی و ئازادیی بڕوا**

بازنەیەکی سەربەخۆی تایبەتمەند بە چواردەوری تاکدا هەیە کە پێویستە دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی لێی بەدوور بخرێتەوە، وەك ستیوارت مل ئاماژەی پێ داوە ئەو بازنەیە بریتییە لە ژیان و ڕەفتاری تاك کە بە تەنیا ویستی ئازادانەی شەخسیی خۆی دەگرێتەوە لە چوارچێوەی ئازادی تایبەتمەندانەی تاکدا، ئەو بازنەیە پێی دەوترێت مەملەکەتی ئاگامەندێتی ناخەکیانە، کە بە ئازادی ویژدانی کەسەکییەوە دەوڵەمەندە بە هەموو واتاکانی ئازادی فیکر و هەست و ئازادی ڕەهای دەربڕین و سۆز لە بەرانبەر هەموو بابەتە زانستی و تیۆرییە مۆراڵیەکان و ئایینیەکاندا ئامادەگی هەیە/ دووەم ئەم ئازادی نەخشەڕێژکردنی پلانە بۆ ژیان هەر تاکێك خۆی لێی بەرپرسیارە چۆن بینەخشێنێت و چۆن کاری بۆ بکات، لەم ئازادیی تاکایەتیەوە ئازادی هەڵبژاردنی تاك بۆ ئینتماکردنی کۆمەڵ دروست دەبێت بەپێی هەلومەرجی هەمان ئازادی، ئیتر ئازادی یەکبوونی ئەو تاکەو هاریکارێتی لە پێناوی ئامانجێکی دیاریکراو لا دروست دەبێت بێ ئەوەی ئازاردانی خەڵکانی تری بەدواوە بێت، هەر کۆمەڵگەیەك تێیدا ڕێز لەم ئازادییانە نەگرێت نابێتە کۆمەڵگەیەکی ئازاد، ئیتر فەرمانڕەوایەتیەکەی هەرچییەك بێت، ئازادی تاق و تەنیا بەو ناوە بریتییە لەوەی خێر و بێری خۆمان بە ڕێگەی تایبەتی خۆمان بچێنین مادەم هەوڵێك نابێت بۆ بێبەشکردنی کەسانی تر لە خێربێر و نابێتە کۆسپیش لەبەردەم توانایان بۆ هەوڵەکانیان لە گەیشتنیان بە خێر و بێر..

کاری دەزگای ئایینی لەسەر تاك کارێکی زۆر لاوەکیی ناڕاستەوخۆیە پێوەندیدارە بە ئارەزووی ئەو کەسە بۆ بەردەوامی پێدانی لە بڕواداریدا، بەڵام دەستێوەردانی دەزگای ئایینی لەسەر ویژدانی ناخەکی تاك و سروشتی بڕوا تایبەتمەندەکانی کارێکی نابەجێیە کە بەناوی خواوەندایەتی و ئایینی ڕاستەقینەییەوە ئەنجام بدرێت، ئەگەر ئەم دەستێوەردانە ئامادەییشی هەبێت، ئەوا تاك بەرەو ناو ئاژاوەی بڕواداریی پەلکێش دەکات، لەو بارەیەوە کۆمەڵێك کەس هەن کە بە خراپی ئایین دەقۆزنەوە بۆ مەرامی شەخسی ئەو زیانەشی کە پێی دەگەیەنن کاریگەری خراپی بۆ سەر خودی ئایینیش دەبێت، هەروەها بۆ سەر کۆمەڵگەش، بە گشتی ئەگەر تواناو کاتی بۆ بڕەخسێت پۆست و پایەی باڵا تەرخان بکات بۆ پەخشکردنەوەی بیرۆکەکانی، ڕەفتاری ئەو کەسە ئاشتەوایی و پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی دەخاتە مەترسییەوەو لە چوارچێوەی ئازادی دێتەدەرەوە، واتا لە ئازادی بیرکردنەوەو گوزارشت کردن بە واتا ڕاستەقینەکەی دوور دەکەوێتەوە بۆ چوارچێوەی ئاژاوەگێڕی تەکفیر کردن و پەڕگیربوون..

هەر دەزگایەکی مەدەنی ئەرکی سەرشانێتی کە لە ڕووی ئەو فیکرانەدا بوەستێتەوە، چونکە ئەم بیرۆکانە ویژدانی تاك و کەرامەتی و مافی لە ڕاگەیاندنی بژاردەکانی دەگرێتەوەو دەرئەنجام ژیانی شەخسی تاکەکەو ژیانی کۆمەڵیش دەگرێتەوە ئەگەر ئەمە بە یاسایی نەکرێت، پێویستە نارەزایەتی گشتی لێ بکەوێتەوە، ئەمەش کەمترین بڕوایە تا بە کەمترین زیان لێی دەربچین. هەر لایەنێك پاراستنی کۆمەڵگەو دەسەڵاتی مەدەنی و سیستمی دیموکراتی لا مەبەست بێت، کۆمەڵگە قەرزارباری دەبێت.

**گرووپە ئیسلامیە سیاسییەکان دەسەڵاتی سیاسی وڵاتەکانیان بە کافر لە قەڵەم دەدەن و هەوڵی جڵەوگیریی و کۆنترۆڵکردنی شتەکان دەدەن بۆ ئەم هەوڵەشیان دەیانەوێت کۆمەڵگەو دەوڵەت بە ئایینی بکەن، لە پێناوی بە ئایینی کردنی هەموو شتەکاندا پەنا بۆ تیرۆریستی دەبەن**

**کۆمەڵێک کەس هەن کە بە خراپی ئایین دەقۆزنەوە بۆ مەرامی شەخسی ئەو زیانەشی کە پێی دەگەیەنن کاریگەری خراپی بۆ سەر خودی ئایینیش دەبێت، هەروەها بۆ سەر کۆمەڵگەش**

# ئەو دژوارییانەی تورکیا لە چارەسەرکردنی کێشەی کورددا دووچاری بۆتەوە



دۆغو ئەرگیل*

تایبەت بە گوڵان ئامادەی کردووە
asidiq1962@yahoo.com

لە کەشی پڕ لە ململانێی سێ هەڵبژاردنی چاوەڕوانکراودا (مەحەلی «شارەوانی»- سەرۆکایەتی- گشتی» پەرلەمانی) قەیرانێکی توندی سیاسی بەرۆکی تورکیای گرتووە کە بۆتە هۆی ئەوەی کێشەی چارەسەرنەکراوی کورد لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر پتر مایەی نادڵنیایی بێت، ئەمە لە کاتێکدا بەشەکانی دیکەی جوگرافیای کوردی ژیانێکی تەواو چالاکیان تێدا بەڕێوەدەچێت.

«چارەسەر»ەکەی « کێشەی کورد» کە کێشەیەکی دێرینە پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە، ئەویش کاتێك دوو ساڵ لەمەوبەر حکومەتی تورکیا بڕیاری دا دەست لە ڕێبازی نەزۆکی سەرکوتکردنی توندوتیژی بە گرتنەبەری توندوتیژی زیاتر هەڵبگرێت. دیالۆگ جێی شەڕی گرتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، لەبری ئەوەی کورد کە پێکهاتەیەکی جیاوازیان هەیە بکاتە لایەنێکی ئەو فرەییەی کە هەیە بۆ ئەوەی لەسەر مەرجەکانی پێکەوەژیان گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات، ئەوا سەرکردە سیاسیەکەی تورکیا ڕێگا ئاسانەکەی هەڵبژارد.

لەگەڵ سەرکردە زیندانیکراوەکەی میلیشیا چەکدارەکەدا (عەبدوڵا ئۆجەلان)، (پەکەکە) دەستی بە دیالۆگ کرد، ئەو میلیشیایەی بۆ ماوەی سی ساڵ شەڕی لەگەڵ سوپای بەهێزی تورکیادا بەرپاکرد، شەڕێك بوو کە ئامانجەکەی سڕینەوەی یەکتر بوو.

بەڵام هەر زوو دەرکەوت کە گرتنەبەری ئەم بژاردەیە سێ کێشەی هەیە: ١- بە چەشنی هەر کۆمەڵگەیەکی دیکە لە جیهاندا کورد لە ڕووی کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕ و کەلتورییەوە هەمەڕەنگن. بەڵام بە ڕازیبوون بەوەی گروپێکی چەکداری بکرێتە تاکە نوێنەری گروپێکی ئیتنیی گەورە، ئەوا مەودای نوێنەرایەتیکردنی ئەم گروپە ئیتنییە بەرتەسك دەکەیتەوە و دەرفەتەکانی هێنانەئارای چارەسەرێك کەم دەکەیتەوە کە لەسەر ئاستێکی بەربڵاو قبوڵ بکرێت.

٢- تاوەکو هەفتەکانی ڕابردووش، پێش ئەوەی پاڵنەرە بنەڕەتییەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ یەکدا بگۆڕدرێن، تورکیا لەسەر ئاستی سیاسی و فەرمیدا پەکەکەی بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی تۆمەتبار دەکرد، و نازناوی «بکوژی منداڵان» و «تاوانبارێك کە خوێن ساردانە تاوانەکانی ئەنجام دەدات»ی بەسەر سەرکردەکەیدا دابڕی، و بەو شێوەیە لە ئۆجەلانیان دەڕوانی کە بۆتە ڕەمزێك بۆ لەدەستدان و لە ناوچوونی ڕۆڵەکانیان لە گۆڕەپانی شەڕدا. زۆرێك لە خەڵکی تورکیا ئەم گوتار و عەقڵییەتەیان تەبەنی کرد. لەبەر ئەوە هێشتا زۆر زەحمەتە کە زۆرینەی خەڵك، پەکەکە وەك شەریکی ئاشتی و عەبدوڵا ئۆجەلانیش وەك خولقێنەری ئاشتی قبوڵ بکەن.

٣- حکومەت هۆشیارە بەم ڕاستییە، لەبەر ئەوە ناچێتە گفتوگۆیەکی ڕاستەوخۆوە لەگەڵ سەرکردەی پەکەکە یان نوێنەرانی ڕێکخراوەکە. دەزگای هەواڵگری (میت)، بە تایبەتی بەڕێوەبەرەکەی، کە جێی متمانەی سەرۆك وەزیرانە، پەیوەندیەکان ئەنجام دەدات، بەڵام بێ ئەوەی هیچ سیفەتێکی ڕەسمی بە ئەرك و دەستپێشخەریەکەی بدرێت.

لە ڕاستیدا، ئۆجەلان دەڵێت، «دوای ٥٠ پەیوەندیکردن لەگەڵ بەرپرساندا، ئێستا ئێمە تەنانەت وردەکارییە شەخسییەکانی یەکتر دەزانین. ئێمە قسەمان لەبارەی ئەدەب و فەلسەفە، و مێژوو و سیاسەتی جیهانی کردووە، بەڵام ئێمە ڕێگای پێچ و پەنامان گرتەبەر و ناومان لە پرۆسەکە نەناوە و چوارچێوەیەکی یاساییمان پێ نەبەخشیوە. کەواتە هەروەك دەردەکەوێت لەم ساتەوەختەدا ئێمە نازانین باسی چ ئامانجێك دەکەین، ئایا دەرئەنجام و ئاکامەکانی گفتوگۆکان چی دەبن و لەوەش گرنگتر ئایا ئەو هەڵوێستانەی هاوڕا دەبین لەسەریان لەلایەن پەرلەمانەوە پشتیوانی دەکرێت و دەبێتە واقیع.»

لەبەر ئەم هۆکارەیە کە ئەو-ئۆجەلان- دەیەوێت دۆخەکە لەوە تێپەڕێت کە هەر کاتێك پێویستیان پێی بوو «ڕاوێژی» پێ بکەن، بەڵکو دەبێت بکرێتە «گفتوگۆکارێك» کە بە ڕەسمی نوێنەرایەتیی لایەنێکی ناکۆکییەکە بکات. هەروەها دەیەوێت گفتوگۆ لەگەڵ توێژێکی بەربڵاوی خەڵکەکەدا بکات و ڕێگەی پێ بدرێت ڕۆژنامەنووس و ئەکادیمیی و سەرکردە مەدەنییەکان سەردانی بکەن. ئەو باوەڕی وایە کە پێویستە گروپێك هەبێت کارئاسانی بکات یان ناوبژیوانی بکەن و ئەم گروپە ببنە چاودێر بەسەر پرۆسەکەوە و لەوە دڵنیابن کە ڕێساکانی گفتوگۆکە ڕەچاو دەکرێن.

هەمو ئەمانە لەگەڵ ڕێ و شوێنە نێودەوڵەتییەکاندا، کە پەیوەستن بە چارەسەرکردنی ناکۆکی و بنیاتنانی ئاشتییەوە، یەك دەگرنەوە. بەڵام لەبەر دوو هۆکار حکومەت نیگەرانە: ١- ڕەنگە دەرئەنجامی گفتوگۆکان سەربکێشن بۆ داواکردنی ئۆتۆنۆمی لەلایەن کوردەوە. ئەمەش بە شێوەیەکی بنەڕەتی دەبێتە هۆی ئەوەی کە سیستەمی کارگێڕی و یاسایی تورکیا بگۆڕێت. نە حکومەت و نە پارتە سیاسییەکان و نە سیاسەت- لە تورکیادا- ئامادەنین بۆ ئەم گۆڕانکارییە. ٢- ئەوانەی ئێستا شەریکی ئاشتین و لایەنێکی سیاسین لە بنیاتنانی «دیموکراسییەکی پێشکەوتوو» مژدەپێدراودا، ئەوانەن کە لە ڕابردوودا بە تیرۆریست و خیانەتکار وەسف دەکران و لە قەڵەم دەدران. بەڵام هێشتا ئەو ئاڵوگۆڕە لە نێو هزری خەڵکدا ڕووی نەداوە.

کەواتە ئەنجام نەدانی هیچ کارێك لەلایەن حکومەتەوە مەسەلەیەکی بەرنامەبۆداڕێژراوە، کە بەلای کەمەوە دەیانەوێت تاوەکو کۆتایی هەڵبژاردنەکان هیچ کارێك نەکەن بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکی سەرکەوتوو لەگەڵ پەکەکە و سەرکردەکەیدا. بەڵام ئەو سێ هەڵبژاردنە پتر لە ساڵێکیان پێدەچێت و «لایەنەکەی دیکە» نیشانە و ئاماژەی ئارام نەگرتنیان لێدەرکەوتووە. ئەوانیش شوێنکەوتووانیان بە ملیۆنەها کەسە و ملیشیا قاڵبووەکەش پێویستی بە ئومێد و مژدە هەیە بەوەی دەرئەنجامە پێشبینیکراوەکە لە ئایندەیەکی نزیکدا بەدەست دەهێنرێت.

ئایا دووبارە ئەوان پەنا بۆ گرتنەبەری توندوتیژی دەبەنەوە؟ هەوڵ هەیە بۆ گەیشتن بەو حاڵەتە، بەڵام کورد تامی ئەو هەل و مەرجی ئارام و هێمنەیان کردووە کە لە سایەی ئاگربەستدا بەدی هاتووە، کە ئەمەش لە ماوەی ساڵێکدا بە شێوەیەکی دراماتیکی تێڕوانینی کۆمەڵایەتی لە شارۆچکە و گوندەکانی کوردیی گۆڕیوە. کەواتە خەڵکی خۆشحاڵن. هەر لەبەر ئەوەیە کە ڕێکخراوەکە بەرهەڵستی مەیلی «سیاسەتی قەیسەری» دەکات. و لەبری ئەوە ڕەنگە پەنا بۆ یاخیبوونی مەدەنی ببات و ژیان زۆر زەحمەت بکات لەبەردەم حکومەتدا تاوەکو بە ئاراستەی چارەسەرێکی درێژخایەندا هەنگاوی یەکلاکەرەوەتر دەنێت.

*** ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی فاتح لە تورکیا و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر دۆزی کورد و یەکێکە لەنووسەرە دیارەکانی تورکیا**

# پانۆرامای سوریا بە یاوەریی حەسەن سەبرا



فەرید ئەسەسەرد
بۆ گوڵان دەینووسێت

وەك چاوەڕوان دەكرا، كونفرانسی دووەمی ژنێف دەربارەی سوریا شكستی هێناو ئەمەش بەدڵنیاییەوە مەسەلەكە بۆ چوارگۆشەی یەكەم دەگێڕێتەوە. ئەگەرچی مەسەلەی سوریا دوورایيەكی نێودەوڵەتیی وەرگرتووەو تێكەڵ بەململانێی زلهێزەكان و بەرژەوەندییە دژەكان و كێشمەكێشە مەزهەبییەكان بووە، بەڵام سوریای ئاستی نێودەوڵەتی بەتەواوی لەسوریای ئاستی ناوخۆیی جیاوازە. لەسەردەمی شەڕی ناوخۆی لوبناندا كە هەموو تایفەكان بەشدارییان تێدا كردووە، ئەم پرسیارە گرنگە ورووژێنرا كە ئایا لوبنان لەیەك گەل یان لەچەند تایفەیەك پێكدێ؟ بەهەمان پێودانگ، ئەمڕۆ لەسوریا ئەم پرسیارە دەورووژێنرێ كە ئایا سوریا دەوڵەتی گەلە یان دەوڵەتی تایفەیە یان دەوڵەتی بنەماڵەیە؟.

ئەگەرچی لەسەر ئاستێكی فراوان وا باوە كە سوریا دەوڵەتێكە عەلەوییەكان بەسەریدا زاڵن، كە ئەمەش شتێكە راستییەكی زۆری تێدا بەدی دەكرێ، بەڵام رەوشی ناوخۆی سوریا نیشانی دەدا كە سوریا لانی كەم لەناوەڕاستی هەشتاكانەوە زۆرتر وەك دەوڵەتی بنەماڵە خۆی نواندووە.

لەو كتێبەدا كەساڵی پار حەسەن سەبرا بەناونیشانی «سوریا: هەرەسی بنەماڵە.. گەڕانەوەی نیشتمان» دەری كردووە، پانۆرامایەكی تێروتەسەل سەبارەت بەسوریا وەك دەوڵەتی بنەماڵەی ئەسەد نمایش كراوە كە تێیدا تاكەكانی بنەماڵە وەك كەسانێكی سەروی یاساو خاوەنی مافی مێژوویی بەدەستهێنراو هەڵسوكەوت دەكەن.

سەبرا باس لەوە دەكا كە حافز ئەسەد لەسەردەمی سەرۆكی ئەمریكا بیل كلنتۆن هەلێكی راستەقینەی بۆ گێڕانەوەی جۆلانی داگیركراو چنگ كەوت كە تێیدا سەرەك وەزیرانی ئیسرائیل ئیسحاق رابین بەكلنتۆن و حوسنی موبارەكی راگەیاندبوو كە ئامادەیە جۆلان بداتەوە بەسوریا و بۆ سەر سنوری ١٩٦٧ بكشێتەوە و رێككەوتننامەی ئاشتی لەگەڵ سوریادا واژۆ بكا. بەڵام حافز ئەسەد وەرگرتنەوەی خاكی داگیركراوی سوریاو كشانەوەی ئیسرائیلی رەت كردەوە، چونكە پێیوابوو ئەگەر ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلدا بكا، چیتر ناتوانێ لافی سەرۆكایەتیی عەرەب لێ بداو ناچار دەبێ بەرەو كرانەوەی سیاسی و ئابووری بچێ و رێ بە پەیدابوونی ژیانی حزبایەتی بدا.

رۆژنامەنووسی میسری محەمەد حەسەنین هەیكەل لەكتێبی «پاییزی تووڕەیی»دا باس لەوە دەكا كە سادات لەدوا سەردانی بۆ دیمەشق، پێش سەفەری بۆ قودس، حافز ئەسەدی لەوە ئاگادار كردەوە كە نیازی سەردانی قودسی هەیە. ئەسەد كە لەسادات تووڕە ببوو، نیازی نەبوو سادات بگەیەنێتە فڕۆكەخانە. كەچی كتوپڕ دەركەوت و ساداتی گەیاندە فڕۆكەخانەو بەدرێژایی رێگا ورتەی لەدەم نەهاتە دەر. زۆر مڕو مۆچ و پەست دیار بوو. سادات ئەمەی زۆر بەلاوە سەیر بوو. دواتر، زانرا كە حافز ئەسەد بۆیە ساداتی گەیاندۆتە فڕۆكەخانە، چونكە براكەی، رەفعەت ئەسەد، بەنیاز بووە پەلاماری ئۆتۆمبێلەكە بداو سادات بڕفێنێ.

سەبرا وێنەی سەرۆكی پۆلپەرست و بنەماڵەیەكی گەندەڵ دەكێشێ. لانی كەم لەدوو نموونەدا مەسەلەكە روون دەبێتەوە. هەموو بەیانییەك هەشت ملیۆن دۆلار لەپارەی فرۆشتنی ٦٠٠ هەزار بەرمیل نەوت بۆ ماڵی حافز ئەسەد چووە كە ئەمەش وای كردووە داهاتی ساڵانەی ئەسەد، خۆی لەچارەكە ملیار دۆلار بدا. نموونەكەی تر پێوەندیی بەكارناسی ناسراوی سوریا سائب نەححاسەوە هەیە كە دەزگا ئەمنییەكان دەستگیریان كردو تەنها پاش وازهێنانی لەبەشی هەرە زۆری سەروەت و سامانەكەی بۆ حافز و رەفعەتی برای، ئینجا ئازاد كرا.

پێوەندیی بنەماڵەی ئەسەد بەهاووڵاتییانەوە لەم نموونەیەدا دەردەكەوێ: پاش سەر نەگرتنی هەوڵی تیرۆر كردنی حافز ئەسەد لەساڵی ١٩٨٠، دەزگا ئەمنییەكان شاڵاوێكی رەشبگیر و لەسێدارەدانیان دەست پێكرد كە تائێستا نەزانراوە چەند كەسی تێدا كوژراوە. رەفعەت، برای حافز، بەخۆهەڵكێشانەوە لەئەنجومەنی وەزیران وتبووی ئەگەر حافز شتێكی بەسەر بهاتایە، بەكوشتنی كەمتر لەیەك ملیۆن كەس دڵیان ئاوی نەدەخواردەوە.

حافز ئەسەد دەمێك بوو دەیویست دەوڵەت بەمیرات بۆ باسلی كوڕی بەجێ بهێڵێ. بۆیە پێش هەموو شتێك رەفعەتی برای دەرپەڕاندو بەدەوروبەری خۆی وت: وا رزگارم كردن لەبرا سەربەگۆبەندەكەم، بۆیە بەكوڕەكەم رازی بن.


باسل هەر ئەوەندە كۆلیجی ئەندازیاریی تەواو كرد، حافز بۆ ماوەی شەش مانگ خولێكی لەسوپا بۆ كردەوەو پلەیەكی سەربازیی پێ بەخشی و پاشان لێپرسراوەتیی گاردی كۆماری پێ سپارد. باسل هەڵكشاوتر لەپلە سەربازییەكەی، هەڵسوكەوتی لەگەڵ ئەفسەرانی سوپادا دەكرد. ئەفسەرانی بەپلە لەو بەرزتر، لەو شوێنەی ئەوەی لێ بوایە، هیچ دەسەڵاتێكیان بۆ نەدەمایەوە. باسل بەبێ گوێدانە ئەوەی كەدەسەڵاتی هەیە یان نا، دەستی لەكاروباری دامەزراوەیی سوپایی و دەوڵەت وەر دەدا.

لەكاتێكدا حافز ئەسەد باسلی بۆ جێگرتنەوەی ئامادە كردبوو، كۆچی دوایی كتوپڕی باسل، بەسەرخۆشی لەرووداوێكی ئۆتۆمبێل، تووشی شۆكی كرد. كاتێك بەشار جێی باسلی گرتەوە، نە باوكی و نە دایكی و نە هیچ كام لە كەسوكاری، لەو بڕوایەدا نەبوون كەئەم كەسە بەكەڵكی سەرۆكایەتی دێ. دایكی بەشار، ماهیری پێ باشتر بوو. بەڵام حافز نەیدەویست ماهیر لەسوپا دوور بكەوێتەوەو لەوە دڵنیا بوو كە كەس وەكو ماهیر دامەزراوەی سوپای پێ كۆنترۆڵ ناكرێ. ئەنیسە، دایكی بەشار، بەحافزی وتبوو: «بەشار فڕی بەسەر هیچەوە نییە. هیچی لەتۆ ناچێ. ماهیر لەتۆ دەچێ». بەشاری پزیشكی چاو، پاش ئامادەكردنی بۆ جێگرتنەوەی باوكی، خولێكی خێرای لەسوپا بۆ كرایەوەو پلەی نەقیبی پێ بەخشراو لەخولی تانكەكاندا بەیەكەمی خولەكە دەرچوو. پاش ٤٢ رۆژ، پلەی بۆ رائید بەرز كرایەوە، لەكاتێكدا بەپێی یاساكانی سوریا دەبوایە پاش پێنج ساڵ ئەم پلەیەی پێ ببەخشرێ.

كتێبەكەی سەبرا بەكەڵكی هەموو ئەو كەسانە دێ كە خوازیارن لەنزیكەوە زانیاریی ورد لەسەر دامەزراوەی حوكمڕانی سوریا بەدەست بێنن. سەبرا رەوشی سوریا لەیەك رستەدا چڕ دەكاتەوە ئەویش ئەوەیە كە «رزگاركردنی فەڵەستین لەجولەكە، لەرزگاركردنی سوریا لەبنەماڵەی ئەسەد ئاسانترە».

# ژنی کوردستانی لەنێوان ئایین و حیزب و خێزاندا

۲



دکتۆر عادل باخەوان*

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێت

■ **ژنی کوردستانی و حیزب**

لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا، وەك ئایین و دەزگاکانی، حیزبیش یەکێکە لەو سێ چوارچێوە گەورانەی کە تائێستاش کارایی ڕاستەوخۆ بەسەر کردەی «سۆسیالیزاسیۆن/ بەکۆمەڵایەتیبوون»ی مرۆڤەکان بەگشتی و ژن بەتایبەتیەوە دادەنێت. حیزبە کوردستانییەکان، هەر لە چەپی چەپەوە تا دەگاتە ڕاستی ڕاست، هەر لە کۆمۆنیستی کرێکاریەوە تا دەگاتە بزووتنەوەی ئیسلامی، بە پارتی و یەکێتی و گۆڕانیشەوە، ئەدەبیاتێکی فراوانیان لەسەر ژن هەیە و هەر یەکەیان لە ئاستی خۆیاندا وەك پارێزەری مافی ژنان خۆیان دەخەنە سەر شانۆکان و تێکۆشان لەپێناوی دروستکردنی هەلومەرجی ئازادی ژناندا بە ئامانجی خۆیان دەزانن.

بەڵام لەدەرەوەی ئەم ئەدەبیاتە کە بەشێکی زۆری تەنها لە ئاستی گوتاردان، چۆن مامەڵە لەگەڵ ئامادەیی لاشەی ژن لەنێو حیزبە سیاسییەکاندا دەکرێت؟ لەنێو یادەوەریی دەستەجەمعی حیزبی کوردستانیدا پێگەی ژن چۆن وێنادەکرێت؟

بۆ سۆراخکردنی وەڵامەکانی ئەم پرسیارانە، پێش هەر شتێك ئێمە دەبێت مەودایەك لە نێوان خۆمان و کۆی ئەو بەڵگە نەویستە حیزبیانەدا دروستبکەین کە، لەڕێگای «پێشنیارکردنی شتەکان وەك حەقیقەت»ەوە، دەیانەوێت ڕێگای بیرکردنەوە و لێکدانەوەمان لێبگرن.

من لەو گریمانەیەوە دەستپێدەکەم کە حیزبی کوردستانی نە لە ئاسمانەوە هاتووەتە خوارەوە و نە لە بن دەریاکانیشەوە سەریهەڵداوە، حیزبی کوردستانی وەك چۆن گوزارشت نییە لە کۆمەڵگەی فەرەنسی، ئاواش گوزارشت نییە لە کۆمەڵگەی کۆنگۆیی. حیزبی کوردستانی لەنێو مێژووی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردستانیدا وەك دەزگای «سۆسیالیزاسیۆن/ بەکۆمەڵایەتیکردن»ی مرۆڤەکان بیناکراوە و یادەوەریە دەستەجەمعیەکانیشی هەر لەنێو هەمان مێژوودا دروستبوون. لێرەوە گەڕان بەدوای دۆزینەوەی ژن لەنێو حیزبە کوردستانیەکاندا، لە کۆتاییدا دەمانباتەوە سەر ئەم مێژووە ئاڵۆزە! ئەم گۆشەنیگایە دواتر لای خوێنەر باشتر ڕووندەبێتەوە.

لە ڕووبەرە جیاوازەکانی حیزبی کوردستانیدا، ئامادەیی ژن، ژن پێشهەر شتێك وەك لاشەیەکی وێناکراو (واتە لاشەیەك کە لەکاتی بینینیدا شتێکت لا دروستدەکات)، لەگەڵ خۆیدا کۆی ئەو مانا کۆمەڵایەتیانەی، کە پێشتر لە نێو مەخزەنی یادەوەریە دەستەجەمعیەکاندا، کە لەژێر هەژموونی خودی پیاوان دروستکراون، دەهێنێت. واتە ژن بە لاشەیەکی ڕووت و قوتەوە نایەتە نێو ڕووبەرە سیاسییەکانی حیزبەوە! بەڵکو بە بارێك لە وەزیفەی کۆمەڵایەتیەوە دێت و خۆی دەردەخات. بێهودە نییە کە ژنی نێو حیزب، بەبێ ئەوەی قسەبکات، بەبێ ئەوەی دەم بکاتەوە و تەنها لە ساتەوەختی دەرکەوتنەکانیدا، لاشەی قسەدەکات، لاشەی گوزارشت لە شتەکان دەکات. تەنانەت لەو کاتانەشدا کە دەیەوێت شتە هەرە تایبەتەکانی بشارێتەوە و تەنها لە «دڵی» خۆیدا بمێنێتەوە، هەلومەرجی

بابەتی وای لێدەکات کە ناپاکی لەخۆی بکات و لەڕێگای «جووڵانەوەکانی» لاشەیەوە، بیاندرکێنێت و پەردەیان لەسەر هەڵماڵێت.

ڕەنگە هەندێك پێیانوابێت کە زمانی لاشەی ژن پەیوەندی بە سروشتەوە هەیە و لەنێو سروشتدا لاشەی ژن بەشێوەیەك خەڵقکراوە کە لەو چوارچێوانەدا گوزارشت لەخۆی بکات. بەڵام ئەمە هەڵەیە، چونکە شوناسی زمانی لاشەی ژن، پێش هەر شتێك زمانێکی کۆمەڵایەتیە و لەنێو پەروەردەیەکی تایبەتدا دەقی گرتووە. دەکرێت لێرەدا ڕووبەری سیاسیی کوردستانی وەك نموونە وەربگرین. لەم ڕووبەرەدا لاشەی ژن و لاشەی پیاو لە دوو ئاستی جیاوازدا پێگەکان داگیردەکەن. لاشەی پیاو، نەك بەتەنها زۆرترین ڕووبەر داگیردەکات، بەڵکو باشترینیش داگیردەکات. سەرۆکی حیزب هەمیشە پیاوە (بێگومان باس لە دۆخی ئیستیسنائی ناکەین، ئیستیسناکان لێرەن بۆئەوەی قاعیدەکان بسەلمێنن نەك هەڵیانبووەشێننەوە)، سەرۆکی هەرێم هەمیشە پیاوە، سەرۆکی حکومەت هەمیشە پیاوە، سەرۆکی پەرلەمان هەمیشە پیاوە، زۆرینەی ڕەهای مەکتەبی سیاسی هەمیشە پیاوە، زۆرینەی ڕەهای سەرکردایەتی هەمیشە پیاوە! لەنێو حکومەتیشدا وەزارەتە گرنگەکانی وەك: ناوخۆ، سامانە سروشتیەکان، پێشمەرگە، هتد. هەمیشە لەدەستی پیاواندان. لەنێو حیزبدا سەرۆکی مەکتەبە سەرەکیەکانی وەك: ڕێکخستن، دارایی، پەیوەندیەکان، پێشمەرگە،... هەمیشە لەلایەن پیاوانەوە بەڕێوە دەبرێن. لەنێو ئەم ڕووبەرە سیاسیەدا، ئامادەیی ژن هەمیشە لە پێگە ناسکەکاندا تێبینی دەکرێت. لە حکومەتدا وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، لە حیزبدا کاروباری ڕاگەیاندن، شەهیدان، تاك و تەراش لە مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیدان و جار جارە بە ڕێکەوت دەکرێن بە سەرۆکی فراکسیۆنێك لە پەرلەمان.

هەموو ئاماژەکان دەمانبەن بەرەو ئەوەی کە ژن لە ژیانی سیاسی کوردستانیدا، زیاتر وەك دیکۆرێك بۆ جوانکردنی ناشیرینیەکان، بۆ نەرمکردنی زبریەکان، بۆ خاوکردنەوەی توندیەکان و لەهەندێك دۆخیشدا بۆ خۆدەرخستن وەك حیزبی «مۆدێرن» مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

ڕەگوڕیشەکانی ئەم دیاردەیە لەنێو جیهانبینی سیاسی حیزبی کوردستانیدایە کە هەر لە بناغەوە لەنێو هەژموونی «نێرینە»دا دروستبووە. کۆی لاشەی سیاسی حیزبی کوردستانی ڕووبەرێکی نێرینەیە. لە گریمانەی گەشتنی ژن بەم ڕووبەرە، کردنەوەی دەرگای ئەم ڕووبەرە لەلایەن ژنەوە، خواستی ژن بۆ داگیرکردنی چەند بستێك لە نێو ئەم ڕووبەرەدا، ئەو «فاکتە» نامۆیەیە کە لەسەرەتاوە جۆرێك لە «سەرگەردانی» لای نێرینەکان دروستدەکات، بۆیە بەخێرایی ستراتیژیەتەکانی کۆنترۆڵ ئامادەدەکەن.

لە جیهانبینی سیاسی حیزبی کوردستانیدا، ڕووبەری ئاسایی، شەرعی، بەڵگەنەویستی ئامادەیی هەمیشەیی ژن بریتییە لە جوگرافیاکانی وەك ماڵەوە، دایەنگە، قوتابخانە، پشتەوەی پیاو، خوارەوەی مەجلیسەکان، چێشتلێنان، قاپشۆردن، پاككردنەوە، ژووری نووستن، مناڵ دروستکردن،...! لێرەوە هاتنە دەرەوەی لەم جوگرافیانەدا وەك جۆرێکی تایبەت لە «ئینحراف/ڕێزپەڕی/لادان (دێڤیانس بە فەرەنسی)» وێنادەکرێت. لادانێك کە جیهانی نوێ پیرۆزبایی لێدەکات و حیزبی کوردیش بەناچاری دەرگای بۆدەکاتەوە، بەڵام دواتر لەژێر کارایی مێژووە کۆمەڵایەتیەکەیدا کۆنترۆڵی دەکات و وەریدەگێڕێتە سەر ستراتیژیەتی گرەو: گرەو لەسەر مۆدێرنبوون، لەسەر کرانەوە، لەسەر لایەنگری لە مافەکانی مرۆڤ، لەسەر دژایەتیکردنی جیاکاری،...!

بەدرێژایی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی حیزبی کوردستانی، وشیاری پیاو لەسەر ژن و تەنانەت وشیاری ژنیش لەسەر خودی خۆی لەنێو پرۆسێسێکدابووە کە بە «لاشەی منی ژن بۆ ئەویتر» ناسراوە. واتە لاشەی ژن موڵکی خۆی نییە، بەڵکو موڵکی ئەویترێکە کە پیاوە، لەپێناوی خۆیدا ناژی، بەڵکو لەپێناوی ئەویترێکدا دەژی کە پیاوە، لاشەی ژن ڕەهەندێکی «ئەکتیڤ»ی نییە، چونکە وەك «پاسیڤ»ێك بەدەوری لاشەی پیاودا دروستکراوە. لەنێو ئەم وشیاریەدا، چەند پیاوەکان «لاشەی منی ژن بۆ ئەوی پیاو» بە ئاسایی دەزانن، هێندەش خودی ژنان شانازی پێوەدەکەن، بەڕادەیەك کە لەهەندێك دۆخدا، ژن دەدۆزیتەوە کە، بۆ زیاتر خزمەتکردنی لاشەی پیاوەکەی، ئامادەیە ژنی دووەم و سێیەم و چوارەمی بەدەستی خۆی بۆ بێنێت و خودی خۆی ببێت بە «وەسیتی» فرە ژنی پیاوەکەی و ئەمەش وەك سەروەری و شانازی لە پانتاییەکانی دەرکەوتندا (ڕۆژنامە، گۆڤار، تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی، تەلەفزیۆن) باسبکات. من هیچ گومانم لە ڕاستگۆیی ئەم ژنانە نییە، چونکە دەزانم پەروەردەبوون لەنێو وشیاری «لاشەی منی ژن لە پێناوی ئەویتری پیاودا» ئەم جۆرە لە ڕوانین و پراکتیك دروستدەکات، واتە ئەوان ڕاستگۆن لەگەڵ مێژووی پەروەردەی کۆمەڵایەتیاندا و ناپاکی لێناکەن.

بەڵام کاتێك کە وشیاری ژنان لە کوردستاندا دەگۆڕێت و پێدەنێتە نێو پرۆسێسی سەرەتاکانی پەڕینەوە لە وشیاری «لاشەی منی ژن بۆ ئەویتر» بەرەو وشیاری «لاشەی منی ژن بۆ خۆمی ژن»، ئیدی هاوکێشەکان دەگۆڕێن و نێرینەکانی حیزب، حکومەت و ڕووبەری سیاسی بەگشتی ناچاردەبن کە دەست لە دەسکەوتە مێژووییەکانین هەڵبگرن و دەستکاری جیهانبینیەکانیان بکەن. بەڵام ئایا بەڕاستی لە کوردستاندا سەرەتاکانی ئەم پەڕینەوەیە دەستیپێکردووە؟ ئایا بەڕاستی ژنان پێیانناوەتە نێو وشیاری «لاشەی منی ژن بۆ خۆم»ەوە؟

پێش ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەمەوە، گوزەرێکی خێرا بەنێو دەستنیشانکردنی پێگەی ژن لەنێو ستراکتۆری خێزانی کوردستانیدا دەکەم و دواتر دەگەڕێمەوە سەر چۆنیەتی «موقاوەمەتی» ژنان لەبەرامبەر ئایین و حیزب و خێزاندا.

*** سۆسیۆلۆگ و مامۆستای زانکۆ لە پاریس**

**بێهودە نییە کە ژنی نێو حیزب، بەبێ ئەوەی قسەبکات، بەبێ ئەوەی دەم بکاتەوە و تەنها لە ساتەوەختی دەرکەوتنەکانیدا، لاشەی قسەدەکات، لاشەی گوزارشت لە شتەکاندەکات**

**ژن لە ژیانی سیاسی کوردستانیدا، زیاتر وەک دیکۆرێک بۆ جوانکردنی ناشیرینیەکان، بۆ نەرمکردنی زبریەکان، بۆ خاوکردنەوەی توندیەکان و لەهەندێک دۆخیشدا بۆ خۆدەرخستن وەک حیزبی «مۆدێرن» مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت**

**بەدرێژایی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی حیزبی کوردستانی، وشیاری پیاو لەسەر ژن و تەنانەت وشیاری ژنیش لەسەر خودی خۆی لەنێو پرۆسێسێکدابووە کە بە «لاشەی منی ژن بۆ ئەویتر» ناسراوە**